# دەستپێكی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن



فوئاد سدیق

هەرچەندە وادەی ڕۆژی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان، ڕێك دیاری نەكراوە، بەڵام خەریكە دەزگاكانی ڕاگەیاندن لە كوردستاندا، بە تەواوی دەستیان بە هەڵمەتی ڕاگەیاندن كردووە، لێرە مەبەست ئەوە نییە، دەزگاكانی ڕاگەیاندن بەشداری جیدی لەو هەڵبژاردنە نەكەن، بەڵكو ئەوەی دەمەوێ جەختی لێ بكەمەوە، نابێ ڕاگەیاندن هێندە خۆی بهێنێتە خوارەوە، كە هەمان ئەو قەوانانە لێبدات كە لە ساڵانی نەوەدەكان دەگوترا. ناشبێت دەزگاكانی ڕاگەیاندن فوو لە پشكۆی ژێر خۆڵەمێش بكەن و مەبەستیان بێت دۆخەكە بە جۆرێك گەرم بكرێت كە ئیتر كۆنترۆڵكردن لە دەست تەنانەت حكومەتی هەرێمیش دەربچێت. بەداخەوە ئەوەی تا ئێستا تێبینی دەكرێت بەرژەوەندییە نیشتمانییەكان تێكەڵ و پێكەڵ دەبن . بۆچوونی تەواو لەیەك جیا چەندی زۆر بێت ئەمە یەكێك لەو دەستكەوتە گرنگانەیە كە حكومەتی هەرێم توانیویەتی دابینی بكات و وەدیبهێنێ، بەڵام هەندێك پرانسیپ و بنەمای ئەخلاقی و نیشتمانی هەن پێویستدەكات هەموو لایەكمان لەسەری كۆك بین . ناكرێ جارێكی تر بەرژەوەندییە نیشتمانی و میللییەكانمان گورگان خواردی بكەین و لە پێناو بەرژەوەندی خۆمان هەموو كارێكی نا نیشتمانی قەبووڵ بكەین . گوڵان نەیشاردۆتەوە، بێ لایەن نییەو بێ لایەنیش نابێت لە هەر پرسێكدا كە چارەنووسی خەڵكی پێوە گرێدرابێت.....، بڕوا ناكەین هیچ ڕاگەیاندنێكیش لە كوردستان هەبێت بێ لایەن بێت، وەك دەڵێن هەر یەكەو بە یاری خۆیدا هەڵدەڵێت،بەڵام لە چوارچیوەی پرانسیپە نیشتمانی و ئەخلاقییەكان.

هەڵبژاردنی ئایندەی پەرلەمانی كوردستانیش یەكێكە لەو خاڵە گرنگانەی كە پەیوەندی بە چارەنووسی خەڵكی خۆمانەوەیە، بۆیە هەوڵدەدەین قسەی خۆمان هەبێت و ئامادەی هەموو دیالۆگێكیشین بەڵام دوور لە گفتوگۆیەك كە خەڵك بێزار بكات، بەڵكو ئەم پرسە پێویستی بە گفتوگۆیەك هەیە كە مەعریفە ببەخشێتە خەڵك، عەقڵانە گوزارشت لە خۆی و ركابەرەكەیشی بكات، سەردەمی ناو و ناتۆرە بۆ یەكتری دروستكردن دەبێت بە كۆتا بێت، نابێت جارێكی دیكە ئەم هەموو دەستكەوتانەی وەدەست هاتوون بیانخەینە ژێر پرسیارەوە، پرسیارێك لە نەشتەرگەرییەكی زۆر مەترسیدار بچێت.

گوڵان هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدابووە ئیرادەی گەلی كوردستان یەكگرتووبێت، حكومەتی هەرێم كاری باشتر و جیدی تر بكات، پڕۆژەكان لە كاتی جێبەجێكردنیاندا چاودێری توندتریان لەسەر بێت، بەرپرسەكان كەمتر بتوانن سوودی مادی لە دامەزراوەكەیان وەربگرن و نەتوانن بۆ مەبەستی شەخسی ئیستغلالی بكەن، پێویستە بۆشایی نێوان حكومەت و خەڵك بچووكتر بێتەوە، دەبێت گوێ لە گلەیی خەڵك بگیرێت، ناكرێت خەڵكی بە توانا فەرامۆش بكرێن و خەڵكێكی تەمبەڵی هیچ لەبار نەبوو، شوێنێك داگیر بكات، باشتر وایە هیچ بەرپرسێك ئەوەندە لە شوێنی خۆی نەمێنێتەوە، كە هەست نەكات ئەو شوێنە هی حزب یان هی حكومەتە، بەڵكو ئەوەندە لەمێژە لەو شوێنەیە.... وەكوو ماڵی خۆی لێكردووە، پێویستە زیاتر گفتوگۆ لەسەر سەقافەتی حوكم بكرێت، هەڵەیە حكومەتی نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ حوكمڕانێتی شەخسی نێچیرڤان بارزانی تێكەڵ بكەین، دوو شتی لەیەك جیاوازن، بەڵام كاتێك مالیكی دژی حكومەتی هەرێم دەوەستێ، یان كاتێك سووپای تورك سنووری هەرێمی كوردستان دەبەزێنێ، یان كەسێكی تا سەر ئێسقان تینوو بە خوێنی كورد دژی واقیعی حكومەتی هەرێم قسە دەكات، ناكرێت ئامانجی ئەو دوژمنانە لەگەڵ ئێمەی ڕاگەیاندن یەكبگرێتەوە، كاتێك لیستی حەدبا ئەو هەڵوێستە دوژمنكارانەی هەیە، خۆ بەرامبەر حكومەتی هەرێم نییە، بەڵكو بەرامبەر بە هەموو كوردە، ئەوە نییە دەیانەوێ یەك كوردیش لە ناو ناوەندی پارێزگای موسڵ نەهێڵن، كەچی دەزگای ڕاگەیاندن هەبوو دیماتەی دڵدار هەركی دەكرد بۆ ئەوەی قسە بە حكومەتی هەرێم بڵێ، وتیشی زۆری وت . ئەمە نابێ بكرێتە بنەمایەك بۆ دەستپێكی هەڵمەتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان، ئەم دەستپێكە تەواوی كارە باشەكانیش ناشیرین دەكات. ئۆپۆزیسیۆنیش دەبێت بەرنامەی عاقڵانەی خۆی هەبێت، چونكە وا بزانم هەموومان لەوە یەكدەگرینەوە، كە ئامانجمان باشتركردن و كاراكردنی حكومەت و پەرلەمانی كوردستانە، بێگومان ئەو ئامانجە هاوبەشە نەبێت، پێموایە ڕاگەیاندنیش بە ئاراستەی ناجۆردا دەڕوات، كە هیچ مایەی دڵخۆشی نابێت بۆ خەڵكی كوردستان.

# هەمواركردنی دەستوور لەنێوان مالیكی و كورد دا



فەیسەڵ دەباغ

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

تەنگژەكانی ئەم دواییە و لێدوانەكانی نوری مالیكی سەرۆك وەزیرانی عێراقی فیدراڵ و حكومەتی هەرێمی كوردستان، سروشتی ئەو كێشەیەمان بۆ رووندەكاتەوە كە لەسەر ئاستی عێراقدا هەیە.

ئەو كێشەیە هیچ پەیوەندییەكی بەشەخسی مالیكیەوە نییە، بەڵكو بەسروشتی ئەو واقیعە سیاسییەی كە لەعێراقدا جێگیر بوویتەوە و چەند كەس و لایەنێكیش ئەو واقیعەیان بۆ ئیستغلال كردووە و وا پیشانی مالیكی دەدەن كە لەمەسەلەی هەمواركردنی دەستوورو بەهێزكردنی دەسەڵاتی مەركەز لەسەر حیسابی دەسەڵاتی هەرێم و ئەنجوومەنی پارێزگاكان لەگەڵیدا هاوسۆزن.

ئەو كەس و لایەنانەی كە تادوێنێ توندترین هەڵوێستیان بەرامبەر بەسیاسەت و بۆچوونەكانی مالیكی دەنواند، كەچی ئەمڕۆ و رێك لەو مەسەلەیەدا لاگیری دەكەن و پێیانوایە بەو لاگیرییەی خۆیان دەتوانن یەكێتی عێراق بپارێزن.

زۆربەی هەرە زۆری ئەوانەی كە لەو مەسەلەیەدا لاگیری مالیكی دەكەن، لەبەر خۆشەویستیان نییە بۆ كەسایەتییەكەی، بەڵكو لەبەر ئەو گرێ نەفسییەو خۆباییەیە كە لەبەرامبەر كوردو هەرێمی كوردستاندا هەیانە، بۆیە بەرامبەر هەر ناكۆكی و گفتوگۆیەك سەبارەت بە مەسەلەیەك، جا ئەو مەسەلەیە بچووك بێت یان گەورە، یەكسەر دژە هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر بەهەڵوێستی كورد نیشان دەدەن و لەمەشدا لەهەر هەلێك و مینبەرێكدا پەنا دەبەنە بەر پەردەبۆشكردنی راستییەكان و دروستكردنی تۆمەتی جۆراو جۆر و تێكدانی وێنەی كورد لەناوەوەو دەرەوەدا.

رۆژ نییە مالیكی لەلێدوانەكانیدا ئاماژە بە هەمواركردنی دەستوور نەدات، دواترینیان ئەوە بوو كە گوایە ئەو دەستوورە بەپەلە دارێژراوە و رۆژ لەدوای رۆژیش كەموكوڕییەكانی ئەو دەستوورە بەدیار دەكەون، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بەدەسەڵاتی سەرۆك وەزیرانەوە هەیە كە بەقسەی خۆی دەسەڵاتێكی سنوردارە لەبەرامبەر ئەو دەسەڵاتە زۆرەی كە بە هەرێمەكانی داوە نەك هەر ئەمەو بەس، بەڵكو بەپێی قسەیەكی تری خۆی حكومەتی هەرێمی كوردستان زۆر بەسەر دەستووردا راچۆتەوە، بەتایبەتی لە مۆركردنی گرێبەستە نەوتییەكان لەگەڵ كۆمپانیا بیانییەكاندا و كردنەوەی نوێنەرایەتی لەچەند وڵاتێكدا، هەروەها ئاماژەی بە دەسەڵاتە گرێدراوەكەی كرد لەگواستنەوەی بەشێكی سوپای عێراق، بەتایبەتی بۆ چەند شارو شارۆچكەیەك كە جێی ناكۆكی مەركەزو هەرێمن، هەروا چەند ئیدیعایەكی تر كە حكومەتی كوردستان بەپشت بەستن بەراستییەكان و وەقائیع و ماددەكانی دەستوورەوە زۆر بەروونی وەڵامی مالیكی دایەوە.

ئەوەی گوترا، واپێویست دەكات كە هەموو عێراقییەكان وەك تاك و لایەن، بەتایبەتی ئەوانەی كەدەیانەوێ دەوڵەتی عێراق دەوڵەتی یاسا بێت و پارێزگاری لەسەروەرییەكەی بكرێت، زۆر بەروونی و لەچوارچێوەی ئەو پرەنسیپ و بنچینانەی كە لەدەستووری هەمیشەیدا هاتوون و دوورە لەسەنگەرگرتن و لاگیری كردنی لایەنێك لەسەر حیسابی لایەنێكی دیكە هەڵوێستی یاسایی خۆیان بەرامبەر ئەو تەنگژانە روون بكەنەوە، بەمەرجێ لەدیاریكردنی ئەو هەڵوێستە دەستوورو مادەكانی بكەنە حەكەم ئەویش لەڕێی ئەو خاڵانەوە:

١- سیستەمی فیدراڵی بە بنچینەی سیستەمی سیاسی دادەنرێ لە عێراقی نوێداو دەستووری هەمیشەیش لەیەكەم ماددەی خۆیدا دەڵێ ((كۆماری عێراق دەوڵەتێكی فیدراڵی یەكگرتووی سەربەخۆی خاوەن سەروەرییە، سیستەمی حوكمڕانی تێیدا كۆماری، پەرلەمانی و دیموكراسییە، ئەم دەستوورەش یەكپارچەیی عێراق دەپارێزێ)).

هەروەها ئەو دەقەی كە لەمادەی ١١٦ هاتووە كە دەڵێ ((سیستەمی فیدراڵی لەعێراقدا پێكدێت لە پایتەخت و هەرێمەكان و پارێزگا لامەركەزییەكان و ئیدارە ناوخۆییەكان)).

٢- هەرێمی كوردستان واقیعێكی دەستووری و یاسایی فیعلییە و هەر لەساڵی ١٩٩١ەوە، بوونی هەیە، واتە بەر لەدایكبوونی عێراقی نوێ، هەرێمی كوردستانیش نموونەیەكی سیاسی و ئابووری دیاری هێناوەتەدی، نەك هەر لەسەر ئاستی عێراق، بەڵكو لەسەر ئاستی وڵاتانی دراوسێ و هەموو جیهان و بەر لەرووخانی رژێمی پێشووش توانیویەتی پەیوەندی هاریكاری و نووسینگەی خۆی لەچەند وڵاتێكی جیهان بكاتەوە، بۆیە دەسەڵاتەكانی هەرێم و دەزگاكانی یاسایی و دەستوورین و بەنموونەیی دیارو خاوەن سروشتییەكی تایبەت دادەنرێ لە عێراقی كۆن و نوێدا.

لەمادەی ١١٧ی دەستووری هاتووە: ((یەكەم/ ئەم دەستوورە لەبەرواری پیادەكردنیەوە دان بەهەرێمی كوردستان و ئەو دەسەڵاتەی ئێستایدا دەهێنێ وەك هەرێمێكی فیدراڵی)).

هەروەها لەمادەی ١٤١ی هەمان دەستوور واهاتووە: ((كاركردن بەو یاسایانەی كە لەهەرێمی كوردستان لەساڵی ١٩٩٢ ەوە دەركراوە بەردەوام دەبێت، بەهەمان شێوە ئەو بڕیارانەش كارپێكراون كە لەحكومەتی هەرێمی كوردستان دراون، لەوانەش بڕیارەكانی داداگاو گرێبەستەكان ئەگەر هەموارنەكرابن یان هەڵنەوەشابنەوە

بەپێی بڕیارەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن پەیوەندیدارەوە، بە مەرجێك پێچەوانەی دەستوور نەبێت).

کار و خەباتێکی زۆر کراوە بۆ ئەوەی هەرێم بگاتە ئەو ئاستە لەسەقامگیری سیاسی و پێشڤەچوونی ئابووری و پاراستنی ئەمنییەت، بۆیە کەس بۆی نییە سەردەمەکە بۆ پاشەوە بگەڕێنێتەوە و هەوڵی ئەوە بدات دەسەڵاتەکانی ئەو هەرێمە کەم بکاتەوە کە دەستووری عێراق بڕیاری لەسەر داوە.

لە بڕگەی چوارەمی ماددەی ١٢٦ی دەستووردا ئاماژە بەوە دەکرێ کە: (نابێت هیچ هەموارکردنێك لەو ماددانەی دەستووردا ئەنجام بدرێت کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ئەو دەسەڵاتانەی هەرێمەکان کە ناکەونە سنووری دەسەڵاتە تایبەتەکانی حکومەتی فیدراڵەوە، تەنیا بە ڕەزامەندی دەسەڵاتی یاسادانانی هەرێمی پەیوەندیدار و ڕەزامەندی زۆرینەی دانیشتووانی لە ڕێگەی ڕاپرسی گشتییەوە).

٣- سیستەمی مەرکەزی و کۆکردنەوەی دەسەڵات بەدەست تاکە کەسێك، جا ئەوکەسە هەر کێیەك بێ یان هەر سیفەتێکی یان پۆستێکی هەبێ، لە عێراقی نوێدا ڕێ پێنادرێ و نایەتە قبوڵکردنیش بەتایبەتی کە ئێستا گەلەکەی لە کەشێکی ئازاد و فرە حزبی و ئاڵوگۆڕکردنی دەسەڵات و هەڵبژاردندا دەژی.

ماددەی ٦٦ی دەستوور دەڵێ: (دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنی فیدراڵی لەسەرۆك کۆمار و ئەنجوومەنی وەزیران پێکدێت و بەپێی دەستوور و یاسا دەسەڵاتەکانی پیادە دەکات).

٤- ناکۆکییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ شەخسی مالیکیدا نییە، بەڵکو لەگەڵ ئەو بیروبۆچوونەیدایە کە جاربەجار بڵاویان دەکاتەوە، واتە لەگەڵ کەسێکدایە کە دەیەوێ خۆی لە دەستوور بدزێتەوە و بڕیارەکانی پەك بخات کە زۆرینەی خەڵکی عێراق دەنگیان بۆ داوە، کە سەرەڕای هەموو خەوش و ئەو ماددانەی کە پێویستیان بە هەموارکردنە، لە چاو ئەو دەستوورانەی کە بە ئیرادەی کەسێك یان کۆمەڵە کەسانێك دەنووسران بڕیاریان لەسەر دەدرا، بەدەستوورێکی نموونەیی دادەنرێ.

٥- ڕەخنەگرتن لە دەستوور و داوای هەموارکردنی کارێکی ڕەوایە، بەڵام لە سنووری ئەو ماددە و بابەتانەی کە دەکرێ هەموار بکرێن و گفتوگۆیان لەسەر بکرێ، بەڵام بە هیچ شێوەیەك ناکرێ ئەو بنچینە و بڕیارانەی کە دەستووریان لەسەر بونیادنراوە هەموار بکرێن، وەك شێوەی سیستەمی سیاسی فیدراڵی و پێکهێنانی هەرێمەکان و سەردانەواندنی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن(حکومەت) بۆ هەر لێپرسینەوەیەك لەبەردەم ئەنجوومەنی نوێنەران و چەند بنچینەوە بڕیاری دیکەی سیستەمی سیاسی کە عێراقی نوێی لەسەر بونیادنراوە، چونکە لەو ڕووەوە دەبێ موراعاتی ئەو ڕێسایانە بکرێ کە دەستوور سەبارەت بە چۆنیەتی هەموارکردنەکە ئاماژەی پێکردوون.

لە بڕگەی دووەمی ماددەی ١٢٦ی دەستوور وا هاتووە کە: (نابێت ئەو بنەما بنەڕەتیانەی لەبەندی یەکەم و ماف و ئازادیانەی بەندی دووەم کە لەم دەستوورەدا هاتوون هەموار بکرێن، مەگەر پاش دوو خولی هەڵبژاردنی تر و بە ڕەزامەندی ٢/٣ی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران لەسەری و ڕازیبوونی گەل لە ڕێگەی ڕاپرسی گشتییەوە و پەسەندکردنی سەرۆك کۆمار لە ماوەی حەوت ڕۆژدا)، هەر بۆیە لە بڕگەی سێیەمدا وا هاتووە کە: (نابێت ئەو ماددانەی تر کە لە خاڵی دووەمی ئەم ماددەیەدا ئاماژەیان پێنەکراوە هەموار بکرێن مەگەر پاش ڕازیبوونی ٢/٣ی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران لەسەری و ڕازیبوونی گەل لە ڕێگەی ڕاپرسی گشتییەوە و پەسەندکردنی سەرۆك کۆمار لە ماوەی حەوت ڕۆژدا).

سەبارەت بە ڕێنەدانیش بە هەموارکردنی ئەو ماددە دەستوورییانەی کە لە دەسەڵاتی هەرێم کەم دەکەنەوە و ناکەونە سنووری دەسەڵاتە تایبەتەکانی حکومەتی فیدراڵییەوە، لەبەندی چوارەمی ماددەی١٢٦ زۆر بە ڕوونی ئاماژەی پێ کراوە کە دەڵێ: (نابێت هیچ هەموارکردنێك لەو ماددانەی دەستووردا ئەنجام بدرێت کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ئەو دەسەڵاتانەی هەرێمەکان، کە ناکەونە سنووری دەسەڵاتە تایبەتەکانی حکومەتی فیدراڵەوە، تەنیا بەڕەزامەندی دەسەڵاتی یاسادانانی هەرێمی پەیوەندیدار و ڕەزامەندی زۆرینەی دانیشتوانی لە ڕێگەی ڕاپرسی گشتییەوە).

کەواتە لە ڕوانگەی ئەو ماددە دەستوورییانە: ئایا دەکرێ سەرۆك وەزیران یان حکومەت لە وڵاتێکدا کە پەیڕەوی سیستەمی پاشایەتی دەکات وەك ئوردون یان دانیمارك داوای هەموارکردنی دەستوور و گۆڕینی شێوەی سیستەمی پاشایەتی بۆ کۆماری یان دەوڵەتێکی فیدراڵی بکات بە بیانووی کەمی دەسەڵاتی حکومەت؟

یان سەرۆك وەزیرانی دەوڵەتێکی کۆماری وەك تورکیا ئایا دەتوانێ داوای گۆڕینی ئەو سیستەمە بکات بۆ سیستەمێکی پاشایەتی وەڵڵا چی بە تا دەسەڵاتی پێ فراوان بکات؟

زۆر گرنگە ئەوە وەبیر بێنینەوە کە کەشی ئێستای ژیانی سیاسی لە عێراقدا غەیری ئەو کەشەیە کە دەستووری تێدا نووسراوە، تێبینی پاشەکشەیەك دەکرێ لەو پرنسیپ و ڕێککەوتننامەی کە جێی ڕێز و ڕێککەوتن بوون، وەك فیدراڵییەت.

ماددەی ١٤٠ نموونەیەکی زەقە لە پاشەکشەکردن لە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دەستوور، لە کاتێکدا ئەو ماددەیە چارەسەری ماف و چەند مەسەلەیەك دەکات کە پەیوەندییان بەو پارێزگایانەوە هەیە کە زیانبەخش بوون لەگشتی عێراقدا، وەك کەرکووك و مووسڵ و دیالاو واسیت و ڕومادی و کەربەلا کەواتە ئەو ماددەیە تەنیا بۆ کورد نییە، بەڵکو بۆ پارێزگاکانی دیکەشە کە ڕژێمی پێشوو دەستکاری سنوورەکانیانی کردبوو، بەڵگەش داواکاری چەند ڕۆژی ڕابردووی ئەنجوومەنی نوێی پارێزگای کەربەلا بوو کە داوای لە مالیکی کردبوو بۆ گێڕانەوەی ئەو قەزا و ناحیانەی کە کاتی خۆی سەر بەو پارێزگایانە بوون و خرابوونە سەر پارێزگای ئەنبار و ماددەی ١٤٠بێتە جێبەجێکردن.

**هەرێمی کوردستان واقیعێکی دەستووری و یاسایی فیعلییە و هەر لەساڵی ١٩٩١ەوە، بوونی هەیە ،واتە بەر لەدایکبوونی عێراقی نوێ بۆیە دەسەڵاتەکانی هەرێم و دەزگاکانی یاسایی و دەستووریں و بەنموونەیی دیارو خاوەن سروشتییەکی تایبەت دادەنرێ لە عێراقی کۆن و نوێدا**

**کار و خەباتێکی زۆر کراوە بۆ ئەوەی هەرێم بگاتە ئەو ئاستە لەسەقامگیری سیاسی و پێشڤەچوونی ئابووری و پاراستنی ئەمنییەت، بۆیە کەس بۆی نییە سەردەمەکە بۆ پاشەوە بگەڕێنێتەوە و هەوڵی ئەوە بدات دەسەڵاتەکانی ئەم هەرێمە کەم بکاتەوە**

## گفتوگۆیەکی هێمنانە

# سەبارەت بە هەڵبژاردن وەک ئامانج بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و هۆکار بۆ دیموکراسی



## بەکارهێنانی وشەی (ریفۆرم) بە دەلالەتی (رووخان) فاکتەری سەرەکی گەندەڵی سیاسیە و گۆڕینی ئاشتییە بۆ ئاژاوە

ئەگەر هەڵبژاردن وەك ئامانج بۆ کۆکردنەوەی دەنگ سەیر بکرێت، ئەوا پرۆسەی دیموکراتی دەبێتە هـۆکار بۆ چەواشـەکاری دەنگدەران و ئازادیـش دەبێتە هۆکارێـك بۆ پەنابردن بۆ هەمـوو وەسـیلەیەك تەنهابۆ ئـەوەی چەند دەنگێکـی زیاتر کۆبکەیتـەوە، بەڵام ئەگەر هەڵبژاردن هۆکارێك بێت بۆ ئامانجی بونیادی دیموکراتی و پاراستنی ئازادیەکان، ئەو کاتە ئەو هۆکارە بەو ئاراسـتەیە بە کاردەهێنرێت، کە زیانـی بۆ پرۆسـە دیموکراتیەکە نەبێت، لە هـەردوو حاڵەتەکەدا ئەگـەر هەڵبژاردن ئامانـج بێت و دیموکراتیش هـۆکار بێت یان بـە پێچەوانەوە،ئەوا لە هـەردوو حاڵەتەکەدا پرۆسەی گۆڕینی دەسەڵات روودەدات، هەتا ئەگەر ئەو پارتە، یان ئـەو هاوپەیمانێتییەی کە ئێستاش لە دەسەڵاتدایە، دیسان متمانەیان پێبدرێتـەوە، جۆرێـك لە گۆڕانـکاری لە هەیکەلـی پەرلەمان و کابینـەی وەزاری و بەرنامەی حکومەتدا دەکەن. بەڵام مەترسیەکە لەو خاڵەدا دەسـتپێدەکات، ئەگەر هەڵبژاردن ئامانـج بێت و دیموکراتی هـۆکار بێت، ئەوا کۆمەڵێك گۆڕانکاری بەسـەر ئەو چەمك و دروشمانە دێت کە لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا پروپاگەندەی پێدەکرێت و، پرۆسە دیموکراتیەکە و کەشـوهەوای ئازادی دەکاتـە هۆکار بۆ ئامانـج و ئاکامـی هەڵبژاردنەکە، هەربۆیە گۆرانکاری یان ریفۆرم مانا راسـتەقینەکەی خۆی لە دەسـت دەدات و دەلالەتێکی دیکەی لێدەخوێنرێتەوە ئەویش رووخانی دەسـەڵات و پرۆسە دیموکراتیەکەیە.

ئەوانەی بەو کەلچەرە سیاسـیەوە هەڵبژاردن دەکەنـە ئامانج، هیچ باکیـان بەوە نامێنێت، پرۆسـە دیموکراسـیەکە دەکەوێتە مەترسیەوە یان نە، باکیان بەوە نامێنێت ئاشتی بگۆڕێت بۆ ئاژاوە، سیسـتەم و دامەزراوە بگۆڕێت بۆ رەمەکیبوون و بەرەڵایی، ئاسـایش بگۆڕێت بـۆ توندوتیژی،کـە ئەم سنووربەندیەشـیان بە زاند ئیدی ئاسـاییە، ئـەو بنەمایەی ئەو پرۆسە سیاسیەی لەسەر بونیادنراوە بیروخێنن، سیستەمە سیاسیەکە بکەوێتە ناو فەسادێکی سیاسـیی ئەو تۆوە کە باردۆخەکە لە دەست دەربچێت و بە ئاسانی کۆنترۆڵ نەکرێتەوە.

ئـەم حاڵەتە بەتەنهـا لە کوردسـتاندا وەك دیاردەیەك سەریهەڵنەداوە، بەڵکو ئەم دیاردەیە دیاردەیەکی بـاوی دیموکراتیەکانی جیهانی سێیەم و دەوڵەتانی ئەوروپای دوای کۆمۆنیست و دەوڵەتانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشان و بەشی زۆری دەوڵەتانی ئەمریکای لاتین و زۆربەی دەوڵەتانـی ئەفریقیـا و دەوڵەتانی عەرەبی وئیسلامیشە) هۆکاری دەرکەوتنی ئەم حاڵەتە نائاساییە ئەوەیە، کەلچەری سیاسیی ئەو پارت و لایەنانەی دێنە ناو پرۆسەی دیموکراتیەکەوە، ناتوانـن بەرنامەیەکی رێکوپێك بۆ بونیاد یان پاراسـتنی پرۆسـە دیموکراتیەکە دابڕێژن، ئەمـەش وادەکات ئەو کەلچـەرەی هەڵمەتی هەڵبژاردنـی ئـەو لایانـەی پێڕێکدەخرێت، هـاودژی لەگەڵ خودی خۆی وەك حزب یان گرووپی سەربەخۆ و هەروەها لەگەڵ تێڕوانینی جەماوەر بۆ بەردەوامی پرۆسـە دیموکراتیەکە دروسـت بکات، لەم حاڵەتـەدا ئەو گرووپ و لایەنانـە دەکەونە دووریانـەوە، یان دەبێت تەسـلیمی ئەمری واقیع بـن، کە بە پەراوێز کراوی لە پرۆسـەکە دەمێننەوە لەبەر ئەوەی خاوەنی هیچ بەرنامەیەکی سیاسیی نیین، یان دەبێت شێوازێکی دیکە بگرنە بەر، کە دەکرێت بە چەند خاڵێك ئاماژەیان پێبکەین:

١- لەبـەر ئەوەی بەرنامەکەیـان بەتاڵە و بۆ بونیاد وپاراستنی دیموکراسی هیچی تێدانیە، هەوڵدەدات ئایدۆلۆژیەتەکەی بەو جۆرە بەکار بهێنیـت کـە ئامانجە راسـتەقینەکەی پێ بشارێتەوە.

٢- هەموو ئەوانەی بەم کەلچەرە سیاسیە دێنە ناو پرۆسـەکە، بانگێشەی ئەوە دەکەن،هەموو ئەو لایەن وپارتە سیاسیانەی ئێستا دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە، خیانەتیان لە گەلەکەیان کردووە.

٣- هەموو ئەوانەی ئێسـتا لە دامەزراوەکانی پەرلەمان و حکومەت کاردەکەن، دەسـەڵاتی خۆیان خراپ بەکار هێناوە وهەموویان گەندەڵن و دژی بەرژەوەندی گشتی کاردەکەن.

٤- بانگێشـە بۆ ئەوە دەکەن هەموو ئەوانەی لە دەسـەڵاتن وبەرپرسـیارێتیان هەیە دەبێت دەربکرێن ( وشەی دەربکرێن نەك بگۆڕێن) لە شوێنی ئەوان ئەو کەسانە دابنرێن، کە دەتوانن بە شێوەیەکی چالاك و کاریگەر کاربکەن.

٥- هەموویان لەم پرۆسـەیەدا ریفۆرم دەکەنە ئایدۆلۆژیـا، بەڵام پرسـیار ئەوەیە چۆن ئەو ئایدۆلۆژیایە دەچەسپێنن؟ شارەزایانی سیاسیی دەڵێن ئامانجیان چەسپاندنی ئایدۆلۆژیاکە نییە بەڵکو بە کارهێنانی ریفۆرمە وەك ئایدۆلۆژیا بۆ ئەوەی ئامانجی رووخاندنی دیموکراتی پێ جێبەجێبکەن.

ئەوانـەی ئەم خاڵانـە دەیانگرێتـەوە، هەر لەسەرەتاوە بە وشـەکانمان پەست دەبن، بەڵام ئەزموونەکانی جیهان پێمان دەڵێت، هەق نییە ئەو گرووپ و لایەنانە بەم قسـانە تورە بن، بەڵکو پێویستە بە هێمنی وەڵامی ئەو پرسیارە بـە جەماوەر بدەنەوە کە لێیان دەپرسـێت، ئایا لای ئێوە هەڵبـژاردن ئامانجە یان هۆکارە بۆ دیموکراتی؟ ئەگەر دیموکراسیش ئامانجیانە ئەوکاتە دەپرسین:

١- ئایا هیچ کام لەو گرووپ ولایەنانە دەتوانن هەتا ئێستا تەنها یەك بەڵگە پێشانی میللەتی خۆیان بدەن، کە کاریان بۆ دیموکراسی کردووە، بێگومان مەبەست لە کارکردن بۆ دیموکراسی ئەوەیـە، ئایا بـۆ میللەتی خۆیان باسـی ئەوەیان کردووە دیموکراسـی لە وڵاتانی تازە پێگەیشـتووی دوای دیکتاتۆریەت و شەڕی ناوخۆ چۆن بونیاد دەنرێت؟

٢- ئایا گەلی خۆیان هۆشـیار کردۆتەوە بەو ئاسـتەی ئەرك ومافی خۆی وەك هاوڵاتی لە سیسـتەمە دیموکراتیەکە بزانێت، یان بەس بانگێشـەیان بۆ ماف کـردووە و ئەرکەکانیان شاردۆتەوە؟

٣- ئایـا ئەوەندە بوێریان تێدابـووە بە گەلی خۆیان بڵێن، میکانیزمی پێشکەوتنی کۆمەڵ، هەر لە پێشکەوتنی کەلچەری سیاسی (نەك وەك ئەو وشـە جوانانەی ریفۆرمخوازەکان بۆ گەلی خۆیانی بە کاردەهێنن و بە هۆشیاری سیاسیی گەلی خۆیان دەڵێن- گەوجسیاسیی-) ئایا ئاسـتی هۆشیای سیاسـیی میللەتێك بەوئاسـتەیە وەك ئێوە ئەو رێـزە لە میللەتی خۆتـان دەنێن، دەتوانێت هاوشـانی هەنگاوە مۆدێرنەکانی ئێوە هەنگاو هەڵبگرێت؟

ئەمانە دەکەینە دەسـپێکی ئـەو راپۆرتە بۆ ئەوەی پەردە لەسـەر هەندێـك لەو چەمکە خراپانە لابدەین، کە ئیرادە و هۆشـیاری ئەو گەلەی سـەدان سـاڵە لە ژێر زوڵم و زۆری داگیرکـەرە یەك لـە دوایەکانـدا چۆکی دانـەداوە و هـەر بە زیندوویێتـی ماوەتەوە،. بەرگیرکردنیشە لەو دەستدرێژییەی بە ئاشکرا دەکرێتە سەر کەرامەتی میللەتێك و رۆژانە،( بێگومان لە درێژەی ئەو راپۆرتە ئەو بەڵگانە دەخەینە روو کە راسـتی ئەو قسـانەمان بۆ دەسـەلمێنێت و دەرگای وتوێژە هێمنەکەشمان بە کراوەیی دەهێڵینەوە)بە گەوجسیاسـیی ناو

زەدی دەکــەن، کە ڕۆژانە بە ناوی ئازادییەوە، ئیهانەی ئازادییەکان دەکەن، کە هەموو ساتێك بۆ شــەڕی دژە دیموکراســی و بونیادنەوەی دیکتاتۆریــەت لە پێناوی حەزێکی شــێتانە وخەو بینین بە سۆپەرمانەوە،ســازو ئامادەی دەکەن.

ئــەم راپۆرتە ناچێتە ئەو بــەرەی بەرگری لەلایەك دژی لایەکی دیکە بکات، بەڵکو ئەم راپۆرتە راستەوخۆ لەگەڵ تێکرای هاوڵاتیانی کوردستان دەکەوێتە وتوێژ و، پرسیار لە خۆی و لــە هاوڵاتیان دەکات.، چۆن هەموو پێکەوە پرۆســە دیموکراتیەکەمان بەرەو پێشەوە بەرین و بیپارێزین؟، بەڵام لەبــری هاوڵاتیان وەڵام ناداتەوە، وەڵامــەکان بە جێدەهێڵێت بۆ ویژدان وتێروانینی هاوڵاتیان،هەربۆیە لەو پرســیارەوە دەستپێدەکەین، ئایا ریفۆرم بە هەنگاوی دژی ئاشــتی و دژی یەکگرتنی ئیرادەی گەل و شکاندنی پەنجەکان دەست پێدەکات؟

## بەرنامەی ریفۆرم و تێکشکاندنی ئیرادەی ئاشتی

* کاتێك ئەوراپۆرتە دەنووســین و ناکرێ خۆ لەو راستییە بشارینەوە کە ئەو هاوپەیمانییەی لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان ویەکێتی نیشتمانی دروستیکراوە،لەســەر ئاستی زۆر گەورە، بۆتە ئاکامی ئاشتی وگەشەسەندن و پەرەپێدان لە هەرێمی کوردستان،کە پرۆسەی ئەو گەشەســەندنەی هەرێمی کوردستان زۆر بەرچاوترە لە بەشەکانی دیکەی عێراقدا.

The coalition built between the KDP and PUK has resulted in greater levels of peace and prosperity for the Iraqi Kurdistan than for the rest of Iraq

با لێرەوە پرســیارێك بوروژێنین، بۆچی بەرێز نەوشیروان مســتەفا دژی ئیرادەی ئاشتی و ئەو گەشەسەندن و دیموکراسییە کە هەرێمی کوردســتان بەخۆوەی بینیوە، لێرەوە ئاماژە بۆ ئەو خاڵانەی خوارەوە دەکەین :

١- کاك نەوشیروان مستەفا، پێش ئەوەی هەردوو ئیدارە بە پراکتیکی یەکبگرنەوە و حکومەتی یەکگرتــووی کوردســتان رابگەیەنرێت، لە دیمانەیەکــی تایبەت بە هەفتەنامەی گوڵان ئەوەی درکانــد و وتی(دووئیدارەی ئەکتیف لە حکومەتێکــی نائەکتیف باشــترە) واتە پێش ئــەوەی یەکگرتنەوەی هــەردوو ئیدارە رابگەیەنرێت، ئەو نیەتی هەبووە بێ متمانەیی لەسەر یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە لە چوار چێــوەی حکومەتێکی یەکگرتوودا دروســت بکات.

٢- لەدوای یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەشەوە راستەخۆ دژایەتی خۆی بۆ ئەم یەکگرتنەی پارتی ویەکێتی پیشانداوە و،بەبیانووی ئەوەی لە یەکێتی جیابۆتەوە، کە هەتا ئێســتاش بە لێدوانی تایبەتی خۆی بۆ گوڵان رایگەیاندووە (کــێ باوەڕم پێــدەکات بڵێــم یەکێتی نیم).

کەواتە دەسپێکی پرۆژەی ریفۆرمی نەوشیروان مســتەفا بە دژایەتیکردنی ئەو خواســتەی خەڵك دەستپێدەکات کە یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی ســلێمانی و هەولێر بــووە، هەربۆیە کاتێــك نەیتوانی زیاتر دژی ئەم خواســتەی خەڵکی کوردستان بە ئاشکرا رابوەستێت، کەوتە بانگێشــەی ئەوەی ئەوانەی لەم حکومەت و پەرلەمانە دەسەڵاتیان هەیە و بەرپرسیارێتیان هەیــە، هەموویان خائینن و دەســەڵاتەکانی خۆیــان دژی ئیــرادەی گەلی کوردســتان وبەرژەوەندی کوردستان بەکاردەهێنن.

٣- کە زانی بە دژایەتیکردنی ئاشکرای بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو ئیــدارەی حکومەتی هەرێمــی کوردســتان، خەڵــك لــە دەوری کۆنابێتەوە، خۆی خستە سەنگەرێکی دیکە.

ئەوەتا لــە ڕۆژی ٢٠٠٩/٤/٢٣ لە ســایتی ســبەی نووســیویانە هەتا ئێســتا هەر دوو ئیدارەیە، لەبەر ئەوەی هەردوو وەزارەتی دارایی یەکینەگرتۆتەوە، هەموو کەســێکیش دەزانێت هۆکاری دواکەوتنــی یەکگرتنەوەی هەردوو وەزارەتــی دارایی بۆ دواکەوت، ئێســتا بەرێز وەزیری هەرێم بــۆ کاروباری دارایی کارەکان بەرێوە دەبــات، هەتا بەرێز وەزیری دارایی لە چارەسەر لە دەرەوەی هەرێم دەگەڕێتەوە.

٤- کۆمپانیای وشــە کە بەرێز نەوشــیروان مســتەفا بەرپرســی یەکــەم و ئەخیری ئەو کۆمپانیایەیــە !! بــە ئاشــکرا بەبێ ئەوەی هیــچ رێزێك بۆ گەلەکەی دابنێت، لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٤/٢١ بــە مانشــێتێك لــە لاپەرەی یەکەمی رۆژنامەی رۆژنامە نووسیویەتی ( ٢ راوێژکاری پێشــووی ئەمریکا لە عێراق: پێویستە ئۆباما پشــتیوانی ریفۆرم بکات لە هەرێمی کوردســتان) ئەمەیــان بۆیە کردۆتە مانشــێتی لاپەرەی یەك، لەبەر ئەوەی رووبیان نایەت بنووســن مایکل رۆبــن بەکرێگیراوی ژەنەراڵەکانی تورکیا، ئێمە وەك ریفۆرم بەباش دەزانێت، سەیرەکە لەوەدایە،بەکرێگیراوێکی وەك مایکل رۆبن بە راوێژکاری ئەمریکا پیشانی رای گشتی دەدەن.

٥- کەواتە غەدر لە کاك نەوشــیروان ناکەین ئەگەر بڵێین، لێرەدا (نەوشــیروان مستەفا و مایــکل رۆبن) یەك ئامانجیــان هەیە، رۆبن نەیشــاردۆتەوە دژایەتی ئــەو بۆ یەکگرتنی پارتی ویەکێتی و بارزانی وتاڵەبانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردســتانی لێدەکەوێتەوە، بۆیە وەك پارێزەرێکــی ژەنراڵەکانــی تورکیــا و دوژمنێکی سەرســەختی کــورد هەوڵدەدات، بارزانــی وتاڵەبانی لەســەر ئاســتی جیهان ناشیرین بکات، تەنانەت لەترسی ژەنەراڵەکانی تورکیا، لەو قســانەش پەشیمان بۆتەوە کە لە دیمانەیەکدا لەگــەڵ یەکێك لە رۆژنامەکانی کوردســتان ئەنجامیدا بوو، پاشان رۆژنامەی حوریەتی تورکی هەواڵێکی لێ دروستکردبوو بەناونیشــانی ئــەوەی (مایــکل رۆبین: لە هەرێمی کوردســتان ئاشــتی وسەقامگیری بەردەوامــە، لە ناوهەواڵەکەشــدا ئاماژە بەوە کــراوە کــە مایــکل رۆبیــن گوتوویەتی : هەرێمی کوردســتان و ئەمریکا بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە، بۆیە هاوپەیمانی کوردستان لە هاوپەیمانی تورکیا بۆ ئەمریکا گرنگترە) ئەم پیاوە بەکرێگیراوە، کە ئێســتا رۆژنامەی رۆژنامــە وەك راوێژکارێکــی ئەمریکی لە عێراق بە هاوڵاتیانی کوردســتانی پیشاندەدا کە بەمجــۆرە بە فاکس لە لــە نۆڤەمبەری ٢٠٠٦ بــۆ سەرنووســەری رۆژنامــەی حوریەت( Ertugrul Ozkok ) نووسیوە و تیایــدا دەڵێــت: ئەو دیمانەیە بــە ئیمێل وەڵامــم داوەتەوە و ئــەوەی بڵاویانکردۆتەوە هــەر هەمــووی پێچەوانەیە،گرنگــە کورد خۆی بڵێــت ئێمە هاوپەیمانــی ئەمریکاین، بەڵام ئەگەر ســەبارەت بە واقیعی کوردستان بیربکەینەوە دەبینین هەموو شــت پێچەوانەیە، ئەمریکا متمانەی بە ســەرکردە سیاسیەکان نەماوە، هەرێمی کوردستان پەناگەی تیرۆرە (مەبەســتی بوونی چەکدارانــی پەکەکەیە) بێگومان سەرنوسەری حوریەت زۆر بەجوانی شــێوازی هاتنی فاکسەکەی ئاماژە پێکردووە و دەقی فاکسەکەشی بە پێشەکیەکی خۆیەوە بڵاوکردۆتەوە بۆیە ئێمە نامەنوێت تەواوی ئەو فاکسە ئاست نزمەی رۆبین بکەین بە کوردی تەنها لینکی ئەو ماڵپەرە ئاماژە پێدەکەین کە تیابڵاو کراوەتەوە:

http://hurarsiv.hurriyet.com.tr/goster/haber.aspx?id=5440734&tarih=2006-11-21))

بۆ ئەوەی هاوڵاتیانی کوردســتان بزانن ئەو راوێژکارەی بەرێز نەوشــیروان مســتەفا بە

**ئەم راپۆرتە ناچێتە ئەو بەرەی بەرگری لەلایەک دژی لایەکی دیکە بکات، بەڵکو ئەم راپۆرتە راستەوخۆ لەگەڵ تێکرای هاوڵاتیانی کوردستان دەکەوێتە وتوێژ و، پرسیار لە خۆی و لە هاوڵاتیان دەکات.، چۆن هەموو پێکەوە پرۆسە دیموکراتیەکەمان بەرەو پێشەوە بەرین و بیپارێزین؟**

Enabling Kurdish Illusions
By Michael Rubin
Posted: Monday, March 12, 2007

ARTICLES
The Weekly Standard
Publication Date: March 19, 2007


Resident Scholar Michael Rubin

Speaking before the Senate Appropriations Committee on February 27, Secretary of State Condoleezza Rice stepped into a diplomatic minefield when she referred to the Iraqi-Turkish frontier as "the border between Turkey and Kurdistan." Turkish newspapers and television across the political spectrum condemned her remarks. Prime Minister Recep Tayyip Erdogan characterized her statement as "wrong" and said that Turkey, at least, remains committed to Iraq's territorial

خەڵکی کوردستانی دەناسێنێت، چماڵێکە !.

٦- مایکل رۆبن پێش ئەوەی لەگەڵ باڵی ریفۆرم و نەوشیروان مستەفا ببێت بە هاوپەیمان، بەمجۆرە دژایەتی ئەزموونی هەرێمی کوردستان و پارتی ویەکێتی وتاڵەبانی وبارزانی دەکرد:

أ- لە رۆژی ٢٠٠٧/٢/٢٧ لەبەردەمی سەناتی ئەمریکا رەخنەیەکی توند لە بەرێز کۆندالیزا رایس گرت کە گوتبووی سنووری نێوان کوردستان وتورکیا، رۆبین وەك پارێزەرێکی ژەنەراڵەکانی تورکیا ئاماژە بەوەدەکات میدیاکانی تورکیا ئەمەیان وەك هەڵەیەك بڵاو کردۆتەوە و رەجەب تەیب ئەردۆگان لە لێدوانی خۆیدا گوتوویەتی رایس هەڵەی کردووە و ئاماژەی بەوەکردووە تورکیا پابەند دەبێت بە یەکێتی خاکی عێراقەوە،لەگەڵ ئەوەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئاماژەی بەوەکردووە ئەو قسەیەی رایس هەڵەی زمان بووە، بەڵام تورکەکان نیگەرانن.

ب- ئەو بەرنامەیەی لیسلی گلبی سەرۆکی ئەنجوومەنی پەیوەندیەکانی دەرەوە و جۆزیف بایدن بۆ فیدرالیەتی عێراق باسی دەکەن، بەوەی ناتوانرێت بێجگە لە رێگە چارەی فیدرالیزم پەنا بۆ رێگەیەکی دیکە ببرێت لە عێراقدا، راستە فیدرالیزم باشە، بەڵام فیدرالیزم نەك هەرێمێکی کورد و هەرێمێکی سونە و هەرێمێکی شیعە، لەبەر ئەوەی بەم شێوازە ئاسایش دروست نابێت بۆیە باشترە فیدرالیزم لەسەر ئاستی پارێزگاکان بێت.

ت- سەرۆك بارزانی وسەرۆکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان( جەلال تاڵەبانی کە ئێستاسەرکۆماری عێراقیشە،ئەو مافەیان بە خۆیان داوە ملیشیاکانیان بمێنێتەوە( مەبەست هێزی پێشمەرگەی کوردستانە)و رێگە نادەن هێزەکانی سوپای عێراق لە کوردستان بڵاوببنەوە،

ث- هەتا ئێستا هەرێمی کوردستان نوێنەرایەتی خۆی لەدەرەوە هەیە.

ج- رادیۆ وتەلەفزیۆن و رۆژنامەکانی کوردستان زۆر جار ئاماژە بە کوردستانی عێراق دەکەن بە( کوردستانی باشوور ) ئەمەش واتە بەشێکی گەورەی تورکیا پێویستە پێی بڵێین کوردستانی باکور، بە قامیشلۆش لە سوریا بگوترێت کوردستانی رۆژئاوا.

ح- ئەو ئاڵا کوردییەی کە بارزانی بریاریداوە لە کوردستان هەڵبکرێت، هەمان ئاڵاکەی کۆماری مهابادە.

خ- لە چاپخانەکانی کوردستان ئێستا ئەو نەخشانە چاپدەکرێت و لە بازاڕەکانی سلێمانی وهەولێر دەفرۆشرێن،کە تیایدا ئاماژە بۆ کوردستانی گەورە دەکات و دەریای سپی ناوەراست بە کەنداوەوە گرێدەداتەوە.

بێگومان ئەم وتارەش درێژە و رۆژی ٢٠٠٧/٣/١٩ لە ویکلی ستاندەر بڵاو کراوەتەوە کە ئەمە لینکەکەیەتی
(http://www.meforum.org/1670/enabling-kurdish-illusions)

**دوای دەرکەوتنی باڵی ریفۆرمی نەوشیروان مستەفا**

**مایکل رۆبین هەرێمی کوردستان بەمەترسی نابینێت**

لە دوای دەرکەوتنی باڵی ریفۆرم بە سەرکردایەتی بەڕێز نەوشیروان و دژایەتی نەوشیروان مستەفا بۆ ئەزموونی کوردستان وهەوڵە بەردەوامەکانی بۆ ناشیرینکردنی پارتی و یەکێتی، ئیدی مایکل رۆبین هەرێمی کوردستان بەو مەترسیە نابینێت کە پێشتر لەبەردەم سەناتی ئەمریکا هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوە بوو کە رێگە لەوە بگرێت دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دانەمەزرێت.

لەوانەیە هەندێك لەوانەی خۆیان بە هەواداری باڵی ریفۆرم دەزانن، ئەم قسانە بە دژایەتی باڵی ریفۆرم یان بەڕێز نەوشیروان مستەفا سەیر بکەن، بەڵام راشکاوانە پێیان دەڵێین ئەم قسانە بەڵگەن، راستە لەوانەیە ئەوانەی بەم ئاراستەیە تا ئێستا کاریانکردووە و هەموو هەوڵەکانیان بەو ئاراستەیە وەرچەرخاوە کە دوژمنانی کورد

**مەترسیەکە لەو خاڵەدا دەستپێدەکات، ئەگەر هەڵبژاردن ئامانج بێت و دیموکراتی هۆکار بێت، ئەوا کۆمەڵێک گۆڕانکاری بەسەر ئەو چەمک ودروشمانە دێت کە لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا پروپاگەندەی پێدەکرێت**

خەونی پێوە دەبینن، بەڵام هێشتاش بە بەریەوە ماوە، دەبێت پێش ئەوەی سووکایەتیکردن بە میللەتی خۆمان بمانگەیەنێتە ئەو ئاستەی دوایی پێمان راستنەکرێتەوە، پێش ئەوە کە ئاکامی سیاسەتی هەڵە و خەونی خۆ بەزلزانین هەموو ئامانج ودەسکەوتی میللەتەکەمان بکات بە قوربانی خەوێکی شێتانە، دەبێت هۆشیاربینەوەو رێگە لە ئاکامە خراپەکانی ئەو هەنگاوانە بگرین، کە ئەم ئاراستەیە بەرەو رووبمان دەبات.دەبێت هەموو ئەو پرسیارانە لە خۆمان بکەین و بەدوای وەڵامە راستیەکان بکەوین:

١-ئایا ئەگەر کورد هاوپەیمانی ئەمریکا لە دەست بدات و بێ پشت وپەنا بمێنێتەوە بەرێز نەوشیروان مستەفا چ قازانجێك دەکات؟ یان ئایا لەدیدی بەرێزیەوە کورد چ قازانجێك دەکات؟

٢- رۆژنامەکەی بەرێز نەوشیروان مستەفا لەو کاتەی تورکیا هێرشی دەکردە سەرکوردستان بە مانشێتێکی گەورە دەینووسی،( هێزی پێشمەرگە شەڕی تورکیا بۆ پارتی ویەکێتی ناکات) پرسیار ئەوەیە ئەگەر هێزی پێشمەرگە نەتوانێت شەڕ بکات و بەرگری لە سەروەری هەرێمی کوردستان بکات، ئایا بە داگیرکردنی کوردستان خۆی چ قازانجێك دەکات و میللەت چ قازانجێك دەکات؟

## ئایا گەندەڵی بە کودەتا و رووخان چارەسەر دەکرێت؟

٣-چواندنی پەرلەمان وحکومەتی هەرێمی کوردستان بە پەرلەمان وحکومەتی عێراق،لە کاتێکدا پەرلەمانی عێراق ماوەیەکی دوور درێژ تەنانەت نەیدەتوانی سەرۆکێك بۆ خۆی هەڵبژێریت، حکومەتیش وەك بەرێز د.عومەر عەبدولستار ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی ئیسلامی لە لێدوانێکی تایبەتدا بە گوڵان رایگەیاند، ئەسڵەن حکومەتی عێراق سیفەتی حکومەتی لە خۆی داماڵیوە و لەبری ئەوەی ئەنجوومەنی وەزیران کاروبارەکانی حکومەت بەرێوە بەرێت، کۆمەڵێك راوێژکاری د.نوری مالیکی کاروبارەکان بەرێوە دەبات پرسیار ئەوەیە، ناشیرینکردنی پەرلەمان وحکومەتی کوردستان بەو ئاستەی پەرلەمان وحکومەتی عێراق باشترە، پرسیار ئەوەیە ئایا کێ سوودمەند دەبێت لەم نائومێدکردنەی خەڵکی کوردستان؟

٤-رای گشتی کوردستان و دۆست وهاوپەیمانانی و تەنانەت دوژمنانیش، گەیشتوونە ئەو قەناعەتەی تەنها هۆکارێك



کە ئەم هەڵە مێژوویە لەدەستی کوردبدات، ناتەبایی پارتی ویەکێتی و لاواز بوونی پارتی ویەکێتی یە، تەنانەت مەلا کریکار کە داوا دەکات دەنگ بە لیستی نەوشیروان مستەفا بدرێت، دەڵێت دەنگ بدەن بە نەوشیروان مستەفا بۆ ئەوەی پارتی ویەکێتی نەمێنن، مەلا کرێکار مەبەستی ئەوەیە دەنگبدەن بە نەوشێروان بۆئەوەی ئاشتی وسەقامگیری لە کوردستان نەمێنێت و زەمینەیەك بێتە ئاراوە کە ئیمارەتی تاڵیبان لە کوردستان دروستببێتەوە. ئایا هێنانەدی خەونی مەلا کرێکار و دوژمنانی کورد چ سوودێکی بۆ بەرێز نەوشیروان مستەفا هەیە؟

٥-بانگێشە بۆ نەمانی حزب و جیاکردنەوەی حزب لە دەسەڵات، ئایا جێگرەوەکەی چییە؟ ئایا نەمانی فرە حزبی هەنگاو هەڵگرتن نییە بۆ دەرکەوتنی سەرکردەی پۆپۆلیستی؟ ئایا تەنها بەیەك وتار هەتا ئێستاچ کاك نەوشیروان وتەنانەت تێکرای کۆمپانیاکەی ( وشە) ئەم مەترسیەی بۆ گەلی خۆی ئاشکرا کردووە؟ ئایا بە گەلی خۆی وتووە سەرکردەی پۆپۆلیستی پەیوەندی بە باش وخراپی سەرکردە سیاسیەکان نییە، بەڵکو دیاردەی پۆپۆلیستی دژی پرۆسەی دیموکراسیە؟ ئایا بە گەلی خۆی وتووە دیگۆل وجۆرج واشنتۆن

راستە دژی حزبی سیاسیی بوون.،بەڵام حزبی سیاسیی بۆ رێگرتن لە فەسادی سیاسیی دروست بوو؟

٦- ئایا هەتا ئێستا بەرێز نەوشیروان مستەفا و کۆمپانیاکەی کە لە ١٠ وشەدا،دوو وشەی گەندەڵی وەك دارچینی پێوە دەکات، ئایا بە یەك وتار مەترسی فەسادی سیاسیی دژی سیستەمی سیاسیی کوردستانی باسکردووە؟

٧-ئایا هاتووە نموونەی سەرکەوتووی پەرەپێدانی دەوڵەتانی سەرکەوتوو لە بواری ئابووری پیشانی گەلەکەی خۆی بدات، گەلەکەی بەو ئاستە هۆشیار بکاتەوە چۆن لەگەڵ دیاردەی گەندەڵی و قەڵاچۆکردنی ئەم دیاردە ترسناکە رووبەروو ببێتەوە؟ ئایا گەندەڵی بە کودەتا و رووخان چارەسەر دەکرێت؟

٨- ئەم شێوازەی کۆمپانیای وشە بۆ ململانێ پیادەی دەکات،ئایا تائێستا توانراوە نموونەیەکی سەرکەوتووی ئەم شێوازەی خۆی لە جیهاندا وەك نموونە بهێننەوە کە سەرکەوتوو بووبێت؟ با روونتر بڵێین ئایا گەلانی دیموکراتخواز جارێکی تر رێگە دەدەن دیاردەی پۆپۆلیستی سەرهەڵبداتەوە؟ بێگومان نەخێر...هۆکارەکەشی روونە، دەکرێ ئەمە بکەینە بناخەی گفتوگۆیەکی هێمنانەو ئاقڵانە، بۆئەوەی لەو



هەڵمەتی هەڵبژاردنەی کە بەرێوەیە، بتوانین بەرچاوروونیەك بۆ خوێنەرانی هەردوولامان دروست بکەین ...چونکە ئەوانەی بە خەبات و تێکۆشان و قوربانیدان سەرکردەی پۆپۆلیستیان دروستکرد و وڵاتێکی پڕ لە قوربانی لە پشت کورسی دەسەڵاتەکەیەوە بوو، ئیستیغلالی ئەو قوربانی و لەخۆبووردووییەی میللەتیان کردو دواتر هەر لە لایەن ئەو خەڵکەی خەباتی بۆ هاتنە سەرکاری ئەویاندەکرد، هەر ئەو خەڵکە جارێکی تر کەوتەوە خۆ رێکخستنەوە بۆ تەفروتوناکردنی لەسەر دەسەڵات...ئێستا خەڵکی کوردستان ئەزموونێکی فرەی لە سەرکردە پۆپۆلیستەکانی دونیا لەبەرچاوەو بۆیە سوودی لێوەرگرتووە و لۆجیك ئەوە قبوڵ ناکات کوردستان سەرکردەیەك بە سندووقی دەنگدان دروست بکاتەوە کە جارێکی دیکە دیکتاتۆرێك بکاتەوە حاکم بەسەر خۆیدا.

٩-ئایا هاتووە بە هاوڵاتیانی کوردستان بڵێت، ئەو دیاردە گەندەڵیەی لە کوردستان هەیە دەرهاویشتەی کۆمەڵێك هۆکارە،هەر هۆکارێك پاکانەی خۆی هەیە؟ بۆیە بە تەنها کەسێك یا بە تەنها دامەزراوەیەکیش چارەسەرناکرێت و پێویست بە هوشیارکردنەوەو هاوکاریکردنی هەمولایەکە بۆ ئەم چارەسەرکردنە، ئینجا پێویست بە ئیجرائات وەرگرتن دەکات بۆ نەهێشتنی دیاردەی گەندەڵی .چونکە لە خودی ئەو کرمپانیایەی کاك نەوشێروانیشدا، رەنگە ئەو موعاناتە هەبێت، کە زۆر جار دەکەونە بەر ئەمری واقیعەوە، ئەمەش بە بەڕێز نەوشێروانیش چارەسەر ناکرێ، بۆ؟ چونکە واقیعی کۆمەڵایەتی هیچ کام لە گەلانی دونیا نە بە بڕیارێکی سیاسی چارەکراوە نە بە ماوەیەکی زۆر کورت وەك دەڵێن (بین اللیلە والضحاها) چارە کراوە، بەڵکو ئەوە ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگایە دەتوانێ گرفتی گەندەڵی بەرەو ئاراستەیەکی دیکە وەرچەرخێنێ .ئەوە ئەرکی کۆمپانیای وشەو هەموو دامەزراوەیەکی سیاسی،کۆمەڵایەتی، ئابووری ...هتدیە بەشداری جیدی لەو پرۆسەی هوشیارکردنەوەی خەڵکە کردووە، یان زیاتر ویستوویەتی ئیرادەی یەکگرتوویی کوردستان پارچە چارچە بکات و ئەو ئیرادەیە بخەسێنێ.

ئەمانەو چەندین پرسیاری دیکە پێویستیان بە وەڵام و گفتوگۆ هەیە، گفتوگۆش باشترین رێگایە بۆ دڵنیا بوونی جەماوەر.ئەمە نە بەو مانایەیە کە لێکدانەوەی خراپ بکرێت، بەڵکو بەو مانایەیە کە دوو بۆچوونی جودا دوو هەڵوێستی سیاسی پێکناکۆك پێویستی بە گفتوگۆی سیاسیانەی عاقڵانەی هاوچەرخ هەیە، بێ ئەوەی لایەك بوختان بۆ لایەك دروست بکات، بێ ئەوەی بچینە سەر هەندێ قسەی بێ مانا کە زەوقی خوێنەریش بکوژێن لە خوێندنەوەی، با لێرەوە رچەیەك بکەینەوە، خوێنەر خۆی تێدا بدۆزێتەوە و پەرۆشی ئەو بۆچوونە جیاوازانە بێت کە کەوتوونەتە نێو پرۆپاگەندەی هەڵبژاردنەوە. ئەوە ئەرکی ئێمەیە(کە دەڵێین ئێمە، واتا هەموو راگەیاندنی کوردی) ئەرکەکانی گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی مەدەنی بخەینە سەر شانی خۆمان، نەوەك هەوڵبدرێ ئیرادەی میللەت بکوژرێ، ئاخر کە ئیرادەی میللەت مردێندرا، هیچ جۆرە گۆڕانێك دروست نابێت، گۆڕانیش ئیرادەو فەلسەفەو رێوشوێنی خۆی هەیە، خۆ فەلسەفەی گۆڕان لە سەرزەوییەوە ناگوازرێتەوە بۆ ئاسمان، ئەوە چەند هەزار ساڵە سوقرات فەلسەفەی لە ئاسمانەوە هێنایە سەر زەوی، قابیلە مەلەی پێچەوانەی شەپۆل تازە روویدات؟

بە داخەوە، کاتێك شرۆڤەی هەوڵەکانی بەرێز نەوشیروان مستەفا دەکەین، زۆر لەگەڵ ئامانجی ناحەزانی کورد یەکدەگرێتەوەو لەگەڵ خواستی رای گشتی ودۆستانی کوردیش پێچەوانە دەبێتەوە،(کە ئەمەیان گوڵان وەك دەزگایەکی رۆژنامەنوسیی هیچ خۆشحاڵ نییەو تەواو نیگەرانە، نیگەرانە چونکە دەکرا ئۆپۆزیسیۆنیش بێت و ئەرکە نیشتمانییەکانیش تۆختر بکاتەوە) بۆیە ناچارین ئەوەش بڵێین کە هەوڵەکانی ئەم ٣ ساڵەی نەوشێروان مستەفا تەواوی ئەو مەترسیانەی مایکل رۆبینی نەرەواندۆتەوە، کە لە ٢٠٠٧/٢/٢٧ لەبەردەمی سەنات ئاماژەی پێکردووە، با سەیر بکەین:

١- بەرێز نەوشیروان مستەفا زۆر باش هەوڵیداوە بۆ مایکل رۆبنی بسەلمێنیت،کە ئەزموونی هەرێمی کوردستان مۆدێلی یاسر عەرەفاتیە، ئەمەش واتە لەبری ئەوەی هەرێمی کوردستان بە بەشە ئارامەکەی عێراق بناسرێت،بەڵکو بە پەناگەی تیرۆر بناسرێت. ئایا ئەمە گەورەترین ئامانجی مایکل رۆبین نییە؟

٢- بەرێز نەوشیروان مستەفا هاوشان لەگەڵ بەرەی تورکمانی هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە،کە هاوپەیمانی کورد و ئەمریکا تێکبدات، دەیەوێت بە ئەمریکا بڵێت تۆ هەڵە بوویت لەگەڵ کورد بوویت بە هاوپەیمان، ئایا ئەمەشیان یەکێك لە خونەکانی رۆبین نییە؟




دوو راوێژکاری پێشووی ئەمریکا لە عێراق:

پێویستە ئۆباما پشتیوانی ریفۆرم بکات لە هەرێمی کوردستان

رۆژنامە

هەردوو توێژەری ئەمریکیو راوێژکارانی پێشووی سەردەمی پۆل بریمەر، مایکل رۆبنو سکۆت کارپینتر، لە تازەترین نووسینیاندا پێکەوە سەبارەت بە بارودۆخی هەرێمی کوردستان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، «لە هەرێمی کوردستان گەندەڵیو خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات بووەتە گەورەترین کێشەی پەرلەمانەکەی، کە پارتیو یەکێتی کۆنترۆڵیان کردووە».

ئەو دووتوێژەرە سیاسییە، کە ناو بەناو لەسەر بارودۆخی هەرێمی کوردستان راپۆرتو وتار بڵاودەکەنەوە. لە تازەترین نووسینیاندا بە ناوی « کوردستان: دیموکراسییەکی شێواو»، دەڵێن: «نەبوونی پرۆسەی ریفۆرم لە هەرێمی کوردستان دەبێتە هۆی ئەوەی کە ناوچەکانی دیکەی عێراق بکەینە مۆدێلێک بۆی»

هەروەها ئاماژە بۆ ئەوەش دەکەن کە (٣١)ی کانوونی دووەمی ئەمساڵو لە هەڵبژاردنی پارێزگاکاندا، عێراقییەکان توانیان ئەو کاندیدانەی خۆیان هەڵبژێرن، کە بڕوایان بە ئامانجە تائیفییە تەسکەکان نییەو لە توانایاندایە کێشە لۆکالییەکان چارەسەر بکەن، ئەوانەی کارناکەنو گەندەڵی بکەنە دەرەوە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە، کە ئایا ئەو رادە ئازادییە لە کوردستانی عێراقدا هەیە، کە خەڵکی بتوانن کاندیدی خۆیان هەڵبژێرن؟

وردەکاری زیاتر لە لا ٣١ دایە

**ئەی میلۆسۆڤیچ و هیتلەر بە سندوقی دەنگدان، دیموکراتیان نەکردە پەندی زەمانە**

٣- بەڕێز نەوشیروان مستەفا بێدەنگە بەرامبەر بەهەوڵی گۆڕینی ئاڵای کوردستان، لە کاتێکدا ئەوانەی پێشنیاری ئاڵای کوردستان بڵاودەکەنەوە، ناڕاستەوخۆ سەری رەزامەندی بۆیان دەلەقێنێ، بەوەی ئەم ئاڵایەی ئێستای کوردستان رەنگدانەوەی پێکهاتەکانی کوردستان نییە، ئایا کاك نەوشێروان قسەیەکی بۆ میللەتی خۆی کرد بڵێت مانای گۆڕینی ئەم ئاڵایە بەدیهێنانی خەونی دوژمنانی کوردە؟

٤- گەورەترین داخی سەردڵی دوژمنانی کورد، سەرکەوتنی سەرۆك مسعود بارزانی بووە وەك سەرۆکی هەرێمێکی فیدراڵ ی ودیموکراتی لە ناوچەکە، لەو ماوەیەی بەرێز بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، هەرێمی کوردستان گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە هەموو دەوڵەتانی جیهان کونسولخانەی خۆیان لە هەولێر بەردەوامن لە کردنەوەی وتەنانەت پەیوەندی نێوان هەولێر و ئەنکەرەش لە ئاساییبوونەوەیەکی باشدایە، هەروەها بەرێز مام جەلال سەرۆکی عێراقێك کە دەوڵەتی عوسمانی نەیدەتوانی بەڕێوەی بەرێت، بەڵام مام جەلال نەك هاوسەنگیەکەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی راگرتووە،.بەڵکو لەناو سەرکردەی دەوڵەتانی عەرەبیش ئەو راستیەی سەلماند کە کورد دەتوانێت نەك ئیدارەی خۆی بەرێوە بەرێت بەڵکو دەتوانێت ئیدارەی دەوڵەتێکی وەك عێراقیش بەڕێوە بەرێت، ئایا داواکردنی نەوشیروان مستەفا بە دوورکەوتنەوەی مام جەلال لە سیاسەت لەبەرژەوەندی کوردە یان .....؟ با ئەو پرسیارەش بکەین پیشاندانی بەرێز مەسعود بارزانی بە سەرۆکێکی سەرنەکەوتوو، دڵی کێی پێ خۆش دەکات.؟ ئایا کاتێك بە مانشێت لە رۆژنامەکەی دەنووسێت لە ٪٥٧ی خەڵکی کوردستان بەرێز مسعود بارزانی بەسەرکەوتوو نازانێت، دەتوانێت بە گەلەکەی خۆی بڵێت کێن ئەوانەی بەرهەمی ئەم وشە جوانانەی لێدەکرێت؟

٥- کۆمپانیای وشە وەك پرۆژەیەکی رۆژنامەگەریی ئازاد بۆ گەلی کوردستان نمایش دەکرێت، لە کاتێکدا هەموو رۆژێك سووکایەتی بە بنەماکانی ئازادی خەڵکی کوردستان دەکات، ئایا سەرۆکی کۆمپانیای وشە کە کاك نەوشێروانە دەتوانێت، بە گەلەکەی خۆی بڵێت ئێوە شایستەی ئازادی نین بۆیە من سووکایەتیتان پێدەکەم.؟

لێرەوە ئەگەر بگەرێینەوە بۆ سەر ناونیشانی سەرەکی ئەم بەشەو بپرسین، ئایا کۆمپانیای وشە ئەرکێکی بۆ مایکل رۆبین هێشتۆتەوە بۆ هەرێمی کوردستان؟ئایا هیچ رێگریەك ماوە بۆ ئەوەی مایکل رۆبین و بەڕێز نەوشیروان مستەفا نەبن بە هاوپەیمان؟

## رۆژنامەی رۆژنامە: مایکل رۆبین پێی باشە پشتگیری نەوشیروان مستەفا بکەین و دەنگ بە ریفۆرم بدەین

ئەگەر دیزاینەری ئەم راپۆرتە لە بیری نەچێت، لەگەڵ ئەم ناونیشانە لاوەکیە،ئەو لاپەرەیەی رۆژنامەی رۆژنامە بڵاو دەکەینەوە، کە لەسەر زاری مایکل رۆبین داوامان لێدەکات پشگیری نەوشیروان مستەفا بکەین و دەنگ بە لیستەکەی بدەین، پرسیار ئەوەیە ئایا مایکل رۆبین لە هاوسۆزی بۆ کورد و ئایندەی ئەم داوایەمان لێدەکات، یان ئەمەش راسپاردەیەکی دیکەی ژەنراڵ یەشار بیوکانیتە، خۆزگە لە جیاتی رۆبن کەسایەتیەکی دیکەی ئەمریکی و غەیرە ئەمریکی، بەڵام حەزی بە ئازادی و سەربەخۆیی کورد و کوردستان بهاتایە، ئەو داوایەی بکردایە، نەك رۆبن کە دژی بوونی حکومەتی هەرێمی کوردستانە. ناهەقی لە کاك نەوشێروان ناکەین ئەگەر بڵێین، رۆبین وایدەبینێت بە سەرکەوتنی نەوشیروان مستەفا، ئیدی ئەم مەترسیانە دەڕەونەوە کە ئەو لێی دەترسێت:

١- ئەگەر نەوشیروان مستەفا سەرکەوتوو بێت، ئاشتی و سەقامگیری کوردستان دەکەوێتە بەردەم پرسیارێکی سەختەوە، ئەمەش خواستی سەرەکی رۆبینە کە سیستەمی سیاسیی کوردستان ئاشتی و سەقامگیری تیا نەمێنێت؟

٢- -نەوشیروان مستەفا سەرکەوتوو بێت، یەکریزی نێو ماڵی کورد نامێنێت، ئەوە قسەی راشکاو و بوێرانەی نەوشێروان مستەفایە،رۆژنامەکان بڵاویانکردەوە کە مەرجی گەڕانەوەی نەوشیروان بۆ ناو یەکێتی، یەکەمیان دەست لە کاکێشانەوەی مام جەلال. دوومیان نەمانی رێککەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی ویەکێتی، هەتا ئێستا بەڕێز نەوشیروان راستی ئەم هەواڵەی رەتنەکردۆتەوە، کەواتە راستە.

٣- بەڕێز نەوشیروان مستەفا بە زاری خۆی سیستەمی سیاسیی کوردستان، بە مەجلیسی قیادەی سەورە دەچوێنیت، واتە پێش هەموان بەرێز مام جەلال،سەدام حوسێنە، بەڵام لەبیری چۆتەوە ئەگەر مام جەلال سەدام حوسێن بێت،ئەم چەند ساڵانەی پێشوو کێ جێگری بوو؟ بێگومان کاك نەوشێروان خۆی، کەواتا ئەگەر بڵێین لەبیرت چوو عیزەت دوری جێگری سەدام بوو؟! بێگومان ئەم قسەیە بۆ دەکات، بۆ ئەوەی بڵێت،سەرکردایەتی پارتی ویەکێتی خائینن، کێ هەیە لە عێراقدا مەجلیسی قیادەی سەورە بە خائین نەزانێت، کە خائینیش بوون.،واتە نەوشێروان ئەو سیستەمە سیاسیە ی مەجلیسی قیادەی سەورە( پارتی ویەکێتی ) بەرهەمی هێناوە، ئەم شەرعیەتی رووخاندنی بۆ پەیدا دەکات، ئەمەش واتە نەوشێروان بونیادی دیموکراسی لە کوردستان بە خیانەت لە قەڵەم دەدات، کەواتە شەرعیەت بۆ رووخاندنی دیموکراتیەت پەیدا دەکات، ئەوانەی کەم ئەزموونن، لە بەرامبەر ئەم شرۆڤەیە لەوانەیە پێمان بڵێن، چۆن نەوشێروان بە دژی دیموکراتی لە قەڵەم دەدەن لە کاتێکدا هەموو هەوڵی بۆ هەڵبژاردنە، ئێمەش بە هێمنی بەو بەرێزانە دەڵێین، ئەی میلۆسۆڤیچ و هیتلەر بە سندوقی دەنگدان، دیموکراتیان نەکردە پەندی زەمانە.

### دەبێت گەلی کوردستان قبوڵ نەکات هەڵبژاردن هۆکار بێت بۆ زیندەبەچاڵکردنی دیموکراتی

لێرەدا بە جێگەی خۆی دەزانین، خوێنەرانی خۆمان لەو راستیە دڵنیا بکەینەوە،ئەم راپۆرتە لە چوارچێوەی هەڵمەتی هەڵبژاردن نەخوێننەوە، بەڵکو وەك هەوڵێك بۆ پێش دەستپێکی هەڵمەتەکان سەیری بکەن بۆ ئەوەی رێگە نەدەین هەڵبژاردن ئامانج بێت، بەڵکو دەبێت میللەتی ئێمە کە گەلێکی هۆشیارە دیموکراتیەت بکاتە ئامانج و هەڵبژاردن وەك هۆکارێك بۆ ئەو ئامانجە پیرۆزە سەیر بکات، هەر هەڵمەتێکی هەڵبژاردنیش زیان بە ئامانجی دیموکراتی بگەیەنێت، قبوڵی نەکات و هەڵوێستی لەسەر وەر بگرێت.

کە دەڵێین، ئەم راپۆرتە مەخەنە چوار چێوەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، مەبەستمان ئەوە نییە،هەڵمەتی هەڵبژاردن شەرعی نییە، نەخێر مەبەستمان ئەوەیە،سروشتی هەڵمەتی هەڵبژاردنی کوردستان بەزاندنی هەموو سنوورەکان و نەهێشتنی ئەو سنوورانەیە کە ئەخلاقی سیاسیی و ئەخلاقی ڕۆژنامەگەری ڕێگەی پێنادات، بۆیە ئەگەر بە پێوانەی سروشتی هەڵمەتی هەڵبژاردنی کوردستان، ئەم راپۆرتە سەیر بکرێت، میتۆدە زانستیەکەی کە پیادەکراوە بۆ نووسینی ئەم راپۆرتە،دەبینین بایەخی نامێنێت، ئەگەر بە وردی سەرنج لەم راپۆرتە بدەن، دەبینین بەڕێز نەوشێروان گووتەنی ئەو گۆڕەمان هەڵنەداوەتەوە کە بۆنی ئیسکوپروسکی قوربانیەکانی لێ بێت، ئێمە وەکو گوڵان ئومێد دەخوازین، ئاستی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بەو ئاستە دانەبەزێت هیچ لایەك ناچار بێت قەبر هەڵداتەوە، ئەمڕۆ لە هەموو کاتێك زیاتر پێویستیمان بە گفتوگۆی مەعریفیانە هەیە، هیوادرین گەلی کوردستان بەدەنگ ئەم داخوازیەی گوڵان بێت، هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن لە چوارچێوەی هۆکار وئامانج بۆ بونیادی دیموکراسی و پاراستنی دیموکراسی بەڕێوە بچێت،مەرجیش نییە ئەوەی مەعریفەی نییە لەو پرسە گرنگە قسە بکات،با بخوێنێتەوەو سەرنج بدات، چونکە مەرج نییە ئەوەی بخوێنێتەوە دەبێت بنووسێ، هیوادارین تەواوی دەزگاکانی راگەیاندن لە کوردستاندا ئاستی نووسین لەبەرچاوی خوێنەر شەرمەزارنەکەن، بەداخەوە لە رابردوودا هەندێك دەزگا کردوویەتی.

ئەمڕۆ تەنیا سەرمایە کە کورد و کوردستان لە کۆمەڵگەی جیهان و مرۆڤایەتی سەردەمدا شانازی پێوەدەکات، ئەوەیە چەند هەنگاوێکی بۆ دیموکراتی هەڵگرتووە، بە بەراورد بە دەوروبەر ئەزموونێکی نموونەییە، بۆیە دەبێت هەموو پێکەوە ئەم هەڵبژاردنە بکەینە هۆکارێکی دیکە بۆ جوانکردنی دیموکراسی کوردستان، نەك دیموکراسی بکەینە هۆکارێك بۆ ئامانجی سەرکەوتنی لایەنێك کە یەکێکیان دراوسێی باکور دەستخۆشی لێدەکات، ئەوی دیکەیان دراوسێی رۆژ هەڵات، ئەوەی ئامانجی ئێمەیە دەمانەوێت گەلی کوردستان دەستخۆشی لە پرۆسە دیموکراسیەکە بکات و سەرنجی جوانیشی بداتێ بۆ زیاتر جوانکردنی و نەهێشتنی هیچ خەوشێك کە لێرەو لەوێ سەرهەڵدەدەن.، دەبێت هەموو لایەنەکان بزانن، ئەگەر لایەنێك یان تەنانەت پارتی ویەکێتیش وەك پێویست دەنگ نەهێنن و ئەمەش لە خزمەتی پرۆسە دیموکراسیەکە بێت، کۆتایی دنیا نابێت، بەڵام ئەگەر ئەزموونە دیموکراسیەکەمان بکەوێتە مەترسیەوە کۆتایی دنیا دەبێت بۆ هەموو ئاواتەکانی ئایندەمان. ئەمە وامان لێدەکات، ئامانجی سەرەکیمان لەبیر نەچێتەوە کە پاراستن و چەسپاندنی دیموکراسیە.



## ئیدوارد گیبسۆن بۆ گوڵان:



# هیتلەر لەنموونەكانی سەركردەی پۆپۆلیستییە، بەهەڵبژاردن هاتە دەسەڵات و بوو بەدیكتاتۆر

**پرۆفیسـۆر ئیدوارد گیبسـۆن ئوستادی زانستی سیاسـەتە لەزانكۆی نورس وێست و پسـپۆڕو تایبەتمەندە لەسەر شێوازی دیموكراتی و سـەرهەڵدانی دیاردەی سەركردە پۆپۆلیسـتیەكان لەئەمریكای لاتین، لەبوارەشدا تایبەتمەندیی لەسەر سیستەمی پارتە سیاسـیەكانی ئەرژەنتین و فیدراڵیزمی بەرازیل هەیـە، ئەم ناوچەیە واتە ئەمریكای لاتین، دەكرێت بەو شوێنە لەجیهاندا ئاماژەی پێبكەین، كە تاڕادەیەكی زۆر سەرچاوەی سـەرهەڵدانی ئەو جۆرە سـەركردانەیە كە پێیان دەگوترێت پۆپۆلیستی، بۆ قسەكردن لەسەر ئەم دیاردە گرنگە و ئاشـناكردنی خوێنەران بەزانیاری زیاتر گوڵان پەیوەندی كرد بەپرۆفیسۆر گیبسۆن و بەمجۆرە بۆمان هاتە ئاخاوتن.**

*** ئەگەر بەراوردیك لەنێوان سـەركردەی تاكڕەو و سـەركردەی پۆلیستی بكەین، ئایا خاڵی هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە؟**

- زۆرجـار مەبەسـت لەسـەركردەی پۆپۆلیستی ئەو سـەركردانەن كە لەڕێی پرۆسـەی هەڵبژاردنـەوە دەسـەڵاتیان گرتۆتەدەست و دواتر بوونەتە دەسەڵاتێكی تاكڕەو، بە چەشنی ئەوی هیتلەر كردی، لەم‌ڕوانگەیەوە ئەم‌سەركردانە پشتگیریەكی جەماوەری گەورەیان بەدەستهێناوە و دواتر ئەم پشتگیریەیان ئیسـتیغلال كردووە بۆ پتەوكردنی دەسەڵاتی خۆیان و بۆ ئەوەی ببنە دەسـەڵاتێكی شـمولی، لەم ڕووەوە چەندین نمونـەی مێژوییمان هەیە. من پێموایـە بۆ ڕێگەگرتن لەم حاڵەتە دەبێت دامەزراوەگەلێكی بەهێزمان هەبێت، یاخود هێزێكی بەرهەڵسـتكاری بەهێز هەبێت، كەواتە تێكڕایی مەسـەلەكە دەوەسـتێتە سـەر فرەیی دامـەزراوە و هەلومەرجە كۆمەڵایەتیەكـە، بـەو پێیە كێشـەكە ئەوەیـە ئەگەر فرەیی لەسـەر ئاسـتی كۆمەڵایەتی و دامـەزراوەكان لاوازبوو، ئەوا ئەم جۆرە سەركردانە دەتوانن كەڵكی خراپ لە دەسەڵات وەربگرن و بە ئاسانی ببنە دەسەڵاتێكی شـمولی. ئەمە بۆتە حاڵەتێكی باو و ئەو ڕاسـتیە دەخاتەڕوو كە هەڵبژاردنەكان بـە تەنها نابنە هۆی هێنانەدی دیموكراسی.

*** هۆكاری ئەوە چییە ئەمجۆرە سەركردانە هەوڵی ئەوە دەدەن خەڵك و جەماوەر متمانە بەپارتە سیاسییەكان نەكەن؟**

- زۆرجار هۆكارەكە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە ئەم سـەركردە سیاسیانە سەر بەپارتە سیاسـیەكان نیـن، لـەم ڕووەوە دەبێت ئەو پرسـیارە بكەین، ئایـا بەرژەوەندیە ڕاسـتەوخۆكانی سـەركردە سیاسیەكە، یاخود بنكەی سیاسـیەكەی چییە، بۆ نموونە ئەگەر لەحاڵەتی هۆگۆ شـافێز بڕوانیـن، ئـەوە بەدی دەكەیـن كە ئەم سەركردەیە هیچ بنكەیەكی سیاسی نییە و هیچ پێگەیەكی لەسیستەمە سیاسیەكەدا نەبوو، ئەو كەسێكە سەربازی بوو، هەروەها لەڤەنزویلادا پارتگەلێكی سیاسـی بەهێز لەئارادابوون، شـافێز نەیدەتوانی لەڕێی سیستەمی سیاسـیەكە بگاتە دەسەڵات، بەڵكو هەڵسـان بەجۆشـدان و جوڵاندنی ناڕەزایبوونـی گشـتی، هەروەهـا بۆ بەردەوامیدان و درێژدان بەدەسەڵاتەكەی پێویسـتی بەتێكشكاندنی ڕكابەرەكانێتی كە پێگەیان لەپارتە سیاسیەكاندا هەیە.

*** ئێـوە ئاماژەتـان بەوەكرد سـەركردە پۆپۆلیسـتەكان لەڕێـی متمانـەی جەمـاوەرەوە دەگەنە دەسـەڵات و دواتر دەگۆڕێن بۆ دەسـەڵاتێكی دیكتاتۆری، پرسـیارەكە ئەوەیـە لـەم هەلومەرجەدا ئایندەی دیموكراسی چی دەبێت؟**

- لەڕاسـتیدا گەورەترین مەترسـی بۆ سـەر دیموكراسـی ئەو بیروباوەڕەیە كە گریمانەی ئـەوەدەكات تەنها ئەنجامدان و سـازدانی هەڵبژاردنـەكان دەبنەهۆی هێنانەدی دیموكراسـی، لـەڕۆژگاری ئێسـتادا لەبەرئەوەی چیتر گرتنەدەستی دەسەڵات بەهۆی بەكارهێنانی توندوتیژی و كودەتـای سـەربازیەوە بەشـەرعی دانانرێت، ئەوا ئەم جۆرە سـەركردانە پەنا بۆ پرۆسە دیموكراتیەكە دەبەن بۆ گەیشتن بەدەسـەڵات، بەڵام دەبێت لەهەمانكاتدا خاوەنـی كەسـایەتیەك بـن و توانای جۆشدان و جوڵاندنی جەماوەریان هەبێت. واتە ئەم سەركردانە هیچ ڕێز و بەهایەكیان نییـە بۆ ئـەو دامـەزراوە و مافانەی پەیوەستن بەدیموكراسـیەوە. هەمان ئەم ترسـە لەڕۆمانی كۆندا بوونی هەبوو كە نیگەرانی ئەوە لەئارادابوون قەیسـەرێك

كێشەكە ئەوەیە ئەگەر فرەیی لەسەر ئاستی كۆمەڵایەتی و دامەزراوەكان لاوازبوو، ئەوا ئەم جۆرە سەركردانە دەتوانن كەڵكی خراپ لە دەسەڵات وەربگرن و بە ئاسانی ببنە دەسەڵاتێكی شمولی

سەرهەڵبدات و بتوانێت جەماوەر و خەڵکی بەلای خۆیدا ڕابکێشێت و ڕۆڵی دەسەڵاتی یاسادانان پەراوێز بکات، لەم ڕۆژگارەدا من پێموایە هۆگۆ شافێز ئەو قەیسەرەیە.

*** ئایا تا چ ڕادەیەك دەنگدەران باجی ئەم بڕیارەی خۆیان دەدەن، تا چەند لێی پاشگەزدەبنەوە؟**

- لەڕاستیدا دەنگدەران پاشگەزدەبنەوە، بەڵام لەمەودای کورتدا نا، دەنگدەران دوای ماوەیەکی درێژتر ئەو ڕاستییەیان بۆ دەردەکەوێت کە دەبێت باجی دەنگدانەکەی خۆیان بدەن، لەبەرئەوەی کاتێك سەرکردەیەکی پۆپۆلیستی دەگاتە دەسەڵات هیچ هێز و دامەزراوەیەك نییە دەسەڵاتەکانی سنووردار بکات. ئەمەش لەکاتێکدا ڕوودەدات کە نارەزایی و نائومێدیەکی جەماوەری گەورە هەبێت و لەپرۆسەی هەڵبژاردندا ئەمجۆرە سەرکردانە بەڵێنی هێنانەدی خەون و ئامانجەکانی جەماوەر دەدەن، ڕەنگە دەنگدەران بتوانن لەمەودای کورتدا ئامانجەکانیان بەدی بهێنن، بەڵام دەبێت لەمەودای دووردا باجەکەی بدەن، ئەمەش یەکێك لەو دژوارییانەیە کە لەدیموکراسیدا دووچاری دەبینەوە، مەبەستم ئەوەیە ئامادەی دەستهەڵگرتن بین لەئامانجە کورت مەوداکان لەپێناو پاراستن و درێژەدان بەدامەزراوە دیموکراسیەکان، کە ئەوەش کارێکی سەختە.

*** ئایا تاچ ڕادەیەك سەرکردە پۆپۆلیستیەکان زیان بەدامەزراوە دیموکراسیەکان دەگەیەنن، ئایا دوای ئەوەی دەسەڵاتیان گرتەدەست، تاچ ڕادەیەك گەندەڵی تەشەنەدەکات؟**

- لەڕاستیدا کۆبونەوە و کەڵەکەبوونی دەسەڵات لەدەستی کەسێکدا، یان گروپێکی دیاریکراودا سەردەکێشێت بۆ قۆرخکردنی سامانی دەوڵەت لەلایەن ئەو کەس و گروپەوە، ئەو کاتە هاووڵاتیانیش ناتوانن لەوە بکۆڵنەوە داهاتەکانی دەوڵەت بەچ شێوەیەك خەرج دەکرێن. لەحاڵەتی چڕبوونەوەی دەسەڵات لەدەستی کەسێکدا یاسا سەرورر نابێت، بەڵکو یاسا و ڕێسای کەسێکی دیاریکراو، یان گروپێکی دیاری حکومڕانیێتی دەکات، کە لەڕاستیدا کاری یاسا و ڕێساکان ڕێگەگرتنە لەدەسەڵاتدارەکان تاوەکو سنووری دەسەڵاتی خۆیان تێنەپەڕێنن.

*** بۆچی ئەمجۆرە سەرکردانە پەنا بۆ گەندەڵی سیاسی دەبەن؟**

- هەموو لایەك پەنا بۆ گەندەڵی سیاسی دەبات ئەگەر دەرفەتی بۆ دروست بێت. من پێموایە جیاوازی لەنێوان گەندەڵی سیاسی و گەندەڵی ئابووریدا نییە، گەندەڵی سیاسی پێشێلکردنی یاسا و ڕێساکان لەخۆدەگرێت، واتە قۆرخکردن و بەکارهێنانی سەرچاوە و دامەزراوە گشتییەکان بۆ مەبەستی شەخسی و تایبەت، ئەمەش دزیکردن و بەکارهێنانی هەڵەی ئەو سەرچاوە و دامەزارانە لەخۆدەگرێت. لەلایەکی دیکەوە بوونی گەندەڵی ئابووری مەترسی توندوتیژی سیاسی لێدەکەوێتەوە، چونکە کەسی دەسەڵاتدار، یاخود پارتی دەسەڵاتدار لەکاتی شکستهێنانی لەهەڵبژاردنەکاندا ئەو ڕاستییەی لەبەرچاوە کە سەرچاوەگەلێکی ئابووری زۆریش لەدەستدەدات، بەو پێیە بەئاسانی ئامادەی دەستهەڵگرتن لەدەسەڵات نابێت، ئەمە لەکاتێکدا لەڕژێمە دیموکراسیەکاندا لایەنی شکستخواردو درك بەوەدەکات کە بەیەکجاری بۆ بەش نەکراوە لەسوودوەرگرتن لەسەرچاوەکانی دەوڵەت، بەو پێیە هەڵوێستێکی توندوتیژانەی نابێت. بۆ نموونە هۆکاری بەرپابوونی شەڕی ناوخۆی لە بۆسنیا ئەوەبوو، موسڵمانەکان مەترسی ئەوەیان هەبوو، ئەگەر سربەکان سەرکەوتن بەدەست بهێنن، ئەوا تیکڕایی دەسەڵات و سەرچاوەکانی وڵات دەکەوێتە ژێر دەستیان، بە هەمان شێوە سربەکانیش پێیانوابوو ئەگەر موسڵمانەکان سەرکەوتن بەدەست بهێنن ئەوا بەهەمان شێوە ڕەفتار دەکەن.

*** چۆن ڕێگری لەسەرهەڵدانی ئەم مەترسیانە دەکرێت؟**

- یەکێك لەمەسەلەکان ئەوەیە ڕێگە نەدرێت بەنوخبەیەکی بچووك دامەزراوەکان کۆنترۆڵ بکەن و بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاری بهێنن. هەروەها دەبێت گروپەکان مەترسی ئەوەیان نەبێت لەکاتی شکستهێنانیاندا لەهەڵبژاردنەکاندا ئەوا هەمو شت لەدەست دەدەن، چونکە لەم حاڵەتەدا پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن، بەڵام ئەگەر باوەڕیان وابێت هەمو شتێك لەدەست نادەن ئەوا چاوەڕوانی هەلێکی دیکە و هەڵبژاردنێکی دیکە دەکەن.

*** دوا وتەت چیە؟**

- لەڕاستیدا گرنگترین مەلەسە ئەوەیە لەکاتێکدا ڕەخنە لەسەرکردە پۆپۆلیستیەکان دەگیرێت، کە شایستەی ئەوەن ڕەخنەیان لێبگیرێت، دەبێت پرسیاری ئەوەش بکەین بۆچی پشتگیری دەکرێت لەلایەن جەماوەرەوە، هۆکارەکە ئەوەیە ئەو کەسانەی چاوەڕێی ئەوەیان لێدەکرێت دامەزراوە دیموکراسیەکان بنیات بنێن بەئەرکی خۆیان هەڵناستن و ئەوکاتە دیموکراسی وەك ڕێگاچارەیەکی خراپ، یاخود بەلای کەمەوە وەك شتێکی نامۆ دەردەکەوێت کە ناتوانێت نوێنەرایەتی خەڵك بکات، کەواتە هەموو ئۆباڵەکە لەئەستۆی ئەم سەرکردانەدا نییە، بەڵکو لەئەستۆی ئەو کەسانەشدایە کە هەلومەرجەکە دەخوڵقێنن.




**دەنگدەران پاشگەزدەبنەوە، بەڵام لەمەودای کورتدا نا، دەنگدەران دوای ماوەیەکی درێژتر ئەو ڕاستیەیان بۆ دەردەکەوێت کە دەبێت باجی دەنگدانەکەی خۆیان بدەن، لەبەرئەوەی کاتێک سەرکردیەکی پۆپۆلیستی دەگاتە دەسەڵات هیچ هێز و دامەزراوەیەک نییە دەسەڵاتەکانی سنووردار بکات**

## دانیاڵ سمیس بۆ گوڵان:



# سەرکردە پۆپۆلیستەکان هەوڵدەدەن دەروونی خەڵکی لاواز و ساویلکە بدوێنن

**پرۆفیسۆر دانیاڵ سیمس ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی فلۆریدا و پسپۆر و تایبەتمەندە لە تیۆری سیاسەت و سیاسەتی گشتی و کۆمەڵناسی سیاسی، هەروەها یەکێکە لە تۆژەرەوەکانی بواری هەڵبژاردن و بونیادی دیموکراسی و دەرکەوتنی سەرکردە پۆپۆلیستیەکان، سەبارەت بەکاریگەری خراپی دەرکەوتنی دیاردەی پۆپۆلیستی لەسەر دامەزراوەکانی دیموکراسی، پەیوەندیمان بە پرۆفیسۆر سیمس کرد و بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

**پۆپۆلیستەکان هەوڵدەدەن دەروونی خەڵکێکی لاواز و ساویلکە بدوێن کە ئارەزوو و ئامانجەکانیان دەهێننەدی، بێ ئەوەی لەپێداویستی و خواستی هاووڵاتیانیش تێبگەن**

*** لەدیموکراسییە تازەگەشەکردووەکاندا، هەندێ جار سەرکردە پۆپۆلیستییەکان سەرهەڵدەدەن، پرسیارەکە ئەوەیە هۆکاری دروستبوونی ئەم سەرکردانە چین؟**

- زۆرجار ئەم سەرکردانە سوود لەخواست و ئارزووەکانی خەڵك وەردەگرن و بەو شێوەیە خیتاب و لێدوان دەدەن کە لەهەوڵ و کۆششەکانیاندا بەرژەوەندیەکانی خەڵك بە ئەولەویەتی سەرەکی دەزانن، واتە پۆپۆلیستەکان هەوڵدەدەن دەروونی خەڵکێکی لاواز و ساویلکە بدوێن کە ئارەزوو و ئامانجەکانیان دەهێننەدی، بێ ئەوەی لەپێداویستی و خواستی هاووڵاتیانیش تێبگەن.

*** هەمیشە سەرکردە پۆپۆلیستەکان ئاستەنگن لەپرۆسە دیموکراتییەکەدا، پرسیارەکە ئەوەیە چی وادەکات سەرکردەی پۆپۆلیستی ببێتە مەترسیەك لەپرۆسەی هەڵبژاردندا؟**

- زۆرجار لەدیموکراسییە گەشەکردووەکاندا، یاخود لەسیستمە دەستوریەکاندا ئاستەنگ و کۆسپ لەبەردەم سەرهەڵدانی سەرکردەی پۆپۆلیستیدا دروستدەکەن، بۆ نموونە لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا هەڵبژاردنی سیناتۆرەکان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەبێت و لەبەردەم دەسەڵاتی یاسادانانی ویلایەتەکەدا بەرپرسە، ئەمە ئەو حاڵەتەبوو کە جەیمس مادیسۆن باسی لەئیرادەی گشتی دەکرد کە دەبێت چۆن بێت. هەروەها لە زۆربەی لەسیستمە پەرلەمانیەکانی دیکەدا ئەنجومەنی باڵای یاسادانانی ڕەنگە ڕاستەوخۆ بەرپرسیار نەبن لەئاست هاوڵاتیاندا. لەبەرئەوەی ڕەنگە ڕای گشتی و جەماوەر لەمڕۆدا خواستێکیان هەبێت و بۆ ڕۆژی دواتر خواستێکی جیاوازتریان هەبێت، ئەمە لەکاتێکدا حکومەتە دەستووریەکان سەقامگیرترن، لەبەربوونی ئەو بونیادەی لەئارادایە کە ڕێگری لەم حاڵەتە دەکات.

*** بۆچی لەگەڵ سەرهەڵدانی سەرکردەی پۆپۆلیستیدا، متمانە بەدامەزراوە دیموکراسیەکان بەرەو داکشان دەچێت؟**

- لەبەرئەوەی نیگەرانی و ترسی ئەوە لەئارادادەبیت کە هەڵبستن بە پێشلێکردنی سەروەری و باڵادەستی یاسا، واتە دەسەڵاتەکان بۆ دەرەوەی ئەو سنوور و چوارچێوانە درێژبکەنەوە کە لەدەستووردا هاتوون، چونکە هەمیشە ئەم سەرکردانە پاساوی بڕیار و هەڵوێست و هەڵسوکەوتەکانیان بەوە دەهێننەوە کە ئەمە خواستی خەڵکە و خەڵك باشتر دەزانن چ بڕیارێك ڕاست و دروستە، ئەمە لەکاتێکدا مەرج نییە ئەم بڕیارانە لەبەرژەوەندی وڵاتەکەدابن.

*** شارەزایانی زانستی سیاسی، پێیانوایە لەگەڵ گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن سەرکردە پۆپۆلیستەکان گەندەڵی سیاسی بەرەو هەڵکشان دەچێت، دەبێت لەم حاڵەتەدا چۆن هەڵسوکەوت بکەین و چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم سەرکردانەدا بکەین؟**

- ئەوەی ئێوە باسی دەکەن ڕاستە، هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خەڵکی متمانەیەکی زۆر بەم سەرکردانە دەدەن، بە چەشنێك ئەوان سنوورە دەستووریەکانی دەسەڵاتەکانیان پێشێل دەکەن، کە من پێموایە دەبێت جەماوەر وریا و بەرچاوڕوون بن و ڕێگە نەدەن سنوورە دەستوورییەکانی دەسەڵاتی سەرکردەکان ببەزێنرێن.

*** ئێمە باس لەوە دەکەین ئەم جۆرە سەرکردانە لەرێی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە جڵەوی دەسەڵات دەگرنەدەست، بەچەشنی ئەوەی سلۆبۆدان میلۆسۆفیج کردی لەیوگسلافیای پێشوو، هەروەها هۆگۆ شافێز لەفەنزویلا. ئێمە دەمانەوێت بپرسین ئایا تاچ ڕاددەیەك دەنگدەران باجی ئەم بڕیارەی خۆیان دەدەن، تا چەند لێی پاشگەزدەبنەوە؟**

- ئەمە حاڵەتە سایکۆلۆژیەکەیە، خەڵك لەبەرئەوە متمانە بەم سەرکردانە دەکەن چونکە باوەڕیان وایە خواست و پێداویستیەکانی خەڵك لەبەرچاو دەگرن و لەبەرژەوەندی وڵاتە کاردەکەن، لەکاتێکدا دەبێت خەڵکی بە وریایەوە لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا مامەڵە بکەن و ڕێگە نەدەن ئەم سەرکردانە سنووری دەسەڵاتەکانیان پێشێل بکەن.

*** چۆن پارتە سیاسیەکان لەکۆمەڵگە دیموکراسییەکاندا دەتوانن ڕێگری لەسەرهەڵدانی ئەم سەرکردانە بکەن؟**

- ئەمە پرسیارێکی قورسە. دەبێت هاوسەنگی بپارێزرێت لە نێوان خواستی خەڵك بۆ هەڵبژاردنی سەرکردەکانیان بەشێوەیەکی دیموکراسی و لەنێوان بەرپرسیاربوونی ئەم سەرکردانە لەئاست خەڵکدا.

## جۆن مایەر بۆ گوڵان:



# پۆپۆلیستەکان کە گەیشتنە دەسەڵات خۆیان لەسەرووی یاساوە سەیردەکەن

**پرۆفیسۆر جۆن مایەر، ئوستادی زانستی سیاسەت و سەرۆکی بەشی سیاسەتە لەزانکۆی هامبۆڵت ستەیت و پسپۆڕو تایبەتمەند لەسەر حکومەت و پرۆسەی دیموکراسی و چۆنیەتی سەرهەڵدانی سەرکردەی پۆپۆلیستی. بۆ قسەکردن لەسەر پێناسەی چەمکی پۆپۆلیزم و چۆنیەتی سەرهەڵدانی. پرۆفیسۆر مایەر بەمجۆرە ڕا و سەرنجی خۆی بۆ گوڵان خستە ڕوو.**

*** پۆپۆلیزم چۆن وەک دیاردەیەکی سیاسیی ناپەسەند تێکەڵاوی پرۆسەی سیاسیی بووە؟**

- سەرەتا، من سەرنجی ئەو ڕاستییەم داوە کە بیرۆکەیەکی دیاریکراو لە هزری ئێوەدا هەیە کاتێک باس لە پۆپۆلیزم و سەرکردەی پۆپۆلیستی دەکەن، بەڵام لەڕاستیدا من باوەڕم وایە مانای ئەم دەستەواژانە زۆر ڕوون نین. بۆ یەکەمجار لەکۆتاییەکانی هەشتەدەکاندا بەکارهێنرا، لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ڕووسیادا. ئەم دەستەواژەیە لەئەمەریکادا بۆ ئەو بزووتنەوەیە بەکارهێنرا کە لەلایەن ژمارەیەکی کەمی جوتیارەکانەوە سەرکردایەتی دەکرا، ئەوانەی ترس و نیگەرانی ئەوەیان هەبوو بەرژەوەندیە ئابووریەکانی نوخبەی دەسەڵاتدار زیان بە خۆیان و کۆمەڵگەیان دەگەیەنێت. ئەمە لەکاتێکدا هەندێ لەمێژوونووسان بەو شێوەیە وەسفی ئەم بزووتنەوەیان کردووە کە دژە ڕۆشنبیرییە و ڕەجعیە، ئەوانی دیکە بەو شێوەیە وەسفیان کردووە کە هەڵگری چەندین « بەڵێن و مژدەی دیموکراسی»ە، لەبەرئەوەی جەخت لەسەر پەروەردەکردن و هۆشیارکردنەوەی جەماوەر و بەدەستهێنانی پشتگیری خەڵک دەکاتەوە. پێمولیە ئەم لێکدانەوە و تەفسیرە جیاوازانە بۆ ئەم دەستەواژەیە تا ڕۆژگاری ئێستاش بەردەوامن.

*** بەڕای بەڕێزتان، ئایا دەتوانین بڵێین پۆپۆلیزم بەرهەمی تەیارێکی سیاسیی تایبەتە؟**

- پۆپۆلیزم بەکارهێنراوە بۆ وەسفکردنی ئەو بزووتنەوە و سەرکردانەی سەر بەڕەوتە سیاسییە «چەپڕەو» و «ڕاستڕەوە»کان بوون. بزووتنەوە و سەرکردە پۆپۆلیستە ڕاستڕەوەکان هەوڵی زەقکردنەوە و ئیستیغلالکردنی سۆز و ناسنامەی نەتەوەیی خەڵکیان داوە، ئەمە لەکاتێکدا چەپڕەوەکان هەوڵی ئەوەیان داوە جەخت لەسەر بەرژەوەندیە ئابووری و چینایەتییەکان بکەنەوە. لەلایەکی دیکەوە دیاردەیەکی گشتگیری « پۆپۆلیزم» لەئارادایە، کە جەخت لەسەر جۆرێک لەگرژی لە نێوان نوخبە و دامەزراوەکان دەکاتەوە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە لە نێوان ئەم دامەزراوانە و هاووڵاتیان لەئاستێکی فراوانتردا.

*** ئایا دەتوانین هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە دەستنیشان بکەین؟**

- بەو پێیەی دەتوان ئەوە بڵێم، پۆپۆلیزم ئەو کاتە سەرهەڵدەدات کە ئاستێکی بەرزی بێ متمانەیی و بێ باوەڕبوون لە نێو هاووڵاتیاندا لە ئاست سەرکردە و دامەزراوەکاندا لەئارادابێت. من باوەڕم بەوە نییە ئەمە تەنها لەسەرەتای پرۆسەی دیموکراسیدا ڕوودەدات، بەڵکو بۆی هەیە ئەم بێ متمانەییە لەنێو ئەو سیستەمە سیاسیانەشدا ڕوودەدات کە مێژوویەکی دوورودرێژیان هەیە. کەواتە -بەپێچەوانەی هەندێ لەپرسیارەکانی ئێوەوە- پێموایە پۆپۆلیزم و پۆپۆلیستەکان ڕەنگدانەوەی لاوازی دامەزراوە سیاسییەکانن، نەک هۆکاری لاوازبوونی ئەم دامەزراوانە. بەدڵنیاییەوە، هەروەک ئێوە ئاماژەی پێدەکەن، لەکاتی بێ متمانەیی بەدامەزراوە سیاسی و ئابوورییەکان، نەک هەر دەرفەت بۆ گەیشتنی سەرکردە پۆپۆلیستیەکان دروست دەبێت بەدەسەڵات، بەڵکو دەرفەتی بەشەخسیکردنی دەسەڵاتیش دەڕەخسێت. هەروەها کاتێک دەسەڵات بەمشێوەیە بەشەخسی دەکرێت، ئەوا ئەم سەرکردانە دەکەونە «سەرووی یاساوە» و هەر سنووردارکردنێک بۆ دەسەڵاتەکەیان ڕەتدەکەنەوە، بەو پێیە مەترسیەکانی گەندەڵی و دیکتاتۆرییەت زیاتر دەبن.

**پۆپۆلیزم ئەو کاتە سەرهەڵدەدات کە ئاستێکی بەرزی بێ متمانەیی و بێ باوەڕبوون لە نێو هاووڵاتیاندا لە ئاست سەرکردە و دامەزراوەکاندا لەئارادابێت**

*** لە چ بارودۆخێکدا ئەم سەرکردانە دەبنە مەترسی لەسەر پرۆسە دیموکراسیەکە؟**

- بەدڵنیاییەوە مەترسیەکانی سەرکردە پۆپۆلیستیەکان لەو کاتەوە دەست پێدەکات کە هەڵدەستن بەشەخسیکردنی دەسەڵات و لاوازکردنی دامەزراوە یاساییەکانی و دامەزراوەکانی لێپرسینەوە شتێکی خراپن و دەکرێت دەرئەنجامی پۆپۆلیزم بن، ئەگەرچی دەکرێت ئەم مەترسیانە لە سەرچاوەکانی دیکەشەوە دروست بن.

## ديڤيد ئەلێن سيمدڵ:



# پەراوێزکردنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری هۆکارە بۆ دەرکەوتنی سەرکردەی پۆپۆلیست

**دیڤید ئەلێن سـیمدڵ، ئوستادی فەلسەفە و کۆمەڵناسییە لەزانکۆی جۆرجیا و بەرەگەز خەڵکی فەنزویلایە و یەکێك لەکتێبەکانی بەناونیشـانی (بەشـداریکردن، کەلچەری سیاسی، هەڵبژاردن لەفەنزویلا)یە. بێگومان فەنزویلا، کە ئێسـتا هۆگۆ شـافێز وەك سـەرکردەیەکی پۆپۆلیستی حکومڕانـی دەکات، یەکێکە لەدیاردەکانی حکومڕانی خراپ لەجیهاندا، سـەبارەت بەو ژینگە سیاسـییەی دەبێتە هۆکاری دەرکەوتنی ئەم دیاردەیە پەیوەندیمان بەپرۆفیسـۆر سـیمدڵ کردو بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

> ئەگەری ئەوە هەیە لەحاڵەتی گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن سەرکردەیەکی پۆپۆلیستیەوە بۆی هەیە دامەزراوە و سیستەمە دیموکراسیەکە لاوازبێت، بە چەشنی ئەوەی لەفەنزویلادا ڕوودەدات

*** سـەرکردە پۆپۆلیسـتییەکان بەباش و خراپیانەوە، مێژوویەکی سلبیان هەیە، ئایا چۆن دەتوانین سـیفەتی ئەم سـەرکردانە دیاری بکەین؟**

- زۆرجار ئەم سەرکردانە دەنگ و وەلائی ئەو کەسـانە بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن کە پەراوێزکـراون و دوورخراونەتەوە و هەوڵ بۆ دووبارە ئاوێتەکردنەوەیان دەدەن، ئەگەرچی هەندێ جاریش مەترسی ئەوە لەئارادایە کە خودی ئەم سـەرکردانە خۆیان هەڵبستن بە پەراوێزکردن و دوورخستنەوەی چەند چین و توێژێکـی کۆمەڵگەکە، بـەڵام دەبێت ئەو بڵێین کـە پەراوێزکردنی سیاسـی و کۆمەڵایەتی و ئابووری سەردەکێشـێت بۆ ئەوەی پاڵپشتی ئەم سەرکردانە بکرێت.

*** بۆچی ئەمجۆرە سەرکردانە هەوڵی ئەوە دەدەن خەڵـك و جەمـاوەر متمانە بەپارتە سیاسیەکان نەکەن؟**

- لەڕاستیدا زۆرجار ئەم سەرکردانە لەپارتە سیاسیەکانەوە سەرچاوە ناگرن و هەوڵدەدەن پەیوەندی و ڕایەڵێکی ڕاسـتەوخۆ لەگەڵ خەڵـك و جەماوەرکەدا دروسـت بکەن، کە زۆرجـار هەلومەرجەکـەش یارمەتیدەریان دەبێـت، مەبەسـتم ئەوەیە زۆرجـار ئەم سـەرکردانە لەبارودۆخی بـێ متمانەیی بەدامەزراوەکانـی دەوڵـەت و نوخبـە سیاسیەکە، یاخود لەحاڵەتی شکستهێنان و لەبەریەکهەڵوەشانی دەوڵەتدا سەرهەڵدەدەن.

*** سەرکردە پۆپۆلیستەکان لەڕێی متمانەی جەمـاوەرەوە دەگەنـە دەسـەڵات و دواتر دەگۆڕێن بۆ دەسـەڵاتێکی دیکتاتۆری، پرسیارەکە ئەوەیە لەم هەلومەرجەدا ئایندەی دیموکراسی چی دەبێت؟**

- لەڕاستیدا ئایندە بەسەر هەردوو ئەگەرەکـەدا کراوەیـە، مەبەسـتم ئەوەیە ئەگەری ئەوە هەیە لەحاڵەتی گرتنەدەستی دەسـەڵات لەلایـەن سـەرکردەیەکی پۆپۆلیسـتیەوە بۆی هەیە دامـەزراوە و سیسـتمە دیموکراسـیەکە لاوازبێـت، بە چەشـنی ئەوەی لەفەنزویلادا ڕوودەدات، ئەمـە لەکاتێکدا لەبەڕازیـڵ بۆتە هۆی بەهێزبوونی دامەزراوە دیموکراسـییەکان. هەروەها ئـەم حاڵەتە لەسـەرۆك بوش و ئۆباماشدا بەدی دەکرێت، کە هەردوکیان تا ڕاددەیەك سەرکردەیەکی لەم چەشنە بوونە، ئەمە لەکاتێکدا لەسەردەمی سەرۆکایەتی بوشـدا دیموکراسی لاوازبوو، بەپێچەوانەی ئۆبامـاوە کـە هەوڵـی بەهێزکردنی ئەم دامەزراوانە دەدات.

*** ئێمە بـاس لـەوە دەکەیـن ئەمجۆرە سـەرکردانە لەڕێی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە جڵەوی دەسەڵات وەردەگرن. ئێمە دەمانەوێت بپرسـین: ئایا تاچ ڕاددەیـەك دەنگدەران باجـی ئەم بڕیارەی خۆیان دەدەن، تا چەند لێی پاشگەزدەبنەوە؟**

- پێگـەی سـەرکردە پۆپۆلیسـیتەکان پێگەیەکـی سیاسـی بەهێـزە، لەهەمان کاتدا پێگەیەکی هەستیاریشـە، بۆ نموونە سەرۆکی ئیکوادۆر عەبدوڵڵا بۆکارام کاتێك وەك سـەرکردیەکی پۆپۆلیستی دەسەڵاتی گرتەدەست، تەنها بۆ ماوەی شەش مانگ حکومڕانێتـی کرد و دواتر لە دەسـەڵات دوورخرایەوە، ئەمە لەکاتێکدا هۆگۆ شافێز بۆ ماوەی دە سـاڵە حکومڕانێتی دەکات و تائێستاش ڕێژەی پشتگیری کردنی لەناو خەڵکی فەنزویـلادا ٦٠٪یە، بەڵام ئەگەر نرخەکانـی نەوت بـەردەوام لەدابەزیندابن و چیتـر نەتوانێـت خزمەتگوزاریـی و پێداویستیەکانی خەڵکی دابین بکات، ئەوا ڕەنگە شەعبییەت و پشتگیری جەماوەری بێتەخوارەوە. بەهەمان شـێوە لەسـەردەمی سەرۆکایەتی جۆرج بوش-یشدا ئەم حاڵەتە بەدی دەکرا، لەهەندێ کاتدا شـەعبیەتی جۆرج بوش لەئاسـتێکی بەرزدابوو، بەڵام لەکۆتایـی ئیدارەکەیـدا ئـەم ڕێژەیە بۆ ئاستێکی زۆر نزم دابەزی.

## دۆسان سیتۆلیك بۆ گوڵان:



# سەرکردە پۆپۆلیستییەکان هۆکار و ئامرازە دیموکراسییەکان ئیستیغلال دەکەن بۆ ئامانجەکانی خۆیان

**پرۆفیسۆر دۆسان سیڤۆلیك جانجیك، ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی بەلگراد و یەکێکە لەتۆژەرە دیارەکانی سەنتەری توێژینەوەی سیسیۆلوژی بەلگرادیش. سیڤۆلیك پسپۆر وتایبەتمەندە لەسەر کێشە ئەتنیەکان و کۆکردنەوە و ڕێکخستنی ئەتنیە جیاوازەکان لەچوارچێوەی دەوڵەتێکدا و تێزی دکتۆراکەشی لەسەر پەیوەندی نێوان دەوڵەت و نەتەوە نوسیووە.**

**ئەزمونی هەڵوەشانەوەی یوگسلافیای پێشوو یەکێکە لەدیاردە گەورەکانی دوای شەری سارد کە یەکێکە لەئاکامە خراپەکانی سەرکردەی پۆپۆلیستی سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ، ڕاستە هێندەی ڕووخانی دیواری بەرلین کاریگەری نەبوو، بەڵام هەڵوەشانەوەی یوگسلافیای پێشوو، ئەو تەلیسمەی شکاند کە چیدیکە سنوورە تەقلیدییەکان موقەدەس نین، سەبارەت بەچۆنیەتی دەسپێکی حکومڕانی دیموکراتی و سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە لەدوای ڕووخانی دیکتاتۆریەت، پرۆفیسۆر سیڤۆلیك بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

**ئەو کارتەی سەرکردە پۆپۆلیستیەکان پشتی پێ دەبەستن ئەوەیە جەماوەر و دەنگدەران بێ متمانە بکەن لەئاست پارتە سیاسیەکاندا**

*** لەگەڵ دەسپێکی دیموکراتی لەکۆمەڵگای تازەپێگەیشتوودا، مەترسی کۆمەڵێك دیاردە دێتە ئاراوە، یەکێك لەو دیاردانە دەرکەوتنی سەرکردەی پۆپۆلیستیە، ئایا ئەمەش هەر دەرهاوێشتەی ئەو جۆرە دیموکراتیانەیە؟**

- زۆرجار لەکۆمەڵگەکانی دوای حکومڕانێتی شمولی و تاکڕەویدا خەڵکەکە پتر پێویستیان بەسەرکردەیەکی بەهێز دەبێت، لەم حاڵەتەدا، ڕەنگە ئەو سەرکردەیە بتوانێت سوود لەم پێویستی و مەیلەی جەماوەر و خەڵکەکە وەربگرێت و بگۆڕێت بۆ سەرکردەیەکی پۆپۆلیستی. هۆکارێکی دیکە ئەوەیە ئەم کۆمەڵگانە ئەزموونی پلۆرالیزم و فرەیی سیاسیان نییە کە ڕەنگە ئەمەش هۆکارێکی یارمەتیدەر بێت بۆ دەرکەوتنی ئەم جۆرە سەرکردانە. لەڕاستیدا هاووڵاتیان و دەنگدەران پێویستیان بەزانینی ئەو ڕاستیە هەیە کە سەرکردەکان چ ئاڕاستیەك دەگرنەبەر لەحکومڕانیکردن و هەڵسوڕاندنی

*** ئایا تا چ ڕادەیەك سەرکردە پۆپۆلیستییەکان زیان بەدامەزراوە دیموکراسییەکان دەگەیەنن، ئایا دوای ئەوەی دەسەڵاتیان گرتەدەست، تا چ ڕادەیەك گەندەڵی تەشەنەدەکات؟**

- هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، دەکرێت لەکاتی گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن سەرکردەیەکی پۆپۆلیستیەوە بارودۆخەکە بەئاڕاستەی ئیجابی یان سلبیدا بڕوات، بۆ نموونە ئەگەر بەچەشنی بەڕازیل هەوڵەکان بۆ بەهێزکردنی دامەزراوەکانی دەوڵەت بن، ئەوا ڕێژەی گەندەڵی کەم دەبێتەوە، ئەمە لەکاتێکدا لەفەنزویلا بەهۆی لاوازکردنی ڕۆڵی چاودێریکردن و لێپرسینەوەی دامەزراوەکانەوە لەلایەن سەرۆکی ئەو وڵاتەوە گەندەڵی لەئاستێکی بەرزدایە.

*** ئایا جیاوازی لەنێوان گەندەڵی سیاسی و گەندەڵی ئابووریدا چییە و بۆچی ئەم سەرکردانە پەنا بۆ گەندەڵی سیاسی دەبەن؟**

- گەندەڵی ئابووری پەیوەستە بەبەدەستهێنانی داهات و دارییەوە بێ ئەوەی لەبەرامبەردا کارێك یان خزمەتێکت کردبێت، ئەمە لەکاتێکدا گەندەڵی سیاسی پەیوەستە بە کۆکردنەوە و کەڵەکەبوونی دەسەڵات لەدەستی کەسێك یان دامەزراوەیەکی دیاریکراودا، بەچەشنی ئەوەی لەوڵاتی فەنزویلادا بەدی دەکرێت.

*** چۆن لەکۆمەڵگە دیموکراسیەکاندا دەتوانین ڕێگری لەسەرهەڵدانی ئەم سەرکردانە بکەین؟**

- باشترین کارێك پارتە سیاسیەکان دەتوانن ئەنجامی بدەن، بەرەوپێشبردن و باشترکردنی ئەدای خزمەتگوزاریەکانە، چونکە زۆرجار ئەم سەرکردانە لەو هەلومەرجانەدا سەرهەڵدەدەن کە پارتە سیاسیەکان و سیستمە سیاسیەکە لە گەندەڵیەوە تێوەگلاون، یاخود شکستیانهێناوە لەئەداکردنی ئەرکەکانی خۆیاندا، هەروەك ئەوەی لەفەنزویلا و زۆرێك لەوڵاتانی دیکەی ئەمەریکای لاتین ڕوویدا. چونکە زۆرجار نوخبەیەکی سیاسی داخراو و گەندەڵ دروست دەبێت و دامەزراوە دیموکراتییەکان سەرکەتوو نابن لەهێنانەدی پێداویستی و پێشبینەکانی خەڵکدا، ئەو کاتە بێ متمانەیی و بێ باوەڕبوون بەم دامەزراوانە سەردەکێشێت بۆ پێدانی متمانە بە سەرکردەی پۆپۆلیستەکان.

**دۆخە ئابوورییە دژوارەکانی فەنزویلا و هەندێ لەوڵاتانی دیکەی ئەمەریکای لاتین هۆکاری هەڵکشانی ئەم سەرکردانە بوون**

کاروبارەکاندا، هەروەها لەسەرەتای پرۆسەی بەدیموکراتیکردندا مشتومڕ و جیاوازیەکی زۆر لەنێو پارتە سیاسیەکاندا دروست دەبێت و زۆرجار سیاسەتێکی نادیموکراتیش دەگرنەبەر، ئەمەش دەبێتەهۆی وەڕسبوونی هاووڵاتیان لەم دۆخەدا خەڵکی بە دوای سەرکردەیەکدا دەگەڕێن بتوانێت لەشەو و ڕۆژێکدا چارەسەری کێشەکان بخاتەڕوو، چارەسەرێك کە تێکڕایی خەڵکی بەئاسانی لێی تێبگەن، واتە کاتێك قەیرانێکی سیاسی لەنێو سەرکردەکانی ئەم پارتانەدا لەپرۆسەی دیموکراسیدا دروست دەبێت، هاووڵاتیان ئامادەن بەدوای بەدیلدا بگەڕێن، کە لەم حاڵەتەدا سەرکردەی پۆپۆلیستی دەردەکەوێت، لەبەرئەوەی دەتوانێت پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ جەماوەر و خەڵکەکەدا دروست بکات و بەو شێوەیە لێدوان و خیتاب بدات کە دەتوانێت پێداویستی و خواستی هاووڵاتیان دابین بکات و بە ئاقارێکی ئیجابیدا ئاڕاستەیان بکات.

* بەڵام شارەزایانی زانستی سیاسی، پێیان وایە لەگەڵ گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن سەرکردە پۆپۆلیستەکان گەندەڵی سیاسی بەرەو هەڵکشان دەچێت، دەبێت لەم حاڵەتەدا چۆن هەڵس و کەوت بکەین و چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم سەرکردانەدا بکەین؟

- زۆرجار گەندەڵی سیاسی لەسەرەتاکانی پرۆسەی دیموکراتیدا سەرهەڵدەدات، بۆ سنووردارکردن و کەمکردنەوەی گەندەڵی سیاسی پێویستمان بەبنیاتنانی دامەزراوەگەلێکی بەهێزدەبێت، پێویستمان بە سەروەری و باڵادەستی یاسا و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەیەکتر دەبێت. بە تێڕوانینی من گەندەڵی سیاسی سێ هۆکار و سەرچاوەی هەیە، یەکێکیان ئەوەیە سەرکردە سیاسیەکان ئەو بەڵێنانە جێبەجێ ناکەن کە بەخەڵکیان داوە، واتە لەماوەی شەو و ڕۆژێکدا دەگۆڕێن و چیتر پابەند نابن بەهێنانەدی بەڵێنەکانیانەوە. هۆکاری دووەم ئەوەیە بەئەمانەتەوە، یاخود نەزیهانە هەڵسوکەوت لەگەڵ مەسەلە داراییەکاندا ناکەن و ئەمەش سەردەکێشێت بۆ گەندەڵی دارایی، خاڵی سێیەم بریتییە لەگەندەڵی ئەخلاقی کە لەدەرئەنجامدا دەبێتەهۆی دروستبوونی گەندەڵی سیاسی، واتە سەرکردەکان و سیاسیەکان پابەند نابن بە بەها و پێوەرە ئەخلاقیەکانەوە. هەروەها من پێموایە جیاوازیەگەلێکی ڕوون نییە لەنێوان ئەم دوو جۆرە گەندەڵییەدا، زۆرجار گەندەڵی سیاسی کە بەمانای لاوازکردنی یاسا و ڕێساکان، یان دامەزراوە سیاسیەکان دێت، سەرچاوەکەی گەندەڵی دارایی یان ئەخلاقییە. لەڕێی کۆنترۆڵکردنی سەرچاوە و داهاتەکانی وڵاتەکەوە و خستنەگەڕیان بۆ مەبەستە تایبەتیەکانی خۆیان لەنێویاندا پتەوکردن و پاراستنی دەسەڵاتەکانیان.

* هۆکاری ئەوە چییە ئەم جۆرە سەرکردانە هەوڵی ئەوە دەدەن خەڵك و جەماوەر متمانە بەپارتە سیاسیەکان نەکەن؟

- لەبنەڕەتدا، ئەو کارتەی سەرکردە پۆپۆلیستیەکان پشتی پێ دەبەستن ئەوەیە جەماوەر و دەنگدەران بێ متمانە بکەن لەئاست پارتە سیاسیەکاندا، لە ئاست ئەو دەرفەت و ئیختیارانەی پارتە سیاسیەکانی دیکە دەیخەنەڕوو، ئەوان گەمە لەسەر ئەم ترس و بێ متمانەییەی جەماوەر دەکەن بەپارتە سیاسیەکان و دەیانەوێت پاڵپشتی و وەلائی خەڵك بەم شێوەیە بەلای خۆیاندا ڕابکێشن.

* سەرکردە پۆپۆلیستەکان لەڕێی متمانەی جەماوەرەوە دەگەنە دەسەڵات و دواتر دەگۆڕێن بۆ دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری،



پرسیارەکە ئەوەیە لەم هەلومەرجەدا ئایندەی دیموکراسی چی دەبێت؟

- لەڕاستیدا دروستبوون و سەرهەڵدانی قەیرانە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان زەمینەی سەرهەڵدانی سەرکردە پۆپۆلیستیەکان دەڕەخسێنن، بۆ نموونە دۆخە ئابوورییە دژوارەکانی فەنزویلا و هەندێ لەوڵاتانی دیکەی ئەمەریکای لاتین هۆکاری هەڵکشانی ئەم سەرکردانە بوون، هەروەها لەسربیاش بەهۆی نیگەرانی و نادڵنیایی خەڵکی ئەو وڵاتە لەئاست سنووری وڵاتەکەیاندا، ئەم سەرکردانە دروستبوون. مەبەستم ئەوەیە لەکاتی بوونی قەیرانی سەخت و تەحەددا جیدیەکاندا ئەم سەرکردانە سەرهەڵدەدەن. بەو پێیە باشترین هۆکار بۆ سنووردارکردنی ئەم ئەگەرە، بەهێزکردنی دامەزراوە دیموکراسیەکانە.ئەم سەرکردە پۆپۆلیستیانە ئەو ڕاستیە دەزانن کە تەنها ڕێگای یاسایی بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، ئەوەیە لەهەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، بەڵام ئەم سەرکردانە دوای گەیشتنیان بەدەسەڵات لەشەو و ڕۆژێکدا دەگۆڕێن و هەوڵی گۆڕینی ڕێساکان و ڕاکردن لەجێبەجێ کردنی بەڵێنەکان دەدەن، لەبەرئەوەی باش ئەو ڕاستیە دەزانن کە خەڵکی چاوەڕوانی و پێشبینی زۆریان هەیە لەئاستیاندا، ئەوەش دەزانن کە ناتوانن لەئاست ئەم پێشبینیانەدا نین.

* ئایا تاچ ڕادەیەك سەرکردە پۆپۆلیستیەکان زیان بەدامەزراوە دیموکراسییەکان دەگەیەنن؟

- لەڕواڵەتەدا پۆپۆلیستەکان وەك کەسانێکی دیموکراسی دەردەکەون، بەڵام لەبنەڕەتدا دەبنە هۆی لاوازکردنی بناخە و دامەزراوە دیموکراسیەکان و لەڕاستیدا ئەوان هۆکار و ئامرازە دیموکراسیەکان ئیستیغلال دەکەن بۆ ئامانجەکانی خۆیان.

* چۆن پارتە سیاسیەکان لەکۆمەڵگە دیموکراسیەکاندا دەتوانن ڕێگری لەسەرهەڵدانی ئەم سەرکردانە بکەن؟

- من پێموایە دەتوانن لەڕێی پیادەکردنی دیموکراسیەوە لەژیانی ناوخۆی پارتەکانیان و پەیڕەوکردنی شەفافیەتەوە ئەم کارە بکەن، هەروەها بەقبوڵکردنی ئەو بنەمایەی کە بوونیان بەپارتێکی بەرهەڵستکار کۆتایی دنیا نییە و دەکرێت لە هەل و دەرفەتێکی دیکەدا بتوانن بگەنە دەسەڵات.


بەبێ هۆشیاریمان بۆ ئازادی و
ئیرادەمان بۆ بڕیاردان ناتوانین هەنگاو
بۆ بونیادی دیموکراسی بنێین
(مێژووی جیهان
بێجگە لە پێشکەوتنی
هۆشیاری مرۆڤ بۆ
تێگەیشتن لە ئازادی،
شتێکی دیکە نییە)
هیگڵ

هۆشیاری و ئیرادەی هاووڵاتیان بۆ بەشداریکردن لەدەسەڵات و بڕیاردان لەسەر مەسەلە چارەنووسسازەکانی وەك بڕیاردان لەسەر سندووقی دەنگدان، دەکەوێتە سەرووی هەموو مەسەلەکانی دیکە و چارەنووسی مرۆڤ وەك تاك و کۆمەڵگە وەك کۆی تاکەکان دیاریدەکات، ڕوویەکی جوان بۆ یاسا دەردەخات و بە ئەرك وماف سەروەریی یاسا دیاری دەکات.

هۆشیاری و ئیرادە سەرەکیترین دوو هۆکارن بۆ بەدیهێنانی ئازادی، بۆیە ئاراستەی مێژووی مرۆڤایەتی لەو خاڵەدا دەگاتە لوتکە کە ئازادی تێدا بەدیدەهێنرێت، ئەو ژینگەیەش کە ئەو ئازادیەی تێدا بەرهەمدەهێنرێت، ئەو دامەزراوە سیاسییە دەستوورییانەیە کە لەسەر بنەمای میکانیزمی پاراستنی ئازادی بونیادنراون و هەڵدەسووڕێنرێن.

ئەم دەسپێکە پێویستی بە هۆشیاریە بۆ ئەوەی ئیرادەی تاك، کۆیلەیەتی بۆ دەوڵەت و ئەو دەسەڵاتەی دەوڵەت هەڵدەسووڕێنێت، لەو دامەزراوانە جیابکاتەوە کە لەسەر بنەمایەکی دەستووری بۆ ڕەنگدانەوەی ئیرادەی تاك و هۆشیاری بۆ بایەخی ئازادی بونیادنراون.

ئەگەر هۆشیاری زەوتکرا ئیدی پەرلەمان هەبێت یان نەبێت تەعبیر لەئیرادەی گەل ناکات و ناتوانێت نوێنەرایەتی ئیرادەی گەل بکات

کەواتە ئاراستەی وتوێژکردنمان بۆ شرۆڤەی ئەم باسە گرنگە، دەبێت لەو حاڵەتە جیابکرێتەوە کە بانگەشە بۆ پاراستنی دەسەڵاتێکی دیاریکراو دەکەین، نەخێر هەمووومان پێکەوە بەرگری لەو کۆمەڵگە مەدەنییە دەکەین، کە تاکەکان لە دەستوور و یاساکانیدا، هەست بە بوون و ئیرادەی خۆیان دەکەن. کۆمەڵگەی مەدەنیش بەو مانایە لەم ڕاپۆرتە ئاماژەی پێدەکەین، کە سیمای ئازادی لەناو دەوڵەت یان کیانێکی دەستووری هاوچەرخدا نەبێت ڕەنگدانەوەی لەسەر ئاکار و ڕەفتاری ڕۆژانەمان نابێت.
لەم خاڵەوە ئەو ڕاپۆرتە پشت لە ئەزموونی حوکمڕانی جیهان ناکات، بەڵام هەموو ئەزموونەکانیش لەبەردەمی خۆیدا کەڵکە ناکات، بە ژمارەی زۆری و کەمی بڕیار لەسەر باشی و خراپی و گونجان و نەگونجاندنی بدات، بەڵکو لەسەر ئەو ئەزموونانە هەڵوەستە دەکات کە دوایین ئامانجی بەدیهێنانی ئازادییە بۆ کۆمەڵگە، بەڵام جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە کە بەدیهێنانی ئەم ئامانجە بە لاساییکردنەوە و کۆپیکردنەوەی سیستەمێکی دیاریکراو و گواستنەوەی بۆ کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو نایەتەدی، ئەم ئامانجە بە بونیادی ئەو دامەزراوە دەستووریانە دێتەدی کە ڕەنگدانەوەی هەموو لایەنەکانی ئابووری و سیاسی و ڕۆشنبیریی کۆمەڵگەی پێوە دیارە و ڕەنگدانەوەی ئەو ئیرادەیە کە یاساکانی بۆ هەڵسووڕاندنی ئەو دامەزراوانە دارشتووە، دارشتنی یاساکانیش لەبەرئەوەی بەرهەمی ئیرادەی تاکەکانە و لەپەرلەمانێکی ئازادەوە بەرهەم هاتوون. کەواتە ڕەنگدانەوەی ئیرادەی هەر تاکێکە، هەربۆیە هەر تاکێك لەکۆمەڵگەی ئازاددا کە ملکەچ دەبێت بۆ یاساکە، بێجگە لەملکەچی بۆ ئیرادەی خۆی ملکەچی هیچ ئیرادەیەکی تر نابێت. لێرەوە جیاوازی لەنێوان ملکەچبوون بۆ ئیرادەی خۆت وەك تاك و ملکەچبوون بۆ سوڵتانی دەوڵەت وەك کۆیلە دەست پێدەکات و دوو ئاراستەی جیاواز وەردەگرن و قەت بەیەك ناگەن.

زۆر لەو کەسانەی دەیانەوێت، یاری بە ئیرادەی ئازادی تاکەکان بکەن و هۆشیاریان بگێڕنەوە بۆ دواوە، پێش هەموو شت تاکەکان بەو موناقەشانە سەرقاڵ دەکەن کە بنەما سەرەکیەکانی بونیادی دامەزراوەکان و هەڵسوڕاندنی دامەزراوەکان بەکۆپیکردنەوە و لاساییکردنەوە لێ چەواشە دەکەن. ئەوان ڕاستگۆیانە لەگەڵ گەلی خۆیان مامەڵە ناکەن و ڕاشکاوانە پێیان ناڵێن ئەو دامەزراوانەی بۆ بونیادی دیموکراسی و ئازادی بونیادی دەنێین، هەر دەبێت بەئیرادەی ئێوە وەك تاك و کۆمەڵگە وەك کۆی تاکەکان هەڵسوڕێت، بەداخەوە زۆربەی ئەو لایەن و پارتە سیاسیانەی لە قۆناخێکی هەستیاری وەك قۆناخی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، گەلی خۆیان بەو ئاراستەیە چەواشە دەکەن، کە لەئیرادەی خۆیان نائومێد بن، ئەڵتەرناتیڤیشیان بۆ ئەم هەوڵەیان، لەخودی ئامانجەکەیان کە بێ ئومێدیە ترسناکترە، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی کاتێك پارتێکی ئیسلامی دەسەڵاتی شەرعی وڵات بە کوفر ناوزەد دەکات، واتە ئیرادەی تاك لەم کۆمەڵگەیە کوفر بەرهەم دەهێنێت، کاتێك سەرکردەیەك خەو بە پۆلیسەوە دەبینێت و دەسەڵات و بەرپرسەکانی بە خائین و دوژمنی بەرژەوەندی گەل ناوزەد دەکات، واتە ئیرادەی ئەو میللەتە خائین و دوژمنی بەرژەوەندی گەل بەرهەمدەهێنێت، لەوانەیە ئەو پارت و لایەنە ئیسلامیانە و ئەوانەشی خەو بە پۆلیسەوە دەبینن، لەمەترسی بەکارهێنانی ئەو ئایدۆلۆژیەتە وەك پێویست ئاگادار نەبن کە چ کارەساتێك بەسەر ئایندەی نەتەوەیەکدا دەهێنێت، بۆیە زۆر بە سادەیی و بەبێ ئەوەی هیچ حسابێك بۆ هەست و هۆشیاری نەتەوەیەك بکات، دوای لێدەکات دەستبەرداری ئیرادەی خۆی بێت و لاسایی تاکی کۆمەڵگەیەکی دیکە بکاتەوە، کە سروشتی ئەم کۆمەڵگەیەی ئێمە لەگەڵ ئەو لاسایکردنەویە یان کۆپیکردنەوەی ئەو سیستەمە ناگونجێت، لەوانەیە لە وڵاتی یەکەم ئەو سیستەمە سەرکەوتنی بۆ گەلی خۆی بەدەستهێنابێت، بەڵام لە وڵاتێکی دیکە سەرکەوتوو نابێت، هەربۆیە کاتێك دەبینین لایەنێکی ئیسلامی گلەیی ئەوە لەپەرلەمان دەکات کە دوو ڕکات نوێژی تێدا ناکرێت، لایەنەکەی دیکە پەرلەمان بەوە بە نائەکتیڤ تۆمەتبار دەکات، لەبەر ئەوەی لەناو هۆڵی پەرلەماندا وەك ئەو وڵاتەی خەونی پێوە دەبینێت شەڕە بۆکس و شەڕە کورسی تێدا ناکرێت، یان لەباشترین حاڵەتدا وەك پەرلەمانی عێراق پیلانی زۆرینە و کەمینەی دەنگدانی دژ بە مەسەلەیەکی هەستیاری وەك کەرکوك و پێشێلکردنی مافی نەتەوەکانی دیکەی تێدا دانارێژرێت.

ئەمە ئەو حاڵەتیە کە نەك ئێمە بەڵکو تێکڕایی مێژووی فەلسەفەی سیاسیی لەجیهاندا جەختی لەسەردەکاتەوە و هۆشیاری گەل دەخەنە سەرووی دادپەروەری و دیموکراسییەوە، ئەگەر هۆشیاری زەوتکرا ئیدی پەرلەمان هەبێت یان نەبێت تەعبیر لەئیرادەی گەل ناکات و ناتوانێت نوێنەرایەتی ئیرادەی گەل بکات، حکومەت هەبێت یان نەبێت، ئیرادەی گەل جێبەجێ ناکات، بەڵکو بە ئیرادەیەك کاردەکات کە لەدەرەوەی ئیرادەی گەلە، لەم حاڵەتەشدا ملکەچبوونی گەل بۆ یاسا و دامەزراوەکانی حکومەت نابێتە ملکەچبوون بۆ ئیرادەی خۆی بەڵکو دەبێتە ملکەچبوون بۆ ئیرادەیەك کە لەدەرەوەی ئیرادەی خۆیەتی، ئەویش کۆیلە بوونە بۆ دەسەڵاتی دەوڵەت.

### دامەزراوەکان بەئیرادەی گەل هەڵدەسوڕێن و ڕەنگدانەوەی ئیرادەی گەل دەبن

کە دەڵێین دامەزراوە دەستوورییەکان دەبێت بەئیرادەی گەل هەڵبسوڕێن و ڕەنگدانەوەی

ئیرادەی گەل بن، لەبەرئەوەیە، کە دەستوور و یاساکان بەرهەمی هۆشیاری تاکەکان و کۆمەڵگە وەك کۆی تاکەکانە، کەواتە هۆشیاری یان هۆشیارکردنەوە ئەرکێکە دەبێت بکەوێتە سەروو مەسەلەکانی دیکە، ئەمەش دەبێتە دەستپێکی جیاکردنەوەی ئیرادە لەئارەزوو، لەبەرئەوەی لەم حاڵەتەدا ئیرادە لە بیرکردنەوە جیاناکرێتەوە، دەبێتە ئەو بیرەی کە واقیع وەك خۆی دەبینێت و بەپێی ئەو واقیعە هەنگاو بۆ پێشەوە هەڵدەگرێت، ئیرادە بەو جۆرە سەیری رابردوو دەکات، کە پێویستە ئەو رابردووە بەرەو پێشەوە ببرێت، بۆیە لەپێناوی پێشکەوتنی تێپەڕاندنی رابردوودا یاسا دادەڕێژێت ودامەزراوەکانی بونیاد دەنێت، دروست وەك ئەو کەسەی کە دەچێتە لای بەرگدرو و دەیەوێت بە پێوانەی خۆی بەرگی بۆ بدوورێت، نەك بەرگێکی ئامادەکراوی بەزۆر لەبەربکرێت. کەواتە دامەزراوەکان تەنها بۆدی ئەو ئۆتومبێلەیە کە پێویستە بزوێنەرێك بیجولێنێت و دەبێت بزوێنەرەکەش بە سروشتی ئەو کۆمەڵگەیە دروست بکرێت و هەموو تایبەتمەندییەکانی ئەو کۆمەڵگەیە لەبەرچاو بگرێت، لێرەوە پیش ئەوەی بێینە سەر شرۆڤەی ئارەزوو، بە چەند خاڵێك رەنگدانەوەی تایبەتمەندیی کۆمەڵگە یان ئیرادەی تاك لەسەر هەڵسوڕاندنی دامەزراوەکان ئاماژە پێدەکەین:

١- ئەو یاسایانەی کە بۆ بونیادی ئەو دامەزراوانە دادەڕێژرێت، پێویستە داڕێژراوی ئیرادەی گەل بێت و دەربڕی ئیرادەی تاکەکان بێت، ئەمە واتە هیچ یاسایەك ناتوانێت دەربڕی ئیرادەی تاك بێت، ئەگەر یاساکە وەزعی نەبێت.

٢- یاساکە ئەگەر وەزعی بوو، واتە لەسەر بنەمای ئیرادە و هۆشیاری تاکەکان بوو، واتە ئەو یاسایە ئیرادەی تاکەکان وەك خۆی بەرجەستە دەکات و لەبەرئەوەی ئەو ئیرادەیەش لەئازادی جیاناکرێتەوە. کەواتە یاساکە تەنها داکۆکی لەوە ناکات کە تاکەکان ئازاد بن، بەڵکو ئازادی تاکەکان وەك پێویستیەك سەیر دەکات، ئەم پێویستیەش چۆن دەپارێزرێت، بێگومان دەبێت لە یاساکەدا راشکاوانە ئەرك و ماف دیاریکرابێت.

٣- راستە مافەکان وەك لائیحەی مافەکانی مرۆڤ ئاماژەیان پێکراوە، بەڵام ئەم مافانە هیچ بەهایەکیان نابێت، ئەگەر لەبەرامبەردا ئەرکەکان دیاری نەکرێت، کەواتە لائیحەی مافەکانی مرۆڤ تەنها مافەکانی دیاریکردووە، ئەوەی بەهای ئەو مافانە دیاریدەکات ئەرکەکانی کۆمەڵگەیە، لەبەرئەوەی ئەرکی تاکەکان لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا جیاوازە، کەواتە پیادەکردنی مافەکان و هەڵسوڕاندنی دامەزراوەکانیش بۆ رەنگدانەوەی ئەو مافانە جیاواز دەبن، ئەم تایبەتمەندییەی کۆمەڵگەیە دامەزراوەکان بەپێویست دەزانێت، بەڵام هەڵسوڕاندنی دامەزراوەکان بۆئەوەی ببێتە دەربڕی ئیرادەی تاکەکانی کۆمەڵگە جیاوازەکان، بەجیاوازی سەیردەکات و رێگە نادات، کۆپیکردنەوە یان لاسایکردنەوە سەرکەوتوو بێت، هەر بۆ نموونە کە لایەنێکی سیاسیی داوا لە گەلەکەی دەکات لاسایی بۆ نموونە ئەزموونی وڵاتێکی وەك هۆڵەندا بکەنەوە، لەو خاڵەدا دەکەوێتەوە هەڵەوە کە ئەرکی تاکێکی کوردستانی بۆ گەیشتن بەهەمان ئامانج کە بونیادی دیموکراسییە، جیاوازە لەئەرکی هاووڵاتییەکی هۆڵەندی کە هەمان ئامانجی هەیە. ئەمەیە رێگە بە پارتێکی ئایینی ئەوجا ئاسمانی بێت یان زەمینی، ئیسلامی یان مەسیحی، کە دوور لەئیرادەی تاکەکان یاسا و دەستوور بۆ وڵات دابڕێژرێت، ئەم حاڵەتەیە داوادەکات یاساکان دەبێت وەزعی بن، واتە بەرهەمی ئیرادە و هۆشیاری تاکەکان بن، بۆئەوەی تاکەکان تەنها ملکەچی ئیرادەی خۆیان بن، نەك کۆیلایەتی بۆ دەسەڵاتێکی دیکە.

٤- کە ئەرك و ماف دیاریکرا، واتە تۆ بەرامبەر ئەو ئەرکانەی لەسەرشانتانە مافت هەیە و بەرامبەر ئەو مافانەی بۆت دابینکراوە ئەرکت لەسەر شانە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە لە چ خاڵێکدا پەیوەندی نێوان ئەرك و ماف هاوسەنگ دەبێت؟ لەوەڵامدا دەڵێین لەوکاتەی کە دامەزراوەکان بونیاد دەنێرن ودەپارێزرێن، ئەمەش واتە کاتێك هۆشیاری تاك گەیشتە ئەو ئاستەی بێجگە لەدامەزراوەی دەستووری، هیچ رێگەیەکی دیکە بۆ بینینەوەی ئیرادەی ئازادی تاك بوونی نییە، واتە ئاستی هۆشیاری تاك بۆ تێگەیشتن لەئازادی و بەدیهێنانی ئازادی، گەیشتۆتە ئەو خاڵەی



**جیاوازی لەنێوان توانا و ئیرادەی تاکەکان نییە، بەڵکو جیاوازی لەو میکانیزمەدایە کە ئەو توانایانە هەڵدەسوڕێنێت و ئیرادەی تاکەکانی پێ بەرهەمدەهێنێت**

**ئەم راپۆرتە ناچێتە ئەو بەرەی بەرگری لەلایەک دژی لایەکی دیکە بکات، بەڵکو ئەم راپۆرتە راستەوخۆ لەگەڵ تێکرای هاوڵاتیانی کوردستان دەکەوێتە وتوێژ و، پرسیار لە خۆی و لە هاوڵاتیان دەکات.، چۆن هەموو پێکەوە پرۆسە دیموکراتیەکەمان بەرەو پێشەوە بەرین و بیپارێزین؟**

که ئێستا هەر تاکێکی کۆمەڵگەی ئازاد پێی گەیشتووە، ئەمە پێماندەڵێت ئاستی هۆشیاری تاکەکان بۆ تێگەیشتن لەمانای ئازادی و هەوڵدانی بۆ بەدیهێنانی ئازادی یەکسانە، واتە توانای مرۆڤەکان یەکسانە، بەڵام میکانیزمێکمان دەوێت ئەو توانایە وەك خۆی و بەپێی پێویست هەڵبسوڕێنێت، ئەم توانایە پەیوەندی بەزمان و شارستانیەوە نییە، ئەمەش بەو واتایە توانای تاکێکی میسری لەخوار توانای تاکێکی یۆنانییەوە کە تەنها دەریای سپی ناوەراست لێکیان جیادەکاتەوە، یان جیاوازی لەنێوان تاکێکی هۆنگ کۆنگ و پەکیندا هەیە کە هەردووکیان لەناو یەك وڵاتدان و خاوەنی یەك زمان و یەك مێژوو و یەك شارستانین، نەخێر جیاوازی لەنێوان توانا و ئیرادەی تاکەکان نییە، بەڵکو جیاوازی لەو میکانیزمەدایە

هەیە، لە باشور ئیرادە بۆ زۆرینەو کەمینەو کۆپیکردنەوەی ستایلی ئێرانی هەیە، ئەمە زۆر گرنگە بۆ کاتی دەنگدان لەپرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا،کە بەشی سەرەکی دەکەوێتە سەرشانی ئێمە وەك ماس میدیای کوردستان، کە ئەرکی سەرەکیمان ببێتە هۆشیارکردنەوەی تاکەکان و خوڵقاندنی میکانزمێك کە ئیرادەی تاکەکان لەسەر سندووقەکانی دەنگدان بڕیاری راست لەدوای بیرکردنەوە لەچۆنیەتی هەڵسوڕاندنی دامەزراوەکان و دەسنیشانکردنی ئەرك و مافەکانیان دەنگ بدەن، نەك تواناکانیان بە ئایدۆلۆژیەتێك بخرێتەگەر، ئیرادەیان لێ بسەنرێتەوە.

٥- ئەرك و ماف تایبەتمەندی کۆمەڵگە دیاری دەکات، ئەمە پێچەوانەی ئەو قسەیە نییە کە دەڵێت یاسا مافەکان دیاری دەکات، راستە یاساکان مافەکان دیاریدەکات،



لەگەڵ مۆراڵی تاك و دابونەریت و پێداویستیەکانی کۆمەڵگە هاودژی دروست ناکات و بەوجۆرە سەیری واقیعی کۆمەڵگە دەکات، کە پێویستە رابردوو و ئێستا تێپەڕێنرێت و هەنگاو بۆ ئایندەیەکی باشتر هەڵبگیرێت، بۆ ئێستای کوردستان ئەو مافانە یاسا بۆی دیاری کردووین، لەبەرامبەردا مۆراڵی کەسیمان وەك تاك و دابونەریت و پێداویستی کۆمەڵگە، ئەرکی بەشداری بونیادنانەوە و سڕینەوەی ئاسەواری شەڕ و ئاوەدانکردنەوەی وڵات و بونیادی دامەزراوە دەستووریەکان بۆ دیاری کردووین، بەڵام ئەگەر سبەینێ ئەم قۆناخەمان تێپەڕاند وبەرەو پێشەوە هەنگاومان نا، دەبینین مافەکانمان لەناو یاساکاندا هەمان مافن، بەڵام ئەرکەکانمان گۆڕانکاری بەسەرداهاتوون، ئەم گۆڕانکارییە هیچ هێزێك نییە بڕیاری لەسەر بدات، تایبەتمەندی کۆمەڵگە و ئیرادەی تاك نەبێت. بۆیە هۆشیاریمان بەمافەکانمان، ئیرادەی بڕیاردانمان بۆ دروستدەکات، ئەرکەکانی ئەمڕۆ و سبەینێمان لێکجیادەکاتەوە، بۆیە کاتێك ئایدۆلۆژیەتێك لەدەرەوە دێت و لەبری تایبەتمەندی و پێویستی کۆمەڵگە ئەرکی تاکەکانی کۆمەڵگە دیاریدەکات، دەبینین مۆراڵی کەسی وەك تاك، دابونەریت و تایبەتمەندی و پێوستی کۆمەڵگە تێکدەچێت، هەر بۆنموونە ئەگەر لەگەڕەکێکدا ٣ پێداویستی هەبوو، وەك دروستکردنی قوتابخانەیەك، دروستکردنی هۆڵێك بۆ بۆنە کۆمەڵایەتییەکان، لەگەڵ دروستکردنی مزگەوتێك، پارەش تەنها بۆ یەکێکیان هەبوو، پرسیار ئەوەیە ئایا تاکەکانی ئەو گەڕەکە بڕیار لەسەر دروستکردنی کامیان دەدەن؟ بێگومان ئەگەر لەئایدۆلۆژیەتی پارتێکی ئیسلامییەوە سەیری بکەین، دەبینین ئەولەویەت بەدروستکردنی مزگەوتەکە دەدات، لەبەرئەوەی بەپێی ئەو ئایدۆلۆژیەتە دەکرێت مرۆڤ نەخوێندەوار بێت، بەڵام ناکرێت شوێنێکی بۆ خواپەرستی نەبێت. ئەگەر لەئایدۆلۆژیای ئەو کەسانەشەوە سەیربکەین کە پێناسەی پێشکەوتن و ئازادی لەدەرەوەی کۆمەڵگەی خۆیان یان با بڵێین بەکۆپیکردنەوەی رۆژئاوا سەیردەکەن، دەبینین ئەولەویەت بۆ دروستکردنی هۆڵی بۆنە کۆمەڵایەتییەکان دادەنێت و پاکانەشی بۆ ئەم هەڵبژاردنەی ئەوەیە، کە هۆڵی بۆنە

کە ئەو توانایانە هەڵدەسوڕێنێت و ئیرادەی تاکەکانی پێ بەرهەمدەهێنێت، ئەگەر سەیری وڵاتی خۆمان بکەین دەبینین هەر لەعێراقدا، لەکوردستان توانای تاکەکان بۆ بەرهەمهێنانی دیموکراتی هەڵدەسوڕێنرێت، لەناوەراست بۆ گێڕانەوەی ئێستا بۆ رابردوو، لەباشوور بۆ کۆپیکردنەوەی دەسەڵاتی زۆرینە و ستایلی ئێرانییە، هەربۆیە بەرهەمی هەڵسوڕاندنی تواناکان ئیرادەی جیاواز بەرهەمدەهێنێت، لە کوردستان ئیرادە بۆ ئازادی ودیموکراسی هەیە، لە ناوەراست ئیرادە بۆ شۆڤێنی و دیکتاتۆری

بەڵام یاساکەش هەر رەنگدانەوەی تایبەتی کۆمەڵگەیە، بەڵام رەنگدانەوەی هەموو تایبەتمەندییەکانی نییە، کەواتە بێجگە لە یاساکان هەندێك رواڵەتی دیکەی کۆمەڵگەش هەن، ئەو مافانەی یاسا دیاری دەکات لەبەرامبەریدا ئەرکی بۆ دروست دەکات، کەواتە ئەوەی ماف دیاری دەکات یاساکانە، بەڵام ئەوەی ئەرکەکان دیاریدەکات مۆراڵی تاك و دابونەریت و پێداویستییەکانی کۆمەڵگایە، هەربۆیە کاتێك یاساکان لەهەمان سەرچاوەی تایبەتمەندی کۆمەڵگەوە دادەڕێژرێت،

کۆمەڵاتییەکان سەرچاوەیەکە بۆ هۆشیاری گەورەکان و کە گەورەکانیش هۆشیار بوونەوە ئەوا هەم لەبابەخی ئایین تێدەگەن و هەم لە بابەخی خوێندەواریش، بەڵام ئەگەر خۆمان لەهەردوو ئایدۆلۆژیەتە دەرەکییەکە داماڵی و بەپێی پێداویستی و تایبەتمەندی کۆمەڵگە سەیری هەر سێ پرۆژەکە بکەین، دەبینین کۆمەڵگە پێمان دەڵێت دەبێت قوتابخانەکە بکرێت بە ئەولەویەت، ئەمە نەك بەو مانایەی مزگەوت و هۆڵی بۆنە کۆمەڵایەتیەکان پێویست نین، نەخێر لەبەرئەوەیە قوتابخانە ئایندەی گەشی میللەتەکەمان دیاریدەکات، ئایندەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئایینەکان دیاریدەکات، نەوەیەکی خوێندەوار و رۆشنبیر بەرهەمدەهێنێت، کە هەم ئایین و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، وەك تایبەتمەندییەکی کۆمەڵگە بەرز رادەگرێت.

ئەمەیە جیاوازی نێوان بەرهەمی هۆشیاری بۆ بەرهەمهێنانی ئیرادە و نەبوونی هۆشیاری بۆ سڕکردنی ئیرادە، لێرەوە خاڵێکی دیکە دەستپێدەکات کە ئارەزوو وەك رەفتارێك دوور لەبیرکردنەوەی واقیعی کۆمەڵگە پێویستییەکانی کۆمەڵگە دیاریدەکات، لەم حاڵەتەدا، تاکەکان بەهەمان توانا هەڵدەسوڕێن، بەڵام بەرهەمەکەیان سڕکردنی ئیرادەو بە کۆیلەکردنی خۆیانە وەك تاك، بەبێ ئەوەی هەست بە خۆیان بکەن.

## ئارەزوو لەبڕیارداندا هۆکارێک بۆ لەڕیشەهەڵکێشانی ئیرادەی تاك

ئارەزوو (الهوى) ئەویش هەر بەکارهێنانی توانای تاکەکانە بۆ پیشاندانی ئیرادە، بەڵام ئیرادەیەك کە لەهەموو بیرکردنەوەیەکی واقیعی دوور دەکەوێتەوە و دوای ئارەزووی خود دەکەوێت، نەك لەدەوری بابەتێك یان ئامانجێك کۆبێتەوەو لەپێناوی ئەو ئامانجە بخرێتەگەڕ، هەربۆیە ئەگەر توانای تاکەکان لەچوارچێوەی ئەو هۆکارە بابەتیانە نەخرێتەگەڕ دەبینین، ئیرادە لەلایەن ئەو لایەنەی یان ئەو کەسەی کە دەیەوێت ئیرادەیەکی دەرەکی بسەپێنێت پاوان دەکرێت، تاکەکان لەبری ئەوەی ئیرادەی خۆیان بخەنەگەڕ بۆ ئازادی خۆیان، ئیرادەیان دەخرێتەگەڕ بۆ کۆیلەکردنی خۆیان، یاسایەکیان بەسەردا دەسەپێنرێت، کە تاکەکان ئیرادەی خۆیانی تێدا نابیننەوە، بەڵام هەستیشی پێ ناکەن. پرسیار لێرەدا ئەوەیە: بۆ هەستی پێناکەن؟ لەبەرئەوەی کە ئیرادەی لێ داماڵراوە یان بە کاریگەری ئایدۆلۆژیایەك ئیرادەکەی خرایە ناو ئارەزووی ئەو کەسانەی ئەو ئایدۆلۆژیەتە هەڵدەسوڕێنن، دەبینین پێش هەموو شتێك سیفەتی مرۆڤبوونی لێدەکاتەوە و بەرگی کۆیلەی دەکاتە بەر، لەم حاڵەتە ئەم تاکە بێ ئیرادەیە هەست دەکات دەجوڵێت و تواناکانیشی خستۆتەگەڕ، بەڵام دەبینین ئەو ئیرادەیە هەموو شتێك بەرهەمدەهێنێت، بەڵام خودی خۆی وەك تاك لەو ئیرادەیەدا نابینێتەوە، لەم کاتەدا تاك لەبری ئەوەی دوای هۆکار و ئەو پێداویستیانە بکەوێت، کە خۆی وەك تاك و کۆمەڵگە وەك کۆی تاکەکان بکەوێت، دەبینین دوای کۆمەڵێك ئارەزوو دەکەوێت کە ئایدۆلۆژیەتێك هەڵیدەسوڕێنێت، ئەم حاڵەتە لەمێژوودا نموونەی زۆرە، هەر بۆنموونە تاکێکی موسڵمانی کورد کە ئیرادەی لێ زەوتدەکرێت و لەناو ئایدۆلۆژیەتی پارتێکی ئیسلامیدا تەوزیف دەکرێت، لەناو ئارەزووی ئەو لایەنە یان ئەو کەسەی ئەو ئایدۆلۆژیایە بەگەڕدەخرێت، دەبینین توانای ئەو تاکە خراوەتەگەڕ بۆئەوەی ناسنامەی نەتەوەیی لێ بسەنرێتەوە، دەبینین توانای خراوەتەگەڕ بۆ ئەوەی بەپیرۆزی سەیری مێژووی نەتەوەکەی نەکات، بەڵام هەستیشی پێدەکات ئەمە زوڵمە لێی دەکرێت، بەڵام لەبەرئەوەی ئەو هۆکار و پێداویستیانەی توانای پێهەڵدەسوڕێت بۆ سڕکردنی ئیرادەیەتی نەك بەرهەمهێنانی ئیرادەیەکی ئازاد، دەبینین تاکەکە هێندەی دیکە تواناکانی خۆی بەئاراستەی دژی خۆی وەك مرۆڤ، دژی خۆی وەك تاکێکی کورد بەگەڕدەخات و هەوڵدەدات خۆی ئیقناع بکات، ئایدۆلۆژیەتەکانی دیکەش هەروایە. هەر بۆ نموونە سیستەمی کۆمۆنیستی، بەبیانووی یەکسان کردنی کۆمەڵگاوە، توانای تاکەکانی بۆ ئارەزووەکانی کۆمونیستیەکان دەخستەگەڕ، بۆیە ئیرادەیەك بەرهەمدەهات بۆ ئەوەی یەکسانی زاڵمانە دروست بکات، تاکەکانی ناو دەوڵەتە کۆمونیستییەکان، نەیاندەتوانی دژی یەکسانی رابوەستن وەك چەمکێك کە خزمەتی مرۆڤایەتی دەکات، بەڵام یەکسانییە زاڵمانەکەشیان پێ قەبوڵ نەبوو، بۆیە لەبری ئەوەی کۆمەڵگەیەکی ئەکتیف لەکۆی ئیرادەی تاکە ئەکتیڤەکان دروست بێت، دەبینین کۆمەڵگەیەکی تەمبەڵ لەکۆی تاکە ئیرادە زەوتکراوەکان دروست دەبوو.



ئەو دەنگدانەی یۆگسلافیای لەسەر نەخشەی سڕیەوە

ئەمە گەورەترین مەترسیە کە ئایدۆلۆژییەکان دەبنە مەترسی لەسەر ئیرادەی تاکەکان، کە ئیرادەی تاکەکانیش بەردی بناخەی هەموو ئایندەی کۆمەڵگە و بونیادی دامەزراوەکان و هەڵسوڕاندنی دامەزراوەکان دەبێت، هەر بۆیە کاتێك ئەم ئایدۆلۆژیا دەرەکیانە توانای تاکەکان بۆ ئارەزووی ئایدۆلۆژیەکان هەڵدەسوڕێنێت، هەوڵدەدرێت بیرکردنەوەی

**تاکێکی موسڵمانی کورد کە لەناو ئایدۆلۆژیەتی پارتێکی ئیسلامیدا تەوزیف دەکرێت، توانای ئەو تاکە خراوەتەگەڕ بۆئەوەی ناسنامەی نەتەوەیی لێ بسەنرێتەوە**



تاك و ئایدۆلۆژیاكە وەك یەكی لێ بكرێت، تاك بە چـــاك و خراپی ئایدۆلۆژیەكە بلێت بەڵێ و نەخێر نەمێنیت، بێگومان كە نەخێر نەما، ئیدی جیاوازی نامێنێت، كە جیاوازیش نەما ئیـــدی هەموو ئیـــرادەكان هەمووی لەناو یەكدا دەتوێنەوە و ئیرادەیەكی زاڵمانە دروست دەكات، بۆیە ئەم راپۆرتە هەوڵدەدات رێگە لەیەكســـانی ئیرادەی تاك و ئیرادەی بەرهەمهاتـــووی ئایدۆلۆژیاكان بگرێت، بۆ ئـــەوەی رێگە لەكۆمەڵگـــەی نائەكتیڤ بگرێـــت، ئەكتیڤی كۆمەڵگە كە بەرهەمی بەرهەمهێنانـــی جیاوازیەكانە بەبەردەوامی لەبەردەوامـــی خۆی رانەوەســـتێت، ئەمە شـــەڕی نێوان ئازادی و ئازادكردنی تاكە لەشەڕی زەوتكردنی ئیرادە و بەكۆیلەكردنی تاكـــە. ئەمـــە شـــەڕی ئەوەیە كـــە تاك بەئیرادەی خۆی بلێـــت (بەڵێ یان نەخێر) نەك دەســـتێكی دەرەكی لەسەروو ئیرادەی خۆیـــەوە بەڵێ و نەخێری بۆ دیاری بكات، ئەمە پێناسەكردنەوەی كۆمەڵگەی مەدەنی و جیاكردنـــەوەی كۆمەڵگـــەی مەدەنییە لەكۆمەڵگەی سروشـــتی، كە تێیدا تاك بە رێزگرتنی لەئیرادەی خۆی بەملكەچی بۆ ئیرادەی خۆی مافی بەرامبەر دەپارێزێت، نەك ئایدۆلۆژیایەك توانای خۆی و توانای بەرامبەرەكەی بەزۆر پێ سنووردار بكات.

ئەمە هەوڵدانە بۆ بەرزكردنەوەی ئاســـتی هۆشیاری تاك دەســـەڵاتی دامەزراوەكانی لەســـەرووی هەر دەسەڵاتی تاكێكەوە سەیر بكات، دەســـەڵاتێك چەنـــد بەهێزیش بێت، ئەگەر لەدەرەوەی ئەو دامەزراوانە پێناسەی خۆی بكات و پێیوابێت ئەو لەو دامەزراوانە باشتر كاروبارەكان هەڵدەســـوڕێنێت، دەبێت هۆشیاری تاك لەو ئاستە بێت، كە راشكاوانە و بەدەنگـــی بەرز بلێت، من پێویســـتم بەو هێزە نییە، ئەو هێزەی نەكەوێتە چوارچێوەی ئـــەو دامەزراوانـــە هێزێكـــی دەرەكییە و هەرچۆنێـــك پرۆپاگەندە بـــۆ خۆی بكات بێجگە لەزەوتكردنی ئیـــرادەی (من) وەك تاك و داماڵینی مرۆڤایەتی وەك (مرۆڤ) هیچ شتێكی دیكە بەرهەم ناهێنێت، كەواتە دامەزراوەكانـــی دەوڵەت یان دامەزراوەكانی كیانێكی سیاسیی وەك هەرێمی كوردستان، پێویســـتی بەهەمـــوو تواناكانـــی گەلی كوردستانە بۆ بونیاد و هەڵسوڕاندنی، بەڵام پێویســـتی بەو توانایانە نییە، كە لەدەرەوەی ئەو دامەزراوانـــە پرۆپاگەندەی ناجۆر بۆ دیموكراتی و پرۆپاگەندە بۆ پێناسەكردنەوەی ئـــازادی دەكەن. هەربۆیە كاتێك كەســـێك یان لایەنێـــك لەپرۆســـەیەكی هەڵبژاردندا بانگەشـــەی ئەوە دەكات ئـــەو دامەزراوانە دەبێـــت تێكبدرێن و نەمێنـــن، لەبەرئەوەی ناپاكی و خیانـــەت بەرهەمدەهێنن، كوفر و ئیلحـــاد بەرهەمدەهێنن، ئەگەر بگەڕێینەوە ســـەر باكگراوەندی ئەمجۆرە ئایدۆلۆژیانە، دەبینیـــن باكگراوەندەكەیـــان دەرەكییە نەك هەڵقـــوڵاوی ئیـــرادەی تاكـــە ئازادەكانی كۆمەڵگـــە، لەوانەیە هەندێـــك بڵێن چۆن دەرەكیە، ئەی ئـــەوە نییە هەموو تاكەكانی ناو ئـــەو گروپانەی ئـــەو ئایدۆلۆژیەتانە هەڵدەســـوڕێنن، هەموویـــان هاووڵاتـــی كوردســـتانین و بەكوردی قسە دەكەن، لەم حاڵەتـــەدا پێیان دەڵێین ئیـــرادەی دەرەكی بەو مانایە نییە، كـــە خەڵكەكە بیانی بێت یان ناوخۆیی بێـــت، هاووڵاتیانی كۆماری چینی میللی، لەسیستەمی هۆنك كۆنگدا ئیـــرادەی خۆی دەبینێتـــەوە، بەڵام هەمان هاووڵاتی چینی لـــە پەكین بەئیرادەیەكی دەرەوەی ئیرادەی خۆی حكومڕانی دەكرێت، هەر بۆیە كاتێك پارتێكی ئیسلامی تاكێكی كوردستانی بەكوفر وئیلحادی بن لادن یان حەرام و حەلالی حەسەن بەنا ئیقناع بكات، ئـــەوە هیچ جیاوازیەكـــی لەگەڵ ئەو تاكە نامێنیت كە لە تورابۆرا شـــەڕ بۆ بن لادن دەكات، جیاوازی لەگەڵ ئەو تاكە نامێنێت كە لە میســـر هەوڵ بۆ لەباربردنی ئازادی دەبـــات، یـــان ئایدۆلۆژیەتێـــك هەوڵبدات دامـــەزراوە دیموكراتییـــەكان نەمێنن، گەل هەموو متمانەی خۆی بدات بەسەركردەیەكی پۆپۆلیستی كە خاوەنی ئارەزوو و خەونێكی شێتانەیە، ئیدی ئەوانەی لەگەڵ ئەودا هەوڵ بۆ ئەم ئامانجە دەدەن ئایا چ جیاوازیەكیان



لەگەڵ ئەو رووسیانە هەیە کە چەپڵەیان بۆ یەڵتسن لێدەدا.

دەنگدان بەبێ هۆشیاری، بڕیاردانی بێ ئیرادەیە

## کارەسات بەدوای خۆیدا دەهێنێت

لەوانەیە سکێچی راپۆرتەکە وا پێویست بکات، لەزۆر برگەدا بگەڕێینەوە بۆ مەسەلە سەرەکییەکان، کە ئەویش بایەخی هۆشیاریە. ئەوەی لەکوردستان هەستی پێدەکرێت، زۆربەی پارت و لایەنە سیاسیەکان و لیستە سەربەخۆکان بانگەشەی بۆ دەکەن، یەک ئاراستەی لێدەخوێندرێتەوە، ئەویش ئەوەیە هەموو هەوڵیان بۆ ئەوەیە زۆرترین خەڵک لەدەوری بارەگاکانیان کۆ بکەنەوە، بۆئەوەی پیشانی رای گشتی بدەن، ئیرادەی چەند کەسیان زەوتکردووە، لەم رۆژانە پیرەمێردێک بە دڵسافی، پەیامی یەکێک لەو مێزەر بەسەرانەی بۆ گێڕاینەوە کە بەئەقڵییەتی ئیخوانی میسر و ئەندامانی قاعیدە بیرەدەکاتەوە و بەشێوەی نهێنی دەستیانکردووە بە پڕۆپاگەندەی هەڵبژاردن، پێیان گوتووە ئەگەر دەنگ بەئیسلامیەکان نەدەیت بۆ ئیمانت زەرەری هەیە یان هەندێک لایەنی دیکە کە خۆیان ناوناوە لیستی سەربەخۆ و ئازاد، بەخەڵکیان گوتووە ئەگەر دەنگ نەدەن بەئێمە واتە خیانەت لەخۆتان دەکەن. ئەم دوو پڕۆپاگەندەیە لەگەڵ ئەوەی دوو شێوازی جیاوازن بەڵام لەیەک سەرچاوەی فیکرییەوە سەرچاوە دەگرن کە ئەویش دەستەمۆکردنی ئیرادەی تاکەکانە بە تەڵەی ئایدۆلۆژیا.

لەحاڵەتی یەکەمدا، واتە بەکارهێنانی ئایینە بۆ گەیشتن بەدەسەڵات، لەحاڵەتی دووەمیشدا واتە بەکارهێنانی وشەی سەربەخۆیی و ئازادییە، تەماشا بکەن بەپیرۆزترین شت دەیانەوێت، میللەتی خۆیان بێ ئیرادە بکەن و تەسلیمی ئیرادەیەکی دەرەکی لەدەرەوەی ئیرادەی خۆی تاک بکەنەوە. ئەوان کە دێن خۆیان وا نمایش دەکەن کە رۆژانە چەند کەس سەردانی بارەگاکانیان دەکەن، ئەوانەی بە پاس بەدوای خەڵکدا دەنێرن قسەیان بۆ بکەن و پاشان لە هۆتێلی سلێمانی پالاس داوەتیان دەکەن، ئەوانە دەیانەوێت وەک سەرکردەیەکی سەربازی بەیانی لێبوردن بۆ بەرامبەرەکەی کە خۆی بەدوژمنی دەزانێت دەربکات و تەسلیمی ئیرادەی خۆی بکات، بۆیە ئێمە لەم راپۆرتە هەوڵدەدەین ئەرکی میدیا لەم هەڵمەتانەی هەڵبژاردن تەنها هۆشیار کردنەوەی هاووڵاتیان بێت، بۆ ئەوە ئەو ئیرادەیە دروست بێت لەسەر سندوقەکانی دەنگدان بێجگە لەویژدانی خۆی وەک تاک و بینینی واقیعی کوردستان و تێپەڕاندنی ئیستا بۆ ئایندەیەکی باشتر هیچ کاریگەریەکی بەسەرەوە نەبێت، لەم راستەوە گوڵان دەخوازێت دەستپێشخەر بێت، بەو ئاراستەیە دەست بەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بکرێت، کە ئایدۆلۆژییەکان لەدەرەوە پارێزەری هاووڵاتیان بن بۆ ئەوەی ئیرادەی خۆیان بڕیاربدات، نەک ئیرادەیان تێکبشکێنین، ئایدۆلۆژیەکان لەجیاتی تاکەکان دەنگ بدەن، بۆیە لەپێناوی بەرز راگرتنی ئیرادەی تاکەکان ئەم چەند خاڵە بەپێویست دەزانین:

١- مێژووی مرۆڤایەتی سەلماندویەتی ئایدۆلۆژیەت دۆزەخ دروست دەکات نەک بەهەشت، بۆیە ئەوانەی بانگەشەی ئەوە دەکەن بەئایدۆلۆژیای دەرەکی ئازادیتان بەدیاری بۆ دەهێنن، ئەوە ئایدۆلۆژیاکەی هێندە مەستی کردووە، خۆی لەسەرووی تاکەوە سەیردەکات، بۆیە تاکەکانی هاوشێوەی خۆی بە گێل تەماشا دەکات، ئەگەر وانییە، کێ دەتوانێت زاتی ئەوە بکات باسی ئازادی بکات یان دەستی تێوەربدات، لەبەرئەوەی ئازادی پێویستییە لەگەڵ بوونی مرۆڤ، ئەگەر ئازادی نەبوو مرۆڤیش وەک ( مرۆڤ) بوونی نییە، ئەرکی سەرشانی هەموومان هۆشیاربین بۆ تێگەیشتن لەئازادی و کار پێکەوەیی بۆ بەدیهێنان و پیادەکردنی ئازادی.

٢- ئەوانەی پەنا بۆ کۆپیکردنەوە و لاسایی کردنەوەی ئایدۆلۆژیای دەرەکی، میللەتی خۆیان بەبێ ئیرادە دەزانن، گومانیان

لەتواناکانی تاکەکانی کوردستان هەیە، بۆیە لەبری ئەوەی وەك مـرۆڤ ئازادی پێڕەوا ببینـن، هەوڵدەدەن وەك جەڵـەب لەپاوانی ئایدۆلۆژیایەکدا کۆیان بکەنەوە، هاتنەدەرەوە و چوونە ژوورەوەیان بەئارەزووی ئەو کەسانە بێـت کە ئەو ئایدۆلۆژیایە هەڵدەسـوڕێنن، ئەگەر لەم حاڵەتە هاوولاتیان هۆشیار نەبن، بەدەسـتی خۆیان دەرگا بۆ میلۆسۆڤیچێك دەکەنـەوە، کە نەك هەر میللەتەکەی خۆی تووشی کارەسـات کرد ولاتەکەشی لەسەر نەخشەی سیاسیی جیهان سڕیەوە، لەجیهانی سـەردەمدا کـوا دەوڵەوتێك مـاوە ناوی یوگسـلافیا بێت؟ کەواتە چۆن بڕیاردانی راسـت بە خۆشـگوزەرانی بـۆ میللەت دەشکێتەوە، بڕیاری هەڵەش بەکارەسات بۆ سەر ئایندەی گەل دەشکێتەوە.

٣- ئەوانەی خاوەنی ئایدۆلۆژیای دەرەکین و دەیانەوێت بەزۆر بەسەر میللەتی خۆیاندا بچەسـپێنن، دەبیین هەر بـۆ نموونە، حزبە ئیسـلامیەکان بـەردەوام پەنا بـۆ هەموو هۆکارێك دەبەن بۆشایەك بدۆزنەوە بچنە ناو ئازادی تاکـەکان وئازادییەکانیان لێ زەوت بکەن، بە کچان دەڵێن بە شـوداتان دەدەین بە کـوڕان دەڵێن ژنتان بـۆ دەهێنین، وەك قوتابیەکی یەکی لە کۆلێژەکانی سـۆران بـۆی گێراینەوە، لە هەولێـرە ئیخوانێکی یەککگرتوو چووە لە سـۆران پارەی بەسـەر



ئەو کچە بەسـەزمانە دابەشـکردووە، کە لە چکێکی لەسـەری بەسـتووە، لەمەش خراپتر، هەندێك لە کیژۆڵەکانی کوردستان هەر خۆیـان وەك نەریتی خێزانی خۆیان لە چك لەسەر دەکەن، دەچن لە چکی تازەیان بۆ دەبەن ورەسـمیان دەگرن و بەو شـێوەیە بلاویدەکەنەوە، ئـەوە پۆلی خانمی دیکەش خوا هیدایەتی دان و بوون بە کۆیلەی ئێمە، یان کۆمەڵی ئیسلامی بە پارەی دەوڵەتانی دراوسێ تەلەفزیۆنێکی داناوە، بێ جگە لە سـوکایەتیکردن بە ئازادی هیچ کارێکی دیکەی نییە، هەروەهـا ئەوانەی ناویان لە خۆیان ناوە ریفۆرم ولیسـتی سەربەخۆ وەك نەوشیروان مسـتەفا، کە دەبینێت خۆیشی گاڵتـەی بەو هەموو قسـانە دێت، کە لە تەلەفزیۆنەکەی بلاویدەکاتەوە و دەیەوێت بە خەڵك بڵێت ئەم حکومەتە هیچی نەکردووە وخۆی پێکەنینی بەخۆی دێت،لەبەر ئەوەی کەس ناتوانێت سـاڵی ٢٠٠٦ی سـلێمانی وهەولێر ودهۆك بە سـاڵی ٢٠٠٩ بەراورد بکات، ئەوەی لە ماوەی ئەو ٣ سـاڵە ئەو سێ شارەی نەدیبێت، کە ئیستا ئەو دیمەنانە دەبینێت ئێسـتا توشی شـۆك دەبێت،تەنها وەلامێك کە تەنهـا لایەنی خزمەتگوزاری سـەرەکی دەگرێتـەوە بە رێژەی سـەدی دەیخەینە روو:

أ- ئایا بەرێژەی لە سەدا چەند کێشەی بێ ئاوی لە کوردسـتان جێبەجێکراوە، ئایا ئەو تەلەفزیۆنە ئەو بوێریەی هەیە بڵێت ٧٠٪ی کێشـەی بێ ئاوی لە ٣ ساڵی رابردوو لە هەموو کوردستان چارەسەر کراوە؟

ب- ئایا رێژەی لە سـەدا چەندی کێشەی بێ کارەبایی چارەسەرکراوە، ئایا دەتوانێت بە هاولاتیانی خۆی بڵێت، بە رێژەی ٧٥٪-٨٠ ئەم کێشەیە چارەسەرکراوە؟

ت- ئایـا ئـەو تەلەفزیۆنـە دەتوانێت بە هاولاتیانی خۆی بڵێـت لە ماوەی ئەم ٣ سـاڵەدا سیسـتەمی خوێندن گۆڕدراوە، ئێستا بە سیستەمێکی نوێی مۆدرین کەرتی پەروەردەو فێرکردن بەرێوە دەچێت؟

ث- ئایـا دەتوانن لەگەڵ میللەتی خۆتان راسـتگۆبن و پێیان بڵێین لەماوەی ئەم ٣ ساڵە ژمارەی زانکۆکانی کوردستان چەند زیادی کردووە، چەند قوتابی وخویندکاری کوردستان ئێستا بە رێگەی ئەو زەمالانەی حکومەتی کوردسـتان بۆی دابینکردوون، ئێستا لە دەرەوەی وڵات دەخوێنن؟

ج- ئایـا دەتوانـن بـە هاولاتیانی خۆیان بڵێن،لەماوەی ٣ سـاڵی رابـردوو، چەند خولـی پەرەپێدانـی توانـای مرۆیی و بەرزکردنـەوەی توانـای کارمەنـدان لە ناوەوەو دەروەی کوردسـتان کراوەتەوە، ئایا دەتوانێـت بە میللەتی خۆی بڵێت ئێسـتا حکومەتی کوردستان چەند خولی کوالیتی ئەشـورانس( دڵنیایی لە چۆنیەتی کاری پرۆژەکان) کردۆتەوە و کادری پێویستی بۆ ئامادەکردووە.

ح- ئایا تەلەفزیۆنی کەی ئێن ئێن دەتوانێت بەرنامەکەی کاك نەوشـیروان مستەفا بۆ بوژانەوەی کشـتوکاڵ، لەگەڵ بەرنامەی وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ بوژانەوەی کشتوکاڵ بەراورد بکات؟

خ- ئایا کاتێك باسی سەربەخۆیی دەسەلاتی دادوەری دەکات لەبەرنامەکەی خۆیدا بە ٤ دێر، دەتوانێت لەگەڵ بەرنامەی حکومەتی کوردسـتان بۆ جیاکردنەوەی دەسـەلاتی دادەوری لە وەزارەتی داد بەراورد بکات؟

ئەمانەوچەندین بـواری دیکە، بۆیە هەقە رێگە نەدرێت، دیوارێك لە نێوان ئەم کارانە و ئیرادەی خەڵکی کوردستان دروست بکرێت، بێگومان ئەوە هەنگاوێکی شەرعیە،کەسێك خۆی بە نیشـتمان پـەروەر بزانێت، زیاتر بەرچـاوی میللەت رۆشـنبکاتەوەو، بڵێت ئەگەر من لە دەسـەلاتدا بوومایە، کێشەی ئـاوم بەرێـژەی ٨٠٪یان تەنانـەت ٩٠٪ چارەسـەر دەکرد، ئاسـاییە بڵێت، کێشەی کارەبـام بە رێژەی ٩٠٪ چارەسـەر دەکرد، بەلام ئەوە ئاسـایی نییە،کە هەموو شتێك لەبەرچاوی خەڵك بکرێت بەسـفر، ئەگەر ئەمە رەفتاری نیشتمانپەروەری و کوردایەتی بێـت، دەبێت جارێکی دیکە ئەو پێناسـانە دووبارە بکرێنەوە.

بۆیـە زۆر گرنگە، دەسـکاری ئیرادەی تاکـەکان نەکرێت، بەلام ئەرکی هەموومانە کار بـۆ هۆشـیاری بکەین بـۆ ئەوەی ئیرادەی ئازادی دەنگدەران لەسەر سندوقی دەنگدان بریـاری راسـت بدات.بۆیە ئەو لایەنانە گروە گەورەکـەی ئایندە دەبنەوە کە خۆیـان تێکەڵاوی ئـیرادەی تاکەکان ناکەن وئازادیەکان ناشـێوێنن، مێژوو پێمان دەڵێت ئەوانـەی پەندیان لەمن وەرنەگرتووە و گاڵتەیـان بە ئـیرادەی میللەتی خۆیان کردووە، بابێن لاپەرەکانم هەڵبدەنەوە، نەك بۆ ئەوەی سوود لە پەندەکانم وەربگرن،بەڵکو بۆ ئەوەی شوێنی هاوشـێوەکانی خۆیان لەناو لاپەرەکانمدا بدۆزنەوە.

بروس واڵەر بۆ گوڵان:

# وتوێژی نێوان بیروباوەڕە جیاوازەکان و سیستەمی پەروەردە هۆکارن بۆ ئیرادەی ئازاد

**پرۆفیسۆر بروس واڵەر، ئوستادی فەلسەفە و دیراساتی ئایینیە لەزانکۆی یۆنگ ستەیت و پسپۆر و تایبەتمەندە لەئاکار وفەلسەفەی سایکۆلۆژی و فەلسەفەی سیسیۆلۆژ، بۆیە سەبارەت بەکاریگەری ئیرادەی ئازادی تاکەکان لەسەر بەرەوپێشەوەچوونی کۆمەڵگە پەیوەندیمان بەپرۆفیسۆر واڵەر کردو بەمجۆرە ڕاو سەرنجی خۆی بۆ گوڵان خستە روو:**



**• ئەگەر بمانەوێت پێناسەی ئیرادەی ئازاد بکەین، ئایا چۆن پێناسەی ئیرادەی ئازاد دەکەیت؟**

- ئەمە مەسەلەیەکی مشتومڕ هەڵگرە، من پێموایە لەڕوانگەی سایکۆلۆژیەوە ئازادی پتر پەیوەستە بەئەنجامدانی هەر کار و کردەوەیەك کە خواستت لەسەری بێت، هەروەها بیرکردنەوە و تێڕامانی ژیرانە لەو کردەوانەی خوازیاری ئەوەیت ئەنجامیان بدەیت، لەگەڵ ئەگەری گۆڕینینان بەپێی هەلومەرجەکان.

**• ئەو هۆکارانە چینن کە دەبنە هۆکاری تیکشکاندنی ئیرادەی ئازاد؟**

- لەڕاستیدا زۆر هۆکار لەئارادان بۆ لەناوبردن و تێکشکاندنی ئازادی، لەنێویاندا کاریگەری سایکۆلۆژی کە زۆرجار مرۆڤەکان توانای هەڵبژاردنی کردارەکان لەدەست دەدەن و دەکرێت لەم ڕووەوە بگاتە دۆخێکی هاوشێوەی کۆیلەیەتی.

**• چۆن ئەم ئیرادە ئازادە لەبڕیاردان لەسەر سندوقی دەنگدان لەپرۆسەکانی هەڵبژارندا رەنگدانەوەی دەبێت؟**

- ئەوەی بۆ ئازادی ڕاستەقینە گرنگی هەیە، بریتیە لەبوونی بەدیل و ڕێگاچارە و ئیختیاری دیکە و توانای دەنگدەران و هاووڵاتیان بۆ ئەوەی بتوانن تاوتوێی ئەو بەدیلانە بکەن و توانای بڕیاردانیان هەبێت، بێ ئەوەی دووچاری هەڕەشە و سنوودارکردن ببنەوە.

**• تەنها دامەزراوە دەستووریەکان توانای پاراستنی ئیرادەی ئازادیان هەیە، لەوڵاتانی تازە گەشەکردوو ئەم دامەزراوانە کامڵ نەبوون. ئایا میکانیزمی پاراستنەکە چۆن دەبێت؟**

- پاراستنی ئیرادەی ئازاد ئەرکێکی ئاسان نییە، لەبەرئەوەی لە وڵاتە تازە گەشەکردووەکاندا هاووڵاتیان و دەنگدەران زانیاری ورد و ڕاستیان پێناگات و پێویست دەکات حکومەت ئەوپەڕی هەوڵ و تواناکانی خۆی بۆ بنیاتنان و باشترکردنی دامەزراوەکان بخاتەگەڕ و پەرە بەبیرکردنەوە و توانای ڕەخنەگرتن بدات، چونکە بێ بوونی ڕەخنە ئازادیەکی ڕاستەقینە بوونی نابێت.

**• کاریگەری زەوتکردنی ئەم ئیرادەیە لەسەر ئایندەی کۆمەڵگە چۆن دەشکێتەوە؟**

- بەدڵنیاییەوە ئەگەر هاووڵاتیان و دەنگدەران نەتوانن بەئازادی بڕار و بیروباوەڕەکانی خۆیان پیادە بکەن و بێ ترس و سنوردارکردن نەتوانن زانیاری پێویستیان بەدەست بهێنن و ڕێگەیان پێنەدرێت پێداچونەوەیەکی ڕەخنەگرانە بەزانیاریەکاندا بکەن، ئەوا ناتوانین بڵێین ئازادی لەئارادایە.

**• ئایا تاچەند دەسەڵاتە دیکتاتۆریەکان هەڕەشەن بۆ سەر ئیرادەی ئازادی ئێمە؟**

- دەسەڵاتە دیکتاتۆریەکان پشت بەسنووردارکردنی بڵاوبونەوەی زانیاریەکان و ڕێگەگرتن لەهاووڵاتیان دەبەستن لەوەی زانیاری پێویست بەدەست بهێنن، لەبەرئەوەی ئەگەر هاووڵاتیان زانیاری ڕاست و دروست و پێویستیان نەبوو چۆن دەتوانن بڕارێکی باش بکەن، بەو پێیە نابنە خاوەنی ئیرادەیەکی ڕاستەقینە و ئازاد.

**• لە پرۆسە دیموکراتیەکاندا، پارتە سیاسیەکان بەرنامەکانی خۆیان دەخەنەڕوو وەك گوزارشتێك بۆ ئیرادەی ئازادی مرۆڤەکان، بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی جیهانی سێدا هەوڵ بۆ سڕکردنی ئیرادەی ئازادی مرۆڤەکان دەدرێت، ئایا ئەمە تا چ ڕادەیەك کاریگەری دەبێت لەسەر دواکەوتنی کۆمەڵگە؟**

- ئەگەر هەڵبژاردنەکان ئازاد نەبن و دەنگدەران نەتوانن زانیاری پێویست لەسەر بەرنامە سیاسیەکان و پاڵێوراوەکان بەدەست بهێنن، ئەوا هەڵبژاردنەکان تەنها ڕواڵەت و ڕوکارێك دەبن و ئەمەش ئیرادەی ئازاد و ئیختیاری ئازاد لاواز دەکات.

**• ئایا لە چ هەل و مەرجێکدا دەکرێت ئیرادەی ئازادانەی ئینسانەکان بپارێزرێت؟**

- من پێموایە دەکرێت لەڕێی پشتگیرکردنی دەنگدەرانەوە بەوەی باوەڕیان بە تێڕوانین و تواناکانی خۆیان هەبێت بۆ ئەوەی ئیختیارێکی ڕاست و ژیرانە بکەن، هەروەها لەڕێی پەرەپێدانی گفتوگۆی نێوان بیروبۆچونە جیاوازەکان و باشترکردنی سیستەمی پەروەردەوە کە سەردەکێشن بۆ بەهێزکردنی ئیرادەی ئازاد.

> **پاراستنی ئیرادەی ئازاد ئەرکێکی ئاسان نییە، لەبەرئەوەی لە وڵاتە تازە گەشەکردووەکاندا هاووڵاتیان و دەنگدەران زانیاری ورد و ڕاستیان پێناگات و پێویست دەکات حکومەت ئەوپەڕی هەوڵ و تواناکانی خۆی بۆ بنیاتنان و باشترکردنی دامەزراوەکان بخاتەگەڕ**



دەبێت دووبارە پێناسەی ئیرادەی ئازاد بکرێتەوە بەو شێوەیەی کە کردار و ڕەفتاری ئازاد دەگرێتەوە بەپێی ئەو بەهایانەی لەلایەن مامۆستا باش و باوک و دایکە باشەکانەوە مرۆڤەکانی لەسەر گۆشکراوە



گوڵان
ژمارە (٧٣٠)
٢٠٠٩/٤/٢٧



## پرۆفیسۆر نیکۆلاس گیر بۆ گوڵان:

# هەڵبژاردنی باش ئەوەیە کەمترین گەمە بە ئیرادەی تاکەکان بکرێت

**پرۆفیسۆر نیکۆلاس گیر، ئوستادی فەلسەفەیە لەزانکۆی ئیداهۆ و تۆژەرە لەبواری دیراساتی ئاشتی و چارەسەری تەنگژەکان لەئامۆژگای مارتین، خاوەنی چەندین کتێبی فەلسەفیشە لەبوارە جیاجیاکاندا، بۆ قسەکردن لەسەر چەمکی ئیرادەی ئازاد وەك فاکتەرێکی گرنگ بۆ بڕیاردانی ڕاستی تاکەکان، پەیوەندیمان بەپرۆفیسۆر گیر کرد و بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:**

*** ئەوکاتە مرۆڤەکان هەست بەناسنامەی خۆیان دەکەن، ئەگەر ئازادی و ئیرادەی ئازادیان هەبێت، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن پێناسەی ئیرادەی ئازاد دەکەیت؟**

- من پێموایە دەبێت دووبارە پێناسەی ئیرادەی ئازاد بکرێتەوە بەو شێوەیەی کە کردار و ڕەفتاری ئازاد دەگرێتەوە بەپێی ئەو بەهایانەی لەلایەن مامۆستا باش و باوك و دایکە باشەکانەوە مرۆڤەکانی لەسەر گۆشکراوە، من بڕوام بەوە نییە ئیرادەی ئازاد بەشێوەیەکی سەربەخۆ لەو بەهایانە بوونی هەبێت.

*** بەڵام هیگل دەڵێت ئەگەر ئیرادەی ئازاد بوونی نەبوو، مرۆڤ دەبێتە کۆیلە؟**

- ئاماژەکردنی ئێوە بە هیگڵ جێی بایەخپێدان و سەرنجە، مرۆڤ لەهەلومەرجێکی خراپدا دەبێتە کۆیلەی سۆز و ئارەزووەکانی خۆی، ئەو ئینسانەی لە هەلومەرجێکی باشدا گۆشکرابێت، دەبێتە مرۆڤێکی چاك و خاوەن فەزیلەت و کار و ڕەفتاری ئازادانە دەکات بەپێی هەست و سۆزەکانی خۆی، کەواتە تێکرایی مەسەلەکە دەوەستێتە سەر هەلومەرجی گۆشکردنی مرۆڤەکە. هەمیشە هیگڵ باس لەئیرادەی ئازاد دەکات بەشێوەیەکی ڕادیکاڵی، من لەو باوەڕەدانیم ئەمە دابڕاوبێت لەمەسەلەی هەلومەرجی پەروەردە و گۆشکردن. هەوڵ و هەڵوێستی من ئەوەیە ئیرادەی ئازاد و زانست ئاشت بکەمەوە، لەبەرئەوەی ئەگەر بەو شێوەیە باس لەئیرادەی ئازاد بکەین کە بەشێوەیەکی سەربەخۆ بوونی هەیە، ئەوا ناکرێت ئایین و ئەخلاقییەت لەگەڵ زانستدا بگونجێن، ئەمەش مایەی قبوڵکردن نییە، واتە ئامانجی من ئەوەیە هەلومەرجە زانستییەکە لەگەڵ ڕەفتاری ئازاد و ڕەفتاری ئەخلاقیدا بگونجێنین.

*** زۆرجار لەکۆمەڵگە دیموکراسییەکاندا و لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا پارتە سیاسییەکان هەوڵدەدەن ئیرادەی ئازادی دەنگدەران بۆ ئامانجە ئایدۆلۆژییەکانی خۆیان بەکاربهێنن، ئەمەش بەو مانایە دێت کە ئەوان دژی ئیرادەی خۆیان دەنگ دەدەن، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین ئەم ئیرادەیە بپارێزین؟**

- من پێموایە تێڕوانین و تێگەیشتنی من لەئاست مەسەلەی هەڵبژاردندا بناخەیەکی پتەوی هەیە، هەروەك پێموایە هەڵبژاردنی باش، واتە ئەو هەڵبژاردنەی سەردەکێشێت بۆ ڕەفتاری ئازاد و ڕەفتاری ئەخلاقی ئەوەیە کە کەمترین پڕۆپاگەندەی تێدادەکرێت و کەمتر گەمە بەئیرادەی دەنگدەران بکرێت. لێرەدا من

دەگەڕێمەوە بۆ ئەوەی پێشتر ئاماژەم پێکرد، ژینگەی گۆشکردن و پەروەردەکردن، مەبەستم ئەوەیە ئەگەر منداڵان بەپەروەردەیەکی باش گۆشکرابێتن، بەپێی بەها و فەزیلەتە جوانەکان، ئەوا کەمتر ئامادەییان تێدادەبێت بۆ ئەوەی بەکاربهێنرێن لەلایەن هێزە سیاسی و ئایدۆلۆژیەکانەوە. کەواتە بوونی پەروەردەیەکی ئەخلاقی تەندروست و پەروەردە بەگشتی گرنگی و بایەخی خۆی هەیە بۆ بواری سیاسی، لەبەرئەوەی ئەگەر خەڵکی باش پەروەردە نەکرابێتن ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە لەلایەن پارتە سیاسی و هێزە ئایدۆلۆژیەکانەوە بکرێنە کۆیلە. من زۆرجار خۆم دەپارێزم لەوەی ئیرادەی ئازاد بەکاربهێنم، لەبەرئەوەی ئەو گریمانەیە لە خۆدەگرێت کە ئەم ئیرادەیە بەشێوەیەکی سەربەخۆ بوونی هەیە بێ لەبەرچاوگرتنی ژینگە و هەلومەرجەکە، کە من لەو باوەڕەدانیم ئەزموون و بیرکردنەوەی تەندورست ئەمە پشتڕاست بکەنەوە.

*** ئەرکی دامەزراوە حکومیەکان پاراستنی ئیرادەی ئازادی تاکەکەسەکانە، بەڵام لەوڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا، کە دامەزراوە حکومیەکان لەقۆناخی گەشەکردندان چۆن دەتوانرێ ئیرادەی ئازادی تاکەکانیان بپارێزرێت؟**

- ئەگەر ئیرادەی ئازاد بەشێوەی ڕادیکالانە بوونی هەبووایە، مەبەستم ئەوەیە بەشێوەیەکی سەربەخۆ و بەچاوپۆشین لەژینگە و بارودۆخەکەی دەوروبەر بوونی هەبووایە، ئەوا ئەو کاتە هیچ دەسەڵات و حکومەتێك نەیدەتوانی ئەم ئیرادەیە لاوازبکات، یان زەوتی بکات، واتە حکومەت دەتوانێت دەمکوتمان بکات، قۆڵبەستمان بکات و فرێمان بداتە زیندانی تاریکەوە، بەڵام لەبەرئەوەی ئیرادەی ئازاد لەناخی خۆمان و لەڕۆحماندایە، ئەوا لێمان زەوتناکرێت، ئەمە تێڕوانینە تەقلیدیەکەیە. ئەوەی پەیوەست بێت بەدیموکراتی یان دەسەڵاتەوە، من پێموایە دەسەڵات دەتوانێت ڕێگری لەئەنجامدانی ڕەفتار و کرداری ئازاد و ئەخلاقی بکات، بەڵام دیموکراسیەت بۆ ئەو مەبەستە هاتووە ڕێگە نەدات حکومەت ئاستەنگ دروست بکات لەبەردەم ڕەفتاری ئازاد و ئەخلاقی و پێکهێنانی پارتە سیاسیەکان و هەڵگرتنی هەر بیروباوەڕێکی ئاینی، چونکە کێشەی حکومەتە شمولیەکان ئەوەیە کۆسپ و تەگەرەیەکی زۆر لەبەردەم کرداری ئازادانە دروست دەکەن، بەچەشنی ئەوەی سەددام حوسێن کردی.

*** جیاوازی نێوان کۆیلە و مرۆڤەکان بوونی ئیردەی ئازادە، لەکاتێکدا دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری یان سەرکردەیەکی پۆپۆلیستی، هەڵدەستێت بەزەوتکردنی ئەم ئیرادەیە ئایا هیچ جیاوازیەك لەنێوان مرۆڤ و کۆیلەدا دەمێنێتەوە؟**

- دووپاتی دەکەمەوە، مەسەلەکە پەیوەستە بەوەی ئایا جیاوازی دەکەین لەنێوان ئیرادەی ئازاد و کرداری ئازاددا، فەیلەسوفێکی ڕۆمانی هەبوو لەکۆیلەتیدابوو، بەڵام ئەو لەنووسینەکانیدا باس لەوە دەکات و دەڵێت هەموو ڕۆژێکی نوێ وەك مرۆڤێکی ئازاد هەڵدەستمەوە، ڕاستە من زنجیرکراو و بەندکراوم، بەڵام ئەوە گەورەکەمە کە کۆیلەی دەستی سۆز و ئارزووە خراپەکانێتی و من هێشتا مرۆڤێکی ئازادم. واتە ئەگەر بەم شێوەیە لەئیرادەی ئازاد بڕوانین ئەوا حکومەت و دەسەڵاتەکان هیچ ڕۆڵ و کاریگەریەکیان نابێت لەسەر ئیرادەی ئازادی ئێمە، ڕاستە دەتوانن ڕێگری لەچەند کارێك بکەن، بەڵام لەبەرئەوەی ئیرادەکە لە ناخ و ڕۆحماندایە ئەوا ناتوانن لێمانی زەوت بکەن، ئەمە تێڕوانینە تەقلیدیەکەیە بۆ ئیرادەی ئازاد، من ویستومە ئەم جیاوازیە ڕوون بکەمەوە.

*** تاچەند دەسەڵاتە دیکتاتۆریەکان هەڕەشەن بۆ سەر ئیرادەی ئازادی ئێمە؟**

- ئەگەر بەشێوە تەقلیدیەکە لەمەسەلەی ئیرادەی ئازاد بڕوانین ئەوا دیکتاتۆرەکان دەتوانن ڕێگری لەکرداری ئازاد بکەن، بەڵام ناتوانن کاریگەریان هەبێت لەسەر ئیرادەی ئازادی ئێمە، ئەمە ئەو جیاوازیەیە کە من هەوڵدەدەم لێرەدا بیخەمەڕوو.

*** لەپرۆسە دیموکراتیەکاندا، پارتە سیاسیەکان بەرنامەکانی خۆیان دەخەنەڕوو وەك گوزارشتێك بۆ ئیرادەی ئازادی مرۆڤەکان، بەڵام لەهەڵبژاردنەکانی جیهانی سێدا هەوڵ بۆ سڕکردنی ئیرادەی ئازادی مرۆڤەکان دەدرێت، ئایا ئەمە تا چ ڕادەیەك کاریگەری دەبێت لەسەر دواکەوتنی کۆمەڵگە؟**

- لەزۆرێك لەوڵاتانی تازەگەشەکردودا- هەرچەندە من وەك تێڕوانینێکی ڕەخنەگرانە ئەمە نالێم- هێشتا زەمینە لەبار نییە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان، لەبەرئەوەی هێشتا دامەزراوە مەدەنیەکان وەك پێویست بنیات نەنراون و وەك پێویست کارناکەن بۆ ئەوەی دەنگدەرەکان بەشێوەیەکی بەرپرسیارانە و بەبەرچاوڕوونیەوە دەنگ بدەن، ئەمە پێویستی بەداڕشتنی بناخەیەکی باش هەیە هەر لەخێزانەوە تاوەکو قوتابخانە و مزگەوت و کڵێساکان، ئەگەر نا لەلایەن هێزە سیاسی و ئایدۆلۆژییەکانەوە گەمە بەئیرادەیان دەکرێت، ئەگەرچی لەکاتی هەڵبژاردندا بەشێوەیەکی ئازاد دەنگ دەدەن. کەواتە من لەگەڵ لێکدانەوەکەی ئێوەدا هاوڕام و دەکرێت لەم ڕووەوە ئاماژە بەئەزموونی عێراق بکەین کە ئەنجامدانی هەڵبژاردن بەکاتێکی کەم دوای ڕووخانی دیکتاتۆریەت و بێ ئەوەی دامەزراوەکان تەواو گەشەیان کردبێت، بووە هۆی ئەوەی لەسەر بناخەی ئیتنی و ئاینی دەنگ بدرێت.

*** ئایا لەچ هەلومەرجێکدا دەکرێت ئیرادەی ئازادانەی ئینسانەکان بپارێزرێت؟**

- هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد بوونی بناخەیەکی خێزانی بەهێز کە پەرە بەبەها و فەزیلەتە مەدەنیەکان بدات گرنگی خۆی هەیە، هەروەها بوونی سیستمێکی پەروەردەی کە بیروباوەڕە سیاسی و ئایینیەکان دەستێوەردانی تێدا نەکەن، لێرەوە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی کامڵ دەست پێدەکات. لەهەندێ وڵاتی ئەوروپیدا پابەندبوون بەم بەهایانەوە هەیە، بۆ نموونە لەدانیمارك کە زۆرجار ڕێژەی ئەو کەسانەی دەنگیان داوە لەپرۆسەی هەڵبژاردندا زیاتر بوو لە ٩٠٪ی ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەبووە، کە دەکرێت ئەمە بەئاماژەی سەرکەوتنی سیستمە دیموکراتیەکە لێکبدرێتەوە، ئەمە لەکاتێکدا لە ئەمەریکا دەگاتە ٣٠٪ بۆ ٤٠٪ کە دەکرێت بەئاماژەی بێ متمانەیی ئەمەریکیەکانی لێکبدەینەوە بەوەی نازانن دەنگ بە چی دەدەن. هەروەها ڕێژەی دەنگدان لەیابانیشدا بەرزە، هەروەها ڕێژەی ئەو کەسانەی ڕۆژنامەکان دەخوێننەوە لەیاباندا بەرزە، لەهەمان کاتدا ئەو ڕاستیەی ئێوە وەك ڕۆژنامەنووس پرسیاری قووڵ دەوروژێنن کاریگەری خۆی دەبێت و من ستایشتان دەکەم بۆ ئەو پرسیارانە.

*** دوا وتەت چییە؟**

- من تەنها دەمەوێت جیاوازی بکەم لەنێوان کرداری ئازاد و ئیرادەی ئازاددا، ئەمە ئەگەر ئەم ئیرادە ئازادە بوونی هەبێت، لەبەرئەوەی ئەگەر ئەم ئیرادەیە لەناخ و ڕۆحماندا هەبێت، هەروەك ئەوەی زۆربەی ئایینەکان، وەك ئیسلام، مەسیحیەت و یەهودیەت باوەڕیان پێیەتی ئەوا هیچ حکومەت و دەسەڵات و کەسێك ناتوانێت لێمان زەوت بکات، کە من باوەڕم وایە ئەمە پەیوەست نییە بەفەلسەفەی سیاسییەوە، لەبەرئەوەی ئێمە باوەڕمان بەکرداری ئازاد هەیە و پێمانوایە دەبێت چەند میکانیزم و ڕێوشوێنێك بگیرێتەبەر بۆئەوەی حکومەت نەتوانێت ڕێگری لەکرداری ئازاد بکات و نەتوانێت ئاستەنگی بۆ دروست بکات.

**زۆرجار خۆم دەپارێزم لەوەی ئیرادەی ئازاد بەکاربهێنم، لەبەرئەوەی ئەو گریمانەیە لە خۆدەگرێت کە ئەم ئیرادەیە بەشێوەیەکی سەربەخۆ بوونی هەیە بێ لەبەرچاوگرتنی ژینگە و هەلومەرجەکە**

# کوشتاری ئەرمەن لە نێوان ئێستاو مێژوودا



سامی شۆڕش

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

لەم رۆژانەدا، لە سەرتاسەری جیهان، یادی ئەو کوشتارو کارەساتە جەرگبڕە دەکرێتەوە کە هێزە سەربازییەکانی دەوڵەتی عوسمانی، ساڵی ١٩١٥ تا ساڵی ١٩١٧، دەرهەق بە ئەرمەنییەکان کردیان و نزیکەی ملیۆن و نیویەك ئەرمەنیان، لە ناو چوارچێوەی دەوڵەتەکەیاندا، جینۆساید کرد و نیو ملیۆنی دیکەشیان بە دەربەدەرکردن دا. لەو ساوە تا ئێستا، ئەو کارەساتە خوێناوییە دژ بە مرۆڤایەتییە، نەك تەنیا وەك پەڵە خوێنێکی زیندوو بە ناوچەوانی تورکیاو تەواوی مرۆڤایەتییەوە لکاوە، بگرە، لە هەمان کاتدا، چەندین گیروگرفتی زۆر گەورەو قورسیشی بۆ دەوڵەتی تورکیا دروست کردووە.

تا ئێستا، یەك لە کێشەکانی ئەنقەرە لەگەڵ ئەمریکاو ئەورووپاو رووسیاو ئەرمینیاو جیهانی نێودەوڵەتی ئەوەیە کە ئەنقەرە خۆی لە دانیان بەو کوشتارو کارەساتە دەپارێزێت و نایەوێت بە جینۆساید لە قەڵەمی بدات، یان دەوڵەتی عوسمانی لەبەرامبەر ئەو تاوانە بە بەرپرس بزانێت.

ئەم هەڵوێستە ناجۆرە، کە پێش چەند رۆژێك لە لایەن دەزگا سیاسی و رۆشنبیری و رۆژنامەوانییەکانی تورکیاوە دووپات کرایەوە، چەندین تەگەرەی زۆر گەورەی لەبەردەم ئەنقەرە دروست کردووە: لە لایەکەوە، پەیوەندییەکانی تورکیاو دەوڵەتی ئەرمینیای وا ئاڵۆز کردووە کە لە ساڵی ١٩٩٣ وە ئیتر سنووری نێوان ئەو دوو دەوڵەتە دابخرێت. لە لایەکی دیکەوە، ئاگری ناکۆکییەکی گەورە لە ناوچەی قەفقازدا بکەوێتەوە کە ئەویش ئاگری ناکۆکییەکانی نێوان ئەرمینیاو ئازەربێجانە لەسەر هەرێمی ناگۆرنی قەرەباغ. بێجگە لەوانە، یەك لەو هۆیانەیشی پێك هێناوە بۆ رێگ گرتن لە چوونی تورکیا بۆ ناو یەکێتی ئەورووپی، چونکە دەوڵەتان هەمیشە ئەندام لەو یەکێتییەدا داوای ئەوە لە ئەنقەرە دەکەن وەك مەرجێك بۆ سەلماندنی شیاویی خۆی لە بواری دیموکراسی و کرانەوەی مرۆییدا، دان بەو تاوانە گەورەکە بنێت. لەوەش بەولاتر، یەك لە دەمارە زەقەکانی ناکۆکی لە نێوان ئەنقەرەو واشنتۆن و ئەنقەرەو پاریسدا مەسەلەی کوشتاری ئەرمەنە. بگرە، لە ناوەخۆی تورکیاشدا، قورساییەکانی ئەو کوشتارە دەست و پێی ئەنقەرەی بەستۆتەوە لەوەی کە بە رەهایی و ئاشتەوایی لەگەڵ بابەتی دیموکراسی و کێشەکانی دیکەی ناوەخۆی، بە تایبەتی کێشەی کورد، بجولێتەوە.

بێگومان، مەبەست لە باسکردنی کوشتاری ئەرمەن، یان یادکردنەوەی کوشتارەکە، لە سەر تاسەری جیهاندا، بۆ ئەوە نییە زیان لە دەوڵەتی تورکیا بدرێت. هەروەها بۆ ئەوەش نییە، باری ئەو دەوڵەتە بە کوشتارەکە قورس بکرێت و وەك دەوڵەتێکی دەست خوێناوی لە قەڵەم بدرێت. بەڵکو مەبەست ئەوەیە ئیتر تورکیا لەوە حاڵی بێت کە جیهان گۆڕاوەو لەو سەردەمە تازەیەدا حسێبی ورد بۆ ئەو جۆرە تاوانە مێژووییانە دەکرێت. هەروەها بۆ ئەوەیشە کە پێی بگوترێت مەرجی یەکەمی دیموکراسی لە جیهانی ئەمڕۆدا تەنیا پەرلەمان و دەنگدان و هەڵبژاردن نییە، بەڵکو زۆر گرنگتر لەوانە ئەوەیە کە سیستەمە سیاسیەکانی وڵاتان، خۆ لە تاوانەکانی مێژوو نەدزنەوەو بەرپرسیارێتی ئەو تاوانانە هەڵبگرن. هەروەها بە ئاشکرایی، بێ ترس و فێڵ و گزی، دان بە کەموکورتی و هەڵەو کارە دژ بە مرۆییەکانی ناو ئەو مێژووە بنێن و پەیمانی ئەوە بدەن کە ئیتر جارێکی دیکە دووبارەی ئەو جۆرە تاوانانە ناکەنەوە. ئینجا ئەمین بن لە ئاست ئەوەی کە لێبوردەیی و کرانەوەو دانان، بکەنە هەوێنی گەشەکردنی تاقی کردنەوە دیموکراسییەکانی خۆیان.

ئێستاش، هۆڵۆکۆست، واتە کوشتاری جوو لە ئەڵمانیا لە سەردەمی شەڕی دووەمی جیهانیدا، بە یەك لە تاوانە گەورەکانی مرۆڤایەتی دەزانرێت و ئەڵمانیا خۆی لە پێش هەر دەوڵەت و میللەتێکی دیکە ئەو کەسانە سزا دەدات کە هۆڵۆکۆست بە تاوانێکی دژ بە مرۆڤایەتی نازانن. دوای شەڕی جیهانی دووەم، دەوڵەتانی ئەورووپا کەوتنە باری لێبوردەیی و دانان بە تاوانە خوێناوییەکانیان لە ساڵانی ئەو شەڕەدا. ئەڵمانیا زۆر ئازایانە دانی بە هۆڵۆکۆست نا کە هیتلەر لە ساڵانی شەڕدا دەرهەق بە جوو کرد بووی. بۆیە، بێ دوو دڵی، ئەڵمانیا داوای لێبوردنی لە گەڵی جوو کردو و کەوتە قەرەبوو کردنەوەی زەرەرو زیانەکانی. ئیتاڵیا دوای شەست ساڵ داوای لێبوردنی لە لیبییەکان کرد. فەرەنسییەکان دوای پەنجا ساڵ داوای لێبوردنیان لە جەزائیرییەکان کرد. ئەم گیانەی لێبوردەیی و داواکردنی لێبوردن، دواتر لای دەوڵەتان و میللەتانی ئەورووپا، بە ئەڵمانیاشەوە، بەوە شکایەوە کە

توندوتۆڵترین پەیوەندی لە نێوان کۆمەڵگاو دەوڵەتەکانیان دابمەزرێنن و هەتا هەتایە نەفرەت لە شەڕکردنی یەکتری بکەن و هەمیشە بۆ ئەلتەرنەتیڤی هاوکاری و تێکەڵاوی و خۆشویستی یەکتری بگەڕێن.

کەچی تورکیا بەرامبەر بە ئەرمەن، نەك هەر لە رابردوودا، بگرە لە ئێستاشدا، ئەوەی نەکردو و تا ئێستاش پێ ناچێت ئامادە بێت بیکات. پێش نزیکەی دە رۆژ، ئەنقەرە باڵیۆزی خۆی لە کەنەدا بانگ کردەوە وەك پرۆتۆستۆ کردنێك لە بەرامبەر ئەوەی دوو لە لێپرسراوانی کەنەدا هێمایان بۆ کوشتاری ئەرمەن کرد بوو. بۆیە تورکیا کە ئێستا خەریکی پرۆسەیەکی دیموکراسی و خۆ تازە کردنەوەیەو ریفۆرمە، بەم هەڵوێستەی بەرامبەر بە کوشتاری ئەرمەن، هەم خۆی بە ئاسانی تووشی ناکۆکی و رق و کەراهیەت دەکات لەگەڵ ناوخۆی و دەرەوەیدا. هەم پەیوەندییەکانی لەگەڵ جیهان تووشی ئاڵۆزکان و ناجۆری دەکات و هەم زیانێکی گەورەش بە تازە کردنەوەی دیموکراسیەکەی خۆی دەگەیەنێت، بۆیە تا ئێستا زۆربەی دەوڵەت و کۆمەڵگاکانی جیهان، بە دۆستەکانی تورکیاشەوە، زۆر بە بەد گومانییەوە رەفتاری بەرامبەر ئەنقەرە دەکەن.

کوشتاری ئەرمەن، ئەنجامی تین و تاوێکی دوژمنانەی ئایینی و نەتەوەیی بوو. تا ئێستا، حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی ئەنقەرە، وایان لێکداوەتەوە مەبەست لە هەر باس کردن و یاد کردنەوەیەکی ئەو کارەساتە زیان گەیاندنە بە دەوڵەتی تورکیا. وای بۆ چوون گوایە هەر کەسێك لە بارەی ئەو کوشتارەوە بدوێت و بە جینۆساید لە قەڵەمی بدات و بەرپرسیارێتییەکەی بخاتە ئەستۆی عوسمانییەکانەوە، ئەوە بۆ ئەوەیەتی تەگەرە بخاتە بەر دەم میللەتی تورك و دوژمنایەتی ئەو میللەتە بکات. لە سەردەمی کەمال ئەتاتورکدا، تورکیا رایگەیاند کە کوشتاری ساڵی ١٩١٥ ئەوە نیە کە دەگوترێت (گوایە!) دەوڵەتی عوسمانی ئەرمەنییەکانی کوشتبێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئەوەیە کە ئەرمەن لەو ساڵەدا نیو ملیۆن تورکی کوشتووە!

بێگومان، تورکیا بەو جۆرە رەفتارە کارێکی خراپ دەکات، چونکە جیهان زۆر لەوە زۆرتر چۆتە پێش کە راستییەکی زەقی وەکو کوشتاری ئەرمەن نەبینێت و نەزانێت کێ لێی بەرپرسیارە. دیارە هەر ئەوەشە وای کرد ساڵی ٢٠٠٦ ئەمریکییەکان لە کۆنگرێسدا رەشنووسی بڕیارێك ئامادە بکەن بۆ ناساندنی کوشتاری ئەرمەن بە جینۆساید. هەر دوای ئەوان بە کەمتر لە ساڵێك فەرەنسییەکانیش هەمان هەنگاویان هەڵگرت. راستە سەرۆکی پێشوو جۆرج بوش و سەرۆکی فەرەنسا سارکۆزی نەیانهێشت رەشنووسەکان بکەونە دەنگدان، بەڵام تا ئێستاش ئەو رەشنووسانە وەك خۆی ماونەتەوەو رەنگە رۆژێك لە رۆژان بخرێنە دەنگدانەوە. ئەوساش تورکیا زەرەرێکی ئەوتۆ دەکات کە قەرەبوو کردنەوەی زۆر سەخت و ئاڵۆز بێت.

ئینجا راستە، سەرۆکی ئەمریکا باراك ئۆباما لە دوا سەردانی دا بۆ ئەنقەرە، پێش ماوەیەکی کورت، هانی حکومەتی تورکیای دا بۆ ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەرمینیاو پەیمانی ئەوەی دا بە ئەنقەرە کە ئەمساڵیش رێ بگرێت لەوەی کە کۆنگرێس بڕیار لە بەرامبەر کوشتاری ئەرمەن بدات. بەڵام هەق وایە تورکیا ئەوە لەبەر چاو بگرێت کە ئۆباما پەیمانی بە ئەمریکییەکان داوە لە بارەی ئەو کوشتارەوە لەگەڵ ئەنقەرە قسە بکات و ئیدانەی کوشتارەکەش بکات. هەروەها وەزیری دەرەوەی ئێستای ئەمریکا هیلاری کلینتۆن، بەر لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی ئەمریکا، ئەو کاتەی لە کۆنگرێس بوو، یەك بوو لەوانەی لە داڕشتنی رەشنووسی بڕیارەکەی کۆنگرێس بەشدار بوو. بۆیە، زەحمەتە ئەو وڵاتانە بتوانن بە شێوەیەکی جیدی پشتی ئەنقەرە بگرن و بیهێننە ناو یەکێتی ئەوروپاو دنە بە دەوری بدن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەگەر تورکیا، ئازایانە و بوێرانەو دیموکراسییانە، ئەو کوشتارە ئیدانە نەکات و بە جینوساید لە قەڵەمی نەدات و پەیمانی ئەوەش نەداتە جیهان کە ئیتر ناهێڵێت هیچ کام لەو گەلانەی لە ناو سنووری تورکیادا دەژین تووشی کوشت و بڕو قڕ کردن و جینۆسایدو کوشتار نایەن لەسەر دەستی سوپای تورکیا.

بە کورتی، جیهان یەك دەنگە لە بەرامبەر ئەوەی کوشتاری ئەرمەن بە جینۆساید بناسرێت. مەبەست لەو یەك دەنگیەش ئەوە نییە باری تورکیا قورس بکرێت، بەڵکو مەبەستی سەرەکی ئەوەیە بارەکە سووك بکرێت و ئیتر دەوڵەتی تورکیا بە راستی و دروستی و متمانەوە لە سەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپا و جیهان بجولێتەوەو گەشە بە تاقی کردنەوە دیموکراسیەکەی خۆی بدات و جێگەی متمانەی میللەتانی ناوچەکە و جیهان بێت. تورکیا دەتوانێت، رۆڵێکی گەورەی دیموکراسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە ناوچەی قەفقازدا بگێڕێت ئەگەر بێ پێچ و پەناو بەو پەڕی راشکاوی و جورئەتەوە دان بەو تاوانە بنێت. رەنگە چاکترین نموونە لەم بوارەدا ئەوە بێت کە تورکیا زەحمەتە بتوانێت بە شێوەیەکی کاریگەرانە پاڵ بە ئیسرائیلەوە بنێت بۆ دەست هەڵگرتن لە کوشتاری فەلەستینییەکان لە کەرتی غەززە، ئەگەر پێشەکی خۆی بەر لەو پاڵنانە، دان بە رۆڵی دەوڵەتی عوسمانی نەنێت لە جینۆساید کردنی ئەرمەن دا. گەڕانەوە بۆ مێژوو کارێکی زۆر راست نییە، بەڵام یادکردنەوەو هێشتنەوەی تاوانە مێژووییەکمان بە زیندوویی لە زهنیەتی مرۆڤایەتیدا تاکە زامنی دووبارە نەبوونەوەیانە. هەر بۆیەش، هەمیشە یادی هۆلۆکۆست دەکرێت بێ ئەوەی ئەم یاد کردنەوەیە هیچ زیانێك بە پەیوەندییەکانی ئەڵمانیاو میللەتانی جیهان بگەیەنێت. بەڵکو بە پێچەوانەوە، هەمیشە رۆڵی هەبووە لە چەسپاندنی لێبوردەیی و قبوڵ کرنی یەکتری و رێز گرتن لە مافی مرۆڤ.

**مەرجی یەکەمی دیموکراسی لە جیهانی ئەمڕۆدا تەنیا پەرلەمان و دەنگدان و هەڵبژاردن نییە، بەڵکو زۆر گرنگتر لەوانە ئەوەیە کە سیستەمە سیاسییەکانی وڵاتان، خۆ لە تاوانەکانی مێژوو نەدزنەوەو بەرپرسیارێتی ئەو تاوانانە هەڵبگرن**

**جیهان یەك دەنگە لە بەرامبەر ئەوەی کوشتاری ئەرمەن بە جینۆساید بناسرێت. مەبەستی سەرەکی ئەوەیە بارەکە سووك بکرێت و ئیتر دەوڵەتی تورکیا بە راستی و دروستی و متمانەوە لە سەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپا و جیهان بجولێتەوەو گەشە بە تاقی کردنەوە دیموکراسیەکەی خۆی بدات و جێگەی متمانەی میللەتانی ناوچەکە و جیهان بێت**










گوڵان
KURDISTAN TV















ئەو وێنانەی لێرەدا بڵاوکراونەتەوە، تەنها هی رۆژی ٢٢ی نیسانە، کاتژمێر (٩)ی بەیانی تا (٢)ی پاش نیوەڕۆ، داوای لێبوردن لە هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەین کە نەمانتوانی ئەوانەی لە رۆژی دووەم و سێیەمدا سەردانیان کردین، وێنەکانیان بڵاوبکەینەوە، چونکە یەکەم: یادەکە تەنها رۆژی یەکەم بوو واتا (٢٢)ی مانگ، دووەمیش: گوڵان دەبوو چەندین لاپەڕە تەرخان بکات بۆ وێنەکان کە راستی دەبوو بە ئەلبووم.

نابێت ماندووبوونی کوردستان تی ڤی لەبەرچاو نەگرین کە لەم چەند رۆژانەی رابردوودا زۆرترین هاوکاری هەفتەنامەی «گوڵان»ی کردووە، لێرەوە سوپاسی گەرمی بەرپرسی یەکەم کەناڵی ئاسمانی لە کوردستاندا کاک کاروان ئاکرەیی دەکەین، کە ئەگەر ئەو بەڕێزە نەبوایە کوردستان تی ڤی ئاوا سەقامگیرو سەنگین نەدەبوو.



# بارودۆخی کارەبا لە ئێستا و داهاتوودا

## وتووێژی گوڵان لەگەڵ هۆشیار سیوەیلی وەزیری کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان

**کێشەی کەمی کارەبا و ئەو پرۆژە و هەنگاوانەی کە وەزارەتی کارەبا لە تەمەنی خۆیدا هەنگاوی بۆ ناوە و جێبەجێی کردووە، ناوەڕۆکی ئەم دیمانەیەی گوڵان پێکدەهێنێ، کە لەگەڵ هۆشیار سیوەیلی وەزیری کارەبا سازیداوە، لای هەمووان ئاشکرایە بە درێژایی ئەزموونی خۆبەڕێوەبردنی کورددا کارەبا لە بارودۆخێکی باشدا نەبووە و هەمیشە مایەی گلەیی هاووڵاتیان بووە، ژمارەی وێستگەکانی بەرهەمهێنان کەمن و هێڵەکانی گواستنەوە و تۆڕەکانی دابەشکردن ئاستیان سنووردارە و توانای ئەم بارە قورسەیان نەبووە کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەهۆی زیادبوونی خواست و پێداویستی ڕووی لە هەڵکشان کردووە، لەلایەك باری دیمۆگرافیا گۆڕاوە و ژمارەی دانیشتووان زیادبووە.**
**تـا دێت کارگە و ئوتێل و میوانخانە و مۆڵ و سـوپەرمارکێتەکان و دامودەزگاکان زیاتر دەبـن، هەرزانی نرخی کارەبا و گرانی نرخی سـوتەمەنی بە تایبەتی لە وەرزی زسـتان دا ئەوەندەی تر کێشەکەی ئاڵۆز کردووە، بۆیە زۆرجار هەوڵەکانی چارەسەرکردنی کێشەکە لە چوارچێوەیەکـی داخراودا ماوەتەوە و باوردۆخەکە ڕووی لە باشـی نەکردووە، ئەمەش بۆ زیادبوونی خواسـت دەگەڕێتەوە، کە تەنیا لە سـاڵی (٢٠٠٦-٢٠٠٧) داخوازی کارەبا ٢١٪ زیادی کردووە، ئەوەی زیاتر کێشـەکەی دژوار کردووە، کەمبوونەوەی بڕی باران بارینە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین بەگشـتی و کوردستان بەتایبەتی، کە بۆتە هۆی دابەزینی توانای بەرهەمهێنانی هەردوو وێستگەی دوکان و دەربەندیخان.**
**کێشـەی کارەبا تایبەت نییە تەنیا بە کوردسـتان، بەڵکو کێشەیەکی سەرتاسەری عێراقە، بەرزترین داخوازی لە عێراق لە هاوین دا ١٠ دەهـەزار مێگاواتە لەکاتێکدا تەنیا توانای بەرهەمهێنانی نزیکەی ٥،٠٠٠ مێگاوات کارەبای هەیە. ئەوەی زیاتریش وایکردووە سـوود بە تەواوی لەبەرهەمهێنانی کارەبای فیدراڵی وەرنەگرین، هەڵوێسـتی نادۆسـتانەی وەزارەتی کارەبای عێراقە لە بەغدا سەرەڕای هەوڵە بەردەوامەکانی وەزارەتی کارەبای کوردسـتان بۆ هەماهەنگی و باشـترکردنی پەیوەندییەکان. حکومەتەکانی پێشـووی عێراق تەنیا دوو وێستگەی بەرهەمهێنانیان لە کوردستان دروست کردووە کە دوکان و دەربەندیخانن، لەکاتێکدا لە هەرسێ پارێزگای سەلاحەدین و موسڵ و کەرکوك ١٥ وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا هەیە. لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ یش بەهۆی گەمارۆی ئابووری و دواتر بەهۆی لاوازی باری دارایی نەتوانرا کاری جیددی لەسـەربکرێ، چونکە پرۆژەکانی کارەبا ئاڵۆز و قورسـن و پارەیەکی زۆریان گەرەکە، ئەمە جگە لە ماوە و کات بۆ جێبەجێکردنیان، لەم ڕوانگەیەوە هەوڵدراوە سـەرمایەی کەرتی تایبەت بێتە ئەو مەیدانە ئەوەتا نزیکەی ملیارێك دۆلار وەبەرهێنان لە هەردوو پرۆژەی ٥٠٠ مێگاواتی هەولێر و ٧٥٠ مێگاواتی چەمچەماڵ لەلایەن کەرتی تایبەتەوە بەگەڕخراوە.**
**بەمجۆرە نەبوونی ژێرخانێکی باش وکێشـەی سـووتەمەنی و کەمی بودجە و هێنانی ئامێرو کەلوپەلەکان و هاتنی پسـپۆڕانی بیانی و بەرزبوونـەوەی خێرای داخوازی کارەبا هەر هەموویان ئاسـتەنگ و لەمپەری بەردەم پێشخسـتنی کەرتـی کارەبان، لە چوارچێوەی پرسیارەکانماندا کە ئاراستەی وەزیری کارەبای هەرێمی کوردستانمان کردبوو، وەزارەتی کارەبا لە دووساڵ و نیوی تەمەنیدا سەرەڕای ئەم کۆسپ و ئاستەنگانە چ هەنگاوێکی ناوە؟ ئایا ئەو هەنگاو و پرۆژانە بە حەقیقەت دەکرێت پێی بگوترێت سەرەتای ڕێگای زانستی و ڕاست و دروستی چارەسەری یەکجارەکی کێشەکە؟**

*** ئەوکاتەی بە وەزیری کارەبا دەستنیشانکرایت کۆمەڵێـك بەڵێنت بە خەڵکی کوردسـتان دا، لێـرەدا ئەوەی جێی پرسـیار و تێڕامانە، ئایا بەڵێنی پشـتگیریت لەهیچ کەس و لایەنێکەوە وەرگرتبوو یان هەر لەمتمانەی خۆتەوە بوو ئەو بەڵێنانـەت دا؟ تاچەند لە ئەدا و سیاسـەتی وەزارەتەکەت ڕازیت؟**

- کاتێـك ئێمـە لەسـاڵی ٢٠٠٦ پۆسـتی وەزارەتی کارەبامان پێسـپێردرا وەزارەتی کارەبا وەزارەتێکـی نوێ بـوو، کێشـەی کارەباش کێشـەیەکی گەورەبوو، ژێرخانی کارەبا خراپ و داخـوازی ڕوو لە زیادی بوو. دیراسـەی کێشەو گرفتەکانمان کرد، لەبەر ڕۆشنایی ئەو بەرنامەیەی کە بەڕێز سـەرۆکی حکومەت لە سـەرەتای دامەزراندنی کابینەی پێنجەمەوە دایڕشـتبوو وە بە لەبەر چاوگرتنی ئەو توانا و ئیمکانیەتەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو کاتە هەیبوو بەرنامەیەکی درێژخایەنمان بۆ چارەسـەرکردنی کێشەی کارەبا دانا. بێگومان کاتێك کـە بەرنامە و پلان دادەنـرێ توانا و کۆسپەکان هێندەی هەستیان پێبکرێت لەبەرچاو دەگیرێن. پـلان و بەرنامەکانـی وەزارەت بۆ ماوەی چوار سـاڵ بوو کە ماوەی کارکردنی کابینەی پێنجەم بوو. ڕەنگە نەمانتوانیبێت لە ١٠٠٪ ئەو پرۆژانـە جێبەجێ بکەین، کە ئەو کاتە بەرنامەمان بۆ داناوە، ئەمەش لەبەرئەوەی کە کۆمەڵێك کێشـە و تەگەرە هاتنە ڕێگەی جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیە، بەڵام ئێسـتاش پاش نزیکەی ٣ سـاڵ لەدوای دامەزراندنی وەزارەتـی کارەبـا دەتوانم بڵێم بەشـی هـەرە زۆری ئـەو بەرنامـە و بەڵێنانەی کە کاتی خۆی دابوومان بۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی کارەباو پێشخستنی کەرتی کارەبا هاتونەتەدی یاخـود بـەرەو وەدیهێنان دەڕۆن.



***دەکرێ بزانین بودجەی تەرخانکراو لەساڵی رابردوو بۆ کەرتی کارەبا چەند بوو؟ جارێکیان ئێوە نووسیوتانە کە پێویستیتان بە ٥٠٠ ملیۆن دۆلار هەیە؟!**

- کەرتی کارەبا یەکێکە لە و کەرتە خزمەتگوزاریانەی کەپێویستی بە بودجەیەکی زۆر گەورە هەیە. ئەمەش لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی:

یەکەم: تا سێ ساڵ لەمەوبەریش پارەیەکی زۆر لە پتەوکردن و پەرەپێدان و پێشخستنی ژێرخانی کارەبا سەرف نەکرابوو. لە سەرەتای دامەزراندنی حکومەتی کوردستان تا ساڵی ١٩٩٧ کە بەرنامەی نەوت بۆ خۆراك هاتە ئاراوە و نەتەوە یەکگرتووەکان بەرپرسیارێتی پەرەپێدانی کەرتی کارەبای کەوتە سەرشان، حکومەتی کوردستان سەرچاوەی دارایی وای نەبوو کە بودجە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کارەبا تەرخان بکات. لە ساڵانی ١٩٩٧ تا ٢٠٠٣ کە نەتەوە یەکگرتووەکان بەرپرس بوو، چەند پرۆژەیەك ئەنجام درا بەڵام زۆر کەمتر بوون لە ئاستی کەمی پێویستیەکان. لەو هەموو ساڵانەدا کە لە شەش ساڵ زیاترە و بەو هەموو توانا تەکنیکی و داراییەی نەتەوە یەکگرتووەکان و پارەی بەرنامەی نەوت بۆ خۆراك، تەنیا سێ وێستگەی ٢٩ مێگاواتی دامەزران.

دووەم: پرۆژەکانی کەرتی کارەبا پرۆژەی گەورەو ستراتیژین و پێویستیان بەسەرمایەیەکی زۆر هەیە بۆ جێبەجێکردنیان.

لەبەر ئەم دووخاڵە، کاتی خۆی باسمان کرد ئەگەر بمانەوێ بەشێوەیەکی تەواو چارەسەری کێشەی کارەبا بکەین ئەوا پێویستیمان بە بودجەیەکی گەورەو بەرچاو هەیە، زۆر زیاتر لە ٥٠٠ ملیۆن دۆلار چونکە تەنیا دانانی وێستگەیەکی ٧٥٠ مێگاواتی وەك ئەوەی چەمچەماڵ پێویستی بە زیاتر لە ٦٠٠ ملیۆن دۆلار هەیە. لەماوەی ٣ ساڵی رابردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی توانای دارایی خۆی هەوڵیداوە کە بودجەی وەزارەتی کارەبا دابین بکات بۆ چارسەرکردنی ئەو کێشانە، بەڵام بێگومان ئەو بودجەیەی کە دابین کراوە لەئاستی پێویستییەکانی کەرتی کارەبا نەبووە. بۆیە ئێمە هەر لە سەرەتاوە هەوڵمان دا و ستراتیژییەتی وەزارەت بەتایبەتی لەبواری بەرهەمهێنانی کارەبا ئەوە بووە کە پشت بە کەرتی تایبەت ببەستین و هانی وەبەرهێنان بدەین لەکەرتی کارەبادا. چونکە دەمزانی بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوسا و ئێستاش ئەوەندە قەبە نییە کە بتوانین چارەسەری کێشەی بەرهەمێهێنانی کارەبا بکەین. زۆربەی هەرە زۆری بودجەی وەزارەت لە بواری گواستنەوە و دابەشکرن دا خەرج کراوە و وێستگەیەکی ٥١ مێگاواتی لە سلێمانی لەسەر بودجەی حکومەت دادەمەزرێ و هاوکاری دارایی باشی دانانی وێستگەکانی هەولێر و چەمچەماڵ لە لایەن حکومەتەوە کراوە.

*** لەزمنی ئەو ٢١ ملیار دۆلارەی کە پێشتر ئەمەریکا بۆ عێراقی تەرخانی کردووە و لەو پارەیەش ٤ ملیار و ٢٠٠ ملیۆن دۆلار بۆ بوژاندنەوەی کەرتی کارەبای عێراق تەرخانکراوە. لێرەدا دەکرێ بزانین وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندی بەردەکەوێ لەو پارەیە؟**

- لە دوای ئازادکردنی عێراق، ئەمریکییەکان نزیکەی ٢١ ملیار دۆلاریان لەئاوەدانکردنەوەی عێراق سەرفکردووە، لەوانە نزیکەی ٤ ملیار و ٢٠٠ ملیۆن دۆلار تەرخانکرابوو بۆ کەرتی کارەبای عێراق. لەو ٤٠٠ ملیار و ٢٠٠ ملیۆنە هەرێمی کوردستان ١٩٥ ملیۆن دۆلاری بەرکەوتووە، ئەوەش بۆ دانانی وێستگە ناوەندییەکان سەرفکراوە. واتە باشکردن و بەرەوپێشبردنی گواستنەوە و دابەشکردنی کارەبا. ئەو پارەیە لە بواری بەرهەمهێنانی کارەبا سەرف نەکراوە. ئەگەر ئێمە سەیری ئەو برە پارەیە بکەین کە ئەمەریکا لە کارەبای عێراق دا سەرفی کردووە دەبینین رێژەیەکی زۆر کەم لەو پارەیە لە هەرێمی کوردستان سەرفکراوە. ئەو پارەیەی کە سە ر فیش کرا وە،

**لە دوای ئازادکردنی عێراق، ئەمریکییەکان نزیکەی ٢١ ملیار دۆلاریان لەئاوەدانکردنەوەی عێراق سەرفکردووە، لەوانە نزیکەی ٤ ملیار و ٢٠٠ ملیۆن دۆلار تەرخانکرابوو بۆ کەرتی کارەبای عێراق. لەو ٤٠٠ ملیار و ٢٠٠ ملیۆنە هەرێمی کوردستان ١٩٥ ملیۆن دۆلاری بەرکەوتووە**



چەندین پرۆژەی بە سوودی پێ ئەنجامدراوە، لە لایەکی ترەوە تا رادەیەکی باش توانراوە کەڵك لەو ئیمکانییەتە نێودەوڵەتییە وەربگیرێ کە بۆ عێراق رەخسێنراوە. بەڵام کاتێك لە ساڵی ٢٠٠٦ وەزارەتی کارەبا دامەزراو ئێمە دەستمان بەکار کرد، مینحەی ئەمریکی بۆ عێراق زۆربەی خەرجکرابوو یاخود زۆربەی بڕیاری خەرجکردنی لەسەردرابوو. لەبەرئەوە ئێمە نەمانتوانی وەکو پێویست کەڵك لە هاوکاری ئەمەریکییەکان لەعێراق وەربگرین، وەکو گوتمان تەنها بڕی ١٩٥ ملیۆن دۆلارلەو بڕە زۆرەی کە بۆ هاوکاری عێراق تەرخانکرابوو توانیمان سوودی لێوەربگرین.

*** وەکو دەزانرێ، حکوومەتی یابانیش برە پارەیەکی وەك قەرز بە عێراق بەخشیوە. ئایا ئەو قەرزە چەندی بەر کوردستان کەوتووە و شێوەی قەرزەکە چۆنە؟**

- ئەو قەرزە لەساڵی ٢٠٠٣ لەمەدرید لەکۆنگرەی وڵاتە کۆمەك بەخشەکان بۆ هاوکاری عێراق لەلایەن حکوومەتی یابان بڕیاری لەسەر درا، کە ٥ ملیار دۆلار هاوکاری عێراق بکات. لەو ٥ ملیار دۆلارە نزیکەی ملیار و نیو دۆلار بەشێوەی مینحە بوو کە بەداخەوە هەمووی لە عێراق خەرجکرا بەبێ ئەوەی کە هەرێمی کوردستان پشکێکی ئەوتۆی بەربکەوێ و هیچی لە کەرتی کارەبای کوردستان دا خەرج نەکرا.

***واتە ڕێژەی ١٧٪ی بەر هەرێمی کوردستان نەکەوت؟!**

- نەخێر، لەو ملیار و نیوە، هێندەی من ئاگاداربم حکومەتی هەرێمی کوردستان ١٧٪ی پشکی خۆی بەرنەکەوتووە. لە ٣ ملیار و نیوەکەی دیکەش حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنها ٦٠٠ ملیۆن دۆلاری بەرکەوت، کە ئەمەش قەرزە نەك مینحە. لەو ٦٠٠ ملیۆن دۆلارەی کە بەر هەرێمی کوردستانیش دەکەوێ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاریدا ٣٠٠ ملیۆن دۆلاری بۆ کەرتی ئاو خەرج بکرێ و٣٠٠ ملیۆن دۆلاریش بۆ کەرتی کارەبا، لەو ٣٠٠ ملیۆن دۆلارەی بۆ کەرتی کارەبا تەرخانکرا، ئێستا چەندین پرۆژە کەوتوونەتە واری جێبەجێکردن لە بواری گواستنەوە و دابەشکردن و بەرهەمهێنانی کارەبا. گرنگترین پرۆژە کە لە قەرزی یابانی دەکرێ، کڕینی کەلوپەلی دابەشکردنی کارەبا و کڕینی کەلوپەلی تێست و کڕینی ١٣ وێستگەی مۆبایلی گواستنەوەی کارەبا و دانانی وێستگەیەکی ناوەندی گەورەی ١٣٢ کەیڤی لە پارێزگای سلێمانی، هاوکات لەگەڵ دانانی وێستگەیەکی گەورەی هایدرۆپاوەر لە گوندی دێرەلوك لەپارێزگای دهۆك. ئێستا ئەو پرۆژەیەش کەوتۆتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام ماوەیەکی زۆری دەوێ تا ئەو پرۆژەیە تەواو دەبێ.

هەروەها پێویستە بگوترێ منحە و هاوکاری تری نێودەوڵەتیی لەلایەن سویدیەکان و کۆرییەکان بە هەرێمی کوردستان دراوە. بەتایبەتیش توانیمان کەڵکێکی باش لەو هاوکارییەی حکومەتی کۆریا وەربگرین، بەتایبەتی بۆ دانانی وێستگەیەکی بچووکی هایدرۆپاوەر لەپارێزگای هەولێر، کە لە بێخال ئەنجام دەدرێ و ئێستا کەوتۆتە بواری جێبەجێکردنەوە. ڕەنگە لەکۆتایی ساڵی ٢٠٠٩ ئەو وێستگەیە دەستبکات بەبەرهەمهێنانی کارەبا. بەهەمان شێوە هەوڵی دیکەش دراوە تاکو باشترین کەڵك لەو پارەیە و هاوکاری نێودەوڵەتییەکان وەربگرین. نموونەیەکی تریش، قەرزی بانکی نێودەوڵەتییە بە بڕی ٤٠ ملیۆن دۆلار کە ئەو پارەیە بۆ کەرتی کارەبا بەکاردەهێنرێ بەمەبەستی نۆژەنکردنەوەی هەردوو وێستگەی هایدرۆپاوەری دوکان و دەربەندیخان. ئێستاش ئەو پرۆژەیە جێبەجێدەکرێ.

*** خەسخەسە کردنی کەرتی کارەبا لەهەموو وڵاتان گرنگییەکی زۆری پێدەدرێ. ئایا باشتر نییە کارەبا بدرێت بە کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت و حکومەتیش چاودێر بێت بەسەریەوە؟**

- بەتایبەتکردنی کەرتی کارەبا کارێکی ئاسان نییە، پێویستی بە لێکۆڵینەوە و دیراساتی گونجاو هەیە. پێش هەمووشت، پێوستی بە چوارچێوەو چارەسەری یاسایی هەیە. کاتێك کارەبا دەدرێتە کەرتی تایبەت دەبێ بزانرێ لەسەر چ بنەمایەك پێی دەدرێت، ئەرك و مافی کۆمپانیاکە چیە و چۆن مافەکانی هاوڵاتی مسۆگەر دەکرێ و میکانیزمی زیادکردنی نرخ و خەرجکردنی بەشێك لە داهاتی کۆمپانیاکە لە ژێرخانی کارەبادا چۆن دەبێ، بۆیە پێویستە سەرەتا لەرووی یاساییەوە چارەسەری ئەولایەنە بکەین. لەلایەکی ترەوە، پێویستە ئێمە ژێرخانی کارەبا هێندە بە هێز بکەین کە کەرتی تایبەت بتوانێت کاری تێدا بکات. کەرتی تایبەت ئامادە نییە بێت لەبواری کارەبا کار بکات لەکاتێکدا ژێرخانی کارەبا تەپیو و لاواز بێت، چونکە کولفەیەکی ئێجگار زۆری لەسەر دەکەوێت، دەمەوێ ئەوەش بێڵم کە وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێم تەجروبەیەکی زۆر گرنگی لەهەموو عێراقدا دەست پێکردووە، ئەویش خەسخەسەی بواری بەرهەمهێنانی کارەبایە. لەبەرئەوەی یەکەم وێستگەی بواری بەرهەمهێنانی کارەبا، کە لەلایەن کەرتی تایبەتەوە دانراوە، لەهەرێمی کوردستان دانراوە، کە لە وێستگەی ٥٠٠ میگاواتی هەولێر پێکدێت و لەلایەن کۆمپانیای (ماس گلۆباڵ) دانراوە، ئێستاش ئەو وێستگەیە بەتەواوی تواناکانی کار دەکات کە ٥٠٠ مێگاوات کارەبا بەرهەم دەهێنێت، پرۆژەی دووەمیشیان بریتییە لە پرۆژەی کارەبای چەمچەماڵ کە ئەویش بەبڕی ٧٥٠ مێگاوات لەلایەن هەمان کۆمپانیا دادەنرێت. ئێستا وەزارەتی کارەبای عێراقیش دوای سەرکەوتنی تەجروبەی هەرێمی کوردستان و دانانی وێستگەی کارەبایی لەلایەن کەرتی تایبەتەوە، ئەوانیش هەڵوێست و ڕای خۆیان گۆڕیوە، لەکاتێکدا لەسەرەتادا لەو بڕوایەدا نەبوون کەرتی تایبەت سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت. بۆیە ئێمە دەستمان بە خەسخەسە کردووە لە بواری کارەبا بەڵام لەبەرهەمهێنانەوە دەستمان پێکردووە.

ئێستا دیراسەی ئەوە دەکەین چۆن کەرتی تایبەت بهێنینە نێو بواری دابەشکردنی کارەباوە بۆئەوەی ئەوان بەو ئەرکە هەڵبستن. حەز دەکەین بە تەجروبەیەکی بچووك دەست پێبکەین و دواتر لە هەموو کوردستان بیخەینە گەڕ.

*** بۆچی هەوڵتان نەداوە، بەدەر لە ئاوو غاز و گازۆیل، بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا سوود لە وزەی خۆر و وزەی با وەربگیرێت وەکو سەرچاوەیەکی دابینکردنی وزەی کارەبا؟**

- ئەگەر باسی هایدرۆپاوەر و وزەی با و وزەی رۆژ بکەین، کە پێیان دەگوترێت «وزە نوێبووەکان»، ئەوا سیاسەتی وەزارەتی کارەبا ئەوەیە کە گرنگی بەو سەرچاوانە بدات، بەڵام دەبێت بزانین کامیان ئەولەویەتی زیاتری هەیە و جەدوای ئابووریان بۆ ئێمە باشترە لەئەوانی دیکە، پاش دیراسەتێکی زۆر لەلایەن ئێمەوە گەیشتینە ئەو قەناعەتەی کە گرنگی زیاتر بە بەرهەمهێنانی کارەبا لەرێی وزەی ئاو بدەین، واتە دانانی وێستگەی هایدۆپاوەر بۆ هەرێمی کوردستان لەوانی تر (وزەی با و رۆژ) بە کەڵکترە، ئەمەش لەبەر کۆمەڵێك هۆکار:

یەکەم: هەرێمی کوردستان چەندین شوێنی گونجاوی هەیە بۆ دانانی وێستگەی هایدۆپاوەر کە تائێستا وەکو پێویست کەڵکی لێوەرنەگیراوە، بێجگە لەبەنداوی دوکان و دەربەندیخان. لەبەرئەوە ئێمە زۆر شوێنی گونجاومان هەیە بۆ دروستکردنی بەنداو وێستگەکانی هایدرۆپاوەر.

دووەم: دروستکردنی بەنداو تەنها بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا نییە، بەڵکو دەتوانن لەزۆر لایەنەوە خزمەت بکەن.

سێیەم: ئاو نەك تەنیا لەو ڕوانەی باسمان کرد گرنگە بەڵکو لە ڕووی بەهێزکردنی ئاسایشی نەتەوەیی و سیاسیشەوە گرنگە. لە داهاتودا هەموو عێراق پشت بە ئاوی کوردستان

**کاتێك لە ساڵی ٢٠٠٦ وەزارەتی کارەبا دامەزراو ئێمە دەستمان بەکار کرد، مینحەی ئەمریکی بۆ عێراق زۆربەی خەرجکرابوو یاخود زۆربەی بڕیاری خەرجکردنی لەسەردرابوو. لەبەرئەوە ئێمە نەمانتوانی وەکو پێویست کەڵك لە هاوکاری ئەمەریکییەکان لەعێراق وەربگرین**

دەبەستێ. ئاوی ڕووبارەکانی دیجلە و فورات تادێ لە ڕوی چەندێتی و جۆرێتیەوە لە عێراق دا بەرەو خراپی دەڕۆن بە هۆی سیاسەتی ئاوی تورکیاوە، ڕووبارەکانی کوردستان بە تایبەتی زێی گەورە تاکە سەرچاوەی مسۆگەری ئاوی عێراقن لە داهاتودا. ئەم سامانە زۆر لە نەوت گرنگترە بۆ ئێمە. دەبێ بزانین چۆن پەرەی پێدەدەین و چۆن بۆ مەرامە ئابوری و سیاسیەکان کەڵکی لێوەردەگرین. بە داخەوە تا ئێستاش ئێمە سیاسەتێکی مەدروس و باشی ئاویمان نیە. بە پێی ئەو توانا داراییەی وەزارەت لەبەر دەستیایەتی، دەستمان کردووە بە ئەنجامدانی چەندین دیراسەی لە بوارەدا. دەربارەی وەزەی با لێکۆڵینەوەمان دەست پیکردوە بۆ ئەوەی بزانین هەرێمی کوردستان دەشێ کەڵکی لێوەربگیرێت بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا لەوزەی با، چونکە بە بێ ئەم لێکۆڵینەوەیە ناکرێ پارە خەرج بکری و وێستگەی با دابنرێ بەبێ ئەوەی بزانی تێکڕای خێرایی با لەو شوێنە چەندە، ئەم پرۆژەیە نزیکەی ١٨ مانگ دەخایەنێ و کاتێك جێگای گونجاو دیاری کرا دەکرێ بیر لە دانانی وێستگەی ووزەی با بکرێتەوە. دەبێ ئەوەش بزانین کارەبای ئەم وێستگانە بەردەوام نین و پچڕپچڕن و بە پێی بوونی با و خێراییەکەی دەگۆڕێن بۆیە دەبێ وەك سەرچاوەی یارمەتیدەر نەك سەرەکی مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ. لەبواری وزەی ڕۆژدا دیراسەمان کردووە، بەڵام لەوە ناچێ هەرێمی کوردستان لەبار بێت بۆ سوود وەرگرتن لە تیشکی ڕۆژ، بەتایبەتی بۆ ڕووناککردنەوەی جادەکان لەبەر کۆمەڵێك هۆکاری تەکنیکی. دانانی وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا لەوزەی خۆر کولفەیەکی یەکجار زۆری دەوێت، لەکاتێکدا واباشترە ئەو پارەیە لەمەجالی ئاودا خەرج بکرێت، لەبەرئەوەی ئەو پارەیەی من خەرجی دەکەم بۆ بەرهەمهێنانی میگاواتێك لە وزەی ڕۆژ باشترە بۆ بەرهەمهێنانی مێگاواتێك لەوزەی ئاو خەرجی بکەم.

*** بەڵام تائێستا وەکو پێویست نەتوانراوە سوود لە وزەی ئاویش وەربگیرێت؟**

- من هۆکاری کەڵك وەرنەگرتن لەوزەی ئاو دەگێڕمەوە بۆ دوو خاڵ:

یەکەم: دروستکردنی بەنداو و پرۆژەکانی هایدرۆپاوەر پێوستیان بە پارەیەکی زۆر هەیە، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو باوردۆخە دەرقەتی نایەت و ناتوانێ پارەیەکی ئێجگار زۆر بەو ئیمکانیاتە کەمەی لەبەردەمی دابوە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا لە وزەی ئاو خەرج بکات.

دووەم: پێویستی بە ماوەیەکی زۆر هەیە و پێویستیشە لێکۆڵینەوەی جەدوای تەکنیکی و ئابووری بۆ هەموو ئەو شوێنە گونجاوانە بکرێ کە هەن.

کێشەی کارەبا کێشەیەکە کە دەبێت بەزووترین کات چارەسەر بکرێت، لەجیاتی ئەوەی حکومەت بچێت ٣ ملیۆن دۆلار لەوێستگەیەکی هایدرۆپاوەر خەرج بکات و (٥-٦) ساڵ تەواو بێت، بە باشتری زانیوە بچێت ملیۆنێك دۆلار بۆ بەرهەمهێنانی یەك مێگاوات کارەبا لەبەرهەمێنانی وێستگەیەکی غازی خەرج بکات، کە لەماوەی ٢-٣ ساڵ تەواو دەبێت، هەر بۆیە ئەم دوو هۆکارە بۆتە مایەی ئەوەی کە ئەولەوییەت بدرێتە وێستگەکانی دیکە، ئەمەش مانای ئەوە نییە لە داهاتوودا هەمان سیاسەت پیادە بکەین، بە پێچەوانەوە سیاسەتی هەردوو وەزارەتی کارەباو سەرچاوە ئاوییەکان و حکومەت بەگشتی ئەوەیە گرنگی زیاتر بە بواری ئاو بدرێت بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا لەوزەی ئاو، کە توانایەکی باشمان هەیە لەکوردستان. هەوڵمان زۆر داوە کەرتی تایبەت وێستگەی هایدرۆپاوەر دابنێن و ئامادەییشمان پیشانداوە بە نرخێکی باش کارەباکەیان لێبکڕین، بەڵام لەبەر کولفەی زۆری پرۆژەکان و پێویستی بە ماوەیەکی زۆر بۆ تەواوبوونیان، هیچ وەبەرهێنەرێك ئامادە نەبووە وێستگەی هایدرۆپاوەر دابنێ.

*** سەبارەت بەکڕینی محاویلات و بار زۆری سەر تۆڕەکانی کارەبا سیوەیلی گوتی:**

وەزارەت ساڵانە سەدان محەویلە دەکڕێ. لەبەر زیادبەکارهێنانی کارەبا و فراوانبوونی تۆڕەکان بەڕێوەبەرایەتیەکانی دابەشکردن بە تایبەتی لە زستان دا پێویستیان بە محەویلەی زۆر هەیە. کڕینی محەویلە بەشێکی بچووکی کاری سیانە و پەرەپێدانی ژێرخانی کارەبایە. ئێستا چەندین پرۆژەمان هەیە بۆ کڕینی کەلوپەلی دابەشکردن و سەلامەی سەناعی، لەوانەش کڕینی محەویلات، کە لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکرێ. یەکێك لەو پرۆژانەی لە قەرزی حکومەتی یابان بۆ هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکرێ کڕینی محەویلاتە. نزیکەی ١٤٠٠ محەویلە بۆ هەر سێ پارێزگاکانی هەرێم دابین دەکرێت، ئێستا پرۆژەکە شیکردنەوەی بۆ دەکرێت و بەم نزیکانە ئیحالە دەکرێ. بەڵام دەبێ بزانین کێشەی محەویلات تەنها بەکڕینی محەویلات چارەسەر ناکرێت، بەڵکو بە کەمکردنەوەی باری سەر محەویلەکان چارەسەر دەکرێت، محەویلە بۆ دەسووتێت؟ چونکە بارێکی زیاد لەتوانای خۆی دەچێتە سەر و دەسوتێت، کێشەی ئێمە ئەوەیە لەبەرئەوەی داخوازییەکی زۆر لەسەر کارەبا هەیە و نرخی کارەبا کەمە، بەداخەوە بڕێکی زۆری کارەبا لەلایەن هاووڵاتیانەوە بەکاردەهێنرێت و هەندێکیشی بە فیڕۆ دەڕوات، توانای تۆڕەکانی گواستنەوەو دابەشکردنی ئێمەش تا ئێستا سنووردار بووە، ژمارەی وێستگەی ناوەندییەکان کەم بووەو هێڵەکانی ٣٣ و ١١ کەیڤی کە زیاتر پەیوەندییان بەدابەشکردنی کارەبا هەبووە، توانایان سنووردار بووە و، وەکو پێویست نەمانتوانیوە ژمارەی محەویلەکان زیاد بکەین، ئەو پرۆژانەی کە ئێستا لەژێر جێبەجێکردن دان و پێی دەگوترێت قۆناخی سێیەمی وێستگە ناوەندییەکان لە هەرسێ پارێزگادا، کە لەمانگەکانی ٦و٧ و ٨ ی ئەمساڵ دا، تەواو دەبێت، بەشێکی زۆر لە کێشەی بارزۆری سەر فیدەرەکان و محەویلەکان چارەسەر دەکات. لەهەمان کاتدا پرۆژەیەکی دیکەمان هەیە کە ئەویش لە قەرزی ژاپۆنی جێبەجێ دەکرێت بۆ کڕینی (١٣) وێستگەی ناوەندی مۆبایل، بۆ نموونە ئەگەر لە ناوچەیەکی تایبەتی کێشەی بارزۆری هەبێت ئەوا ناتوانین لەماوەیەکی کەم وێستگەیەکی ناوەندی دروست بکەین، چونکە دروستکردنی هەموو وێستگەیەکی ناوەندی ١٨-٢٤ مانگی پێویستە، بەڵام دەتوانرێ چارەسەری ئەو بارزۆرییە بکرێت بەدانانی وێستگەیەکی مۆبایل، بەڵام کاتێك کە وێستگەیەکی هەمیشەییت بۆ دانا ئەوا دەتوانرێ ئەو وێستگەیە بۆ شوێنێکی دیکە بگوازرێتەوە. جگە لەو ١٣ مۆبایەڵە، گرێبەستمان بۆ دابینکردنی ١٥ مۆبایەڵی تر لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێم مۆرکردووە و بە تەماین تا کۆتایی ئەمساڵ بگەنە کوردستان.جگە لە قۆناخی سێیەمی وێستگە ناوەندیەکان کە ژمارەیان ٢٧ وێستگەیە، قۆناخی چوارەمی دانانی وێستگەکان کەوتۆتە بواری جێبەجێکردن و قۆناخی پێنجەم لە پرۆسەی تەندەردایە. بە کورتی بەم سێ قۆناخە نزیکەی ٦٠ وێستگەی ناوەندی بۆ باشترکردنی تۆڕەکانی کارەباو کەمکردنەوەی بارزۆری سەر تۆڕەکان و سەر محەویلەکان دادەمەزرێ. ئەگەر ئەم پرۆژانە جێبەجێ بکرێن ئەوا کێشەی بارزۆری سەر تۆڕەکان و محەویلەکان لەسەدا سەد تا ساڵی ٢٠٢٠ یش چارەسەر دەکرێت.

*** لە نیسانی ٢٠٠٧ تۆ بانگهێشتی پەرلەمانی کوردستان کرایت و لەوێ بە هاووڵاتیانت ڕاگەیاند کە تا ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٨ کێشەی کارەبا چارەسەر دەکەن، بەڵام تائێستا پرسی کارەبا موعاناتی سەرەکی هاووڵاتیانە. ئایا تاکەی چاوەڕوان بین؟**

- بەڵێنەکانی ئێمە لەسەر بنەمای ئەو بەرنامەیە

**لەبەر ئەوەی ٣٥ کارتۆن لە کۆی ٥٠٠ کارتۆن کە هێنرابوون بۆ وێستگەی کارەبای چەمچەماڵ لەسەریان نوسرابوو (سلێمانی– کوردستان)، بەرپرسانی تورکیا لە میناى مێرسین نزیکەی ٤ مانگ هەموو کەلوپەلەکانیان گلدایەوە**

بووە کە کاتی خۆی دامان ناوە، هەندێك دواکەوتن ڕوویداوە و بەشێك لە پرۆژەکان لەکاتی دیاریکراوی خۆیان تەواو نەبوون. هێشتا بەشێکی کارنامەکەمان جێبەجێ نەکراوە. ئەگەر ئەو بەرنامە و پرۆژانەی وەزارەتی کارەبا تەواوبکرێن. بێگومان کێشەکانی کارەبا چارەسەر دەکرێن. بەڵام زۆرجار جێبەجێکردنی پرۆژەکان دوا دەکەوێ کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئێمەیە وەکو وەزارەتی کارەبا. تا ڕادەیەکی زۆریش هەندێ جار لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئەو کۆمپانیایەیە کە دەیەوێ پرۆژەکان جێبەجێ بکات. بۆ نموونە لەبەر ئەوەی ٣٥ کارتۆن لە کۆی ٥٠٠ کارتۆن کە هێنرابوون بۆ وێستگەی کارەبای چەمچەماڵ لەسەریان نوسرابوو (سلێمانی-کوردستان)، بەرپرسانی تورکیا لە مینای مێرسین نزیکەی ٤ مانگ هەموو کەلوپەلەکانیان گلدایەوە لەبەر ووشەی کوردستان، هەوڵێکی زۆردرا تا کەلوپەلەکان ئازادکران. ئەگەر ئەم کێشەیە نەبوایە وێستگەی کارەبای چەمچەماڵ بە تایبەتی هەردوو یەکەی یەکەم و دووەم ماوەیەك لەمەوبەر تەواو بووبوون.

*** تائێستا بری یەك ملیار و ١٠٠ ملیۆن دۆلار بۆ پرۆژەکانی ٥٠٠ میگاواتی غازی هەولێر و ٧٥٠ میگاواتی وێستگەی چەمچەماڵ و ٤٠٠ میگاواتی دهۆك و ٥١ میگاواتی تاسڵوجە جێبەجێ دەکرێن، ئایا سەقفێکی زەمەنی هەیە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی کارەبا لەکوردستان؟**

- وا دیارە وەك پێویست زانیاریتان نیە. پرۆژەکانی ٥٠٠ میگاواتی و ٧٥٠ میگاواتی و ٤٠٠ میگاواتی لە لایەن کەرتی تایبەتەوە ئەنجام دەدرێن. وێستگەی کارەبای تاسلۆجە لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێم ئەنجام دەدرێ. چارەسەرکردنی کێشەیەکی واگەورە پێویستی بە توانای دارایی و تەکنیکی هەیە. بە پێی هەندێك سەرچاوە لە دوای ئازادکردنی عێراقەوە تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٨ نزیکەی ١٠ ملیار دۆلار لە کارەبای ١٥ پارێزگاکانی عێراق دا خەرجکراوە بە بێ ئەوەی یەك میگاوات کارەبای نوێ بەرهەمبهێنرێ. ئەو بودجەیەی حکومەت دیاری کردوە بۆ کارەبا وەك لەسەرەتاوە باسمانکرد کەمتر بوە لە پێویستیەکان، بەڵام کاری گەورەی پێ ئەنجام دراوە بە تایبەتی لە بواری گواستنەوەو دابەشکردن دا و ژێرخانێکی پتەوەی پێ دامەزراوە. دواکەوتنی پرۆژەکان یان دواکەوتنی چارەسەرکردنی کێشەکە بە تەنها پێوەندی بە وەزارەتی کارەبا نییە بەڵکو پێوەندی بەو کۆمپانیایانەش هەیە کە پرۆژەکان جێبەجێ دەکەن. ڕەنگە بە دەیان کۆسپ و کێشەی وا هاتبێتە بەردەم جێبەجێکردنی پرۆژەکان و بووبێتە هۆی دواکەوتنی. بەڵام وەکو گوتم زۆرجار لە بارودۆخی عێراق و کوردستاندا شتەکان لەدەسەڵاتی ئێمە نین و دواکەوتن ڕوودەدات. بۆ نموونە بڕیاربوو وێستگەی یەکەمی چەمچەماڵ لە ڕێکەوتی ٢٠٠٩/٣/١ بکەوتایە کار، کەچی تائێستاش نەکەوتۆتە کار. لەبەر کۆمەڵێك کێشە و کۆسپ و تەگەرە کە کەوتۆتە بەردەم ڕێگای هێنانی کادر، لەبەرئەوە هێنانی کادری هونەری پسپۆر بۆ کارکردن لەو وێستگانە کارێکی ئاسان نییە بۆ عێراق. ڕاستە هەرێمی کوردستان لەڕووی ئاسایشییەوە گونجاوترە لەچاو ناوچەکانی دیکەی عێراق. بەڵام کاتێك کە لەدەرەوە تەماشای هەرێمی کوردستان دەکرێ ئەوا لەچوارچێوەی عێراق سەیر دەکرێ. لەبەرئەوە هێنانی کادری شارەزا بۆ کارکردن لە وێستگەکان یەکێکە لە کۆسپەکان. هەندێ جار بەتایبەتی لەکاتی مەحەتەی هەولێر چەند تەقینەوەیەك لەهەولێر و مەخمور ڕوویدا ئەمەش بۆماوەیەکی زۆر دانانی ئەو وێستگەیەی دواخست. لەبەرئەوەی ئێمە لە بارودۆخێکی تا ڕادەیەك ئێستسنائی کار دەکەین و هێنانی کادر و کەلوپەل و ماتریاڵ بۆ عێراق و پەیداکردنی کۆمپانیای شارەزا چەند کێشەیەکی گەورەن ڕووبەڕووی ئێمە دەبێتەوە. کێشەی دیکە کە پێوەندی بە بەرهەمهێنانی کارەباوە هەبێت دابینکردنی سووتەمەنییە. ئێستا لە وێستگەی کارەبای هەولێر ٤ یەکە هەیە کە سێ یەکەی بە غاز کار دەکات و یەکەیەك بە گازۆیل، تەنیا ئەو یەکەیە لە شەوو ڕۆژێك دا نزیکەی نۆسەد هەزار لیتر گازۆیلی دەوێ. ئێمە گازوایل لە ئۆزباکستان و ئازەربایجانەوە دەهێنین بۆئەوەی کار بەو یەکەیە بکات، چونکە تائێستا ئێمە لە کوردستان پاڵاوگەیەکمان نییە بتوانێ گازوایل بەرهەمبهێنێ. تەنیا پاڵاوگەیەك لە نزیکی ئێمە هەبێ بیجییە کە گازۆیل ناداتە وەزارەتی کارەبا. بەراستی کێشەکان ئاڵۆزن. بەڵام ماوەی سێ ساڵ ماوەیەکی زۆر کەمە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کارەبا. بەتایبەتی ئەگەر ئێمە ئاوڕ بدەینەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٦ ژێرخانی کارەبا لەوپەڕی لاوازی دابوو و وێستگەی بەرهەمهێنانمان نەبوو. لەبواری گواستنەوەی کارەبا وێستگەی ناوەندیمان زۆر کەم بوو. لەبواری دابەشکردن، تۆڕەکانی دابەشکردنی ئێمە زۆر کەم و کۆن و شڕزە بوون و پێوەرەکانی کارەبا کەم بوون و لەبواری نرخ نرخێکی زۆر کەم لەسەر کارەبا هەبوو. لەماوەی سێ ساڵە هەنگاوی زۆر گەورە نراوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە. لە زستان دا گرانی نرخی نەوت و غاز فشاری زیاتر دەخاتە سەر کارەبا و هاوڵاتیان لە بری سۆپای نەوت هیتەری کارەبا بەکاردەهێنن. بەرهەمی بەشێك لە هەوڵەکانی ئێمە ئێستا دەرکەوتووە. بەشێك لەو پرۆژانەی کە وەزارەتی کارەبا دەستی پێکردووە ئێستا کەوتۆتە قۆناخی بەرهەمهێنان. ئێمە **لە ٤ وێستگەی تەولیدی کارەبا کە بناغەمان بۆ دانابوو تەنها یەك وێستگەی کار دەکات ئەویش وێستگەی هەولێرە. ئەگەر وێستگەکانی دیکە دەست بە بەرهەمهێنانی کارەبا بکەن ئەوا کێشەی کارەبا زۆر کەم دەبێتەوە.**

*** ئایا دەتوانن سەقفێکی زەمەنی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کارەبا دابنێن؟**

سەقفی زەمەنی پێوەندی بە کۆمەڵێك هۆکارەوە هەیە. تەنها بە هۆکارێکەوە گرێ نەدراوە. دانانی وێستگەی بەرهەمهێنان یەکێکە لە هۆکارەکان. تۆ ئەگەر ١٠ وێستگەش دابنێیت، کێشەی سووتەمەنی چارەسەر نەکەیت ئەوا مانای ئەوەیە ئەو وێستگانە زۆر زەحمەتە کارەبا بەرهەم بهێنێت. بۆ نموونە، ئەگەر وێستگەی چەمچەماڵ تەواو ببێت، کە بەنیازین لە ئایندەیەکی نزیکدا یەکەکانی ١ و ٢ و دواتریش ٣ و ٤ ی تەواو بکەین. ئەگەر پرۆژەی گازی کۆرمۆر، کە لەلایەن دانا غازەوە جێبەجێ دەکرێت تەواو نەبێت ئەوا زۆر ئەستەمە بتوانێ گازۆیل بۆ ئەو چوار یەکەیە دابین بکرێ چونکە ئەو چوار یەکەیە ڕۆژانە نزیکەی سێ ملیۆن و شەش سەد هەزار لیتر گازۆیلی دەوێ، بە نەبوونی پاڵاوگە ئەو گازۆیلە دەبێ لە دەرەوەی عێراق و بە نرخی بۆرسە کە زۆر گرانە بکڕێ. هێنانی ئەو برە گازۆیلە مانای ئەوەیە دەبێ ڕۆژانە زیاتر لە ١٠٠ تانکەر گازۆیل بگاتە وێستگەکە. تەنانەت ئەگەر وێستگەکانی بەرهەمهێنانیش تەواو بکرێت و گازی سروشتیش دابین بکرێت بەڵام ئەگەر وێستگە ناوەندییەکان کە کارەباکە دەگوازنەوە و دابەشی دەکەن ئامادە نەبن، ناتوانین وەکو پێویست سوود لەو وێستگانە وەربگرین. ئەگەر بە هەزاران میگاواتیش کارەبا تەولید بکرێت، بەڵام ئەگەر سیستمێکی گونجاوی نرخ نەبێت وا لەهاووڵاتیان بکات کە دەست بە بەکارهێنانی کارەباوە بگرن واتە زیدەڕۆیی نەکەن لەبەکارهێنانی کارەبا، ئەوا کارەبا بەش ناکات.

*** دەمانەوێ باسی گرفتی مۆلیدەکانیش بکەین. ئێستا تەنها لەناو شاری هەولێر ٧٠٠ مۆلیدەی ئەهلی هەیە بۆ کرێ و لە دەوروبەری هەولێریش نزیکەی ٥٥٠ مۆلیدەی ئەهلی هەیە، کە بە کرێ کارەبا بۆ سەر ماڵان دابەش دەکەن. کەچی دەبینین حکومەت چاودێرییەکی**

**بە هەزاران میگاواتیش کارەبا تەولید بکرێت، بەڵام ئەگەر سیستمێکی گونجاوی نرخ نەبێت وا لەهاووڵاتیان بکات کە دەست بە بەکارهێنانی کارەباوە بگرن واتە زیدەڕۆیی نەکەن لەبەکارهێنانی کارەبا، ئەوا کارەبا بەش ناکات**

**توندی بەسەر ئەو مۆلیدانەوە دانەناوە؟**

- سەرپەرشتی موەلیدەکان لە پارێزگای هەولێر و دهۆك زیاتر پێوەندی بە پارێزگاکانەوە هەیە. ئێمە وەکو وەزارەتی کارەبا ئەوپەڕی هەوڵمانداوە کە هەماهەنگی و هاوکاریی هەردوو پارێزگا بکەین بۆئەوەی بتوانین میکانیزمێکی گونجاو و کارا بۆ سەرپەرشتیکردنی موەلیدە ئەهلیەکان دابنێن. بە گشتی خاوەن موەلیدەکان خزمەتی باش پێشکەش دەکەن بەڵام هەندێکیان کەمتەرخەمن وەکو پێویست ئەرکەکانیان جێبەجێ ناکەن. هەرچۆنێك بێت پێوەندییەکانی ئێمە لەگەڵ پارێزگاکان بەردەوامە بۆئەوەی کە بتوانن سیستمێکی چاودێری ڕێکوپێك بۆ ئیش پێکردنی موەلیدە ئەهلییەکان دابنێن و هاووڵاتیان زەرەرمەند نەبن لەو بوارەدا.

*** وردە وردە لە وەرزی هاوین نزیکدەبینەوە، بێگومان لەو وەرزەشدا ژمارەیەکی زۆر لەهاووڵاتیان ئامێرەکانی فێنکەرەوەی وەك سپلیت و موبەریدە و...تد بەکاردەهێنن، کە وزەیەکی زۆری کارەبا سەرف دەکەن. بۆچی تائێستا هەوڵنەدراوە لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی سنوورێك بۆ نەهاتنە ناوەوەی ئەو ئامێرە کارەباییانە دابنرێت کە وزەیەکی زۆر سەرفدەکەن. واتە کۆنترۆڵی جۆر و پێوانەسازی پێڕەو بکرێت؟**

- ئێمە لەو ڕووەوە هەماهەنگیمان لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی کردووە. دانانی سیستمێکی چاودێری بۆ هێنانی ئەو کەلوپەلە کارەباییانەی کە وزەیەکی زۆر سەرفدەکەن، کارێکی زەحمەتە. چونکە هەتا ئەگەر ئێمە بتوانین لەخاڵە سنوورییەکان کە پێوەندییان بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە، هەندێ ئیجرائاتی ئیداری بکەین ئەی چۆن دەتوانین کۆنترۆڵی سنوورەکانی پارێزگاکانی دیکەی عێراق بکەین.

*** بەردەوام کێشە و ئاڵۆزی لەنێوان وەزارەتی کارەبای هەرێم و بەغدا هەیە، بەتایبەتی لەسەر کەمبوونەوەی پێدانی بەشە کارەبای هەردوو پارێزگاکەی کوردستان کە لەساڵی ٢٠٠٧ دا دەبووایە بە تێکڕای بڕی ٣٤٧ میگاوات لە تۆڕی کارەبای نیشتمانییەوە بدرابووایە هەولێر و سلێمانی، بەڵام تەنیا ١٩٣ میگاوات دراوەتە ئەم دوو پارێزگایە و ئێستاکە تەواوی بڕەکەی دابەزیوە. ئێوە چیتان کردووە بۆ کەم کردنەوە و نەهێشتنی ئەو گرژی و ناکۆکییانە؟**

- هەوڵی ئێمە بەردەوامە لەگەڵ وەزارەتی کارەبای عێراقی فیدراڵ بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی لەنێوان هەردوو وەزارەت هەیە. کێشەی ئێمە تەنها لەسەر پێدانی کارەبای هەولێر و سلێمانی نییە، بەڵکو کۆمەڵێك کێشەی دیکەش هەیە، بۆ نموونە لە بودجەی ساڵی ٢٠٠٨ دا ٣٥ ملیار دینار تەرخانکراوە بۆ کڕینی سووتەمەنی بۆ وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا لە کوردستان. سەرەڕای ئەوەی چەندین جار نووسراومان بۆ وەزارەتی کارەبای عێراق و وەزارەتی دارایی عێراق ناردووە و بەڕێز جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراق هەوڵی جدی داوە. بەڵام تائێستا وەزارەتی دارایی عێراق ئەو ٣٥ ملیار دینارەی هەرێمی کوردستانی نەداوەتەوە بۆ کڕینی سووتەمەنی. سەبارەت بە مەسەلەی کەمی ئەو برە کارەبایەی کە بە هەولێر و سلێمانی دەدرێت، کێشەیەکی دیکەیە لە کێشەکان و پێشتر ئاماژەمان پێدا. سەرەڕای هەوڵەکانمان تائێستا نەمانتوانیوە کە قەناعەت بە وەزارەتی کارەبای عێراق بکەین کە پابەند بن بەو ڕێککەوتننامەیەی لەنێوان ئێمە و ئەواندا هەیە. بۆیە سیاسەت و ستراتیژی وەزارەتی کارەبای حکوومەتی هەرێم ئەوەیە کە بەتەواوەتی پشت بە سەرچاوەی کارەبای هەرێمی کوردستان ببەستین و ژمارەیەکی پێویستی وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبایی دابنێین و تۆڕێکی سەرتاسەری و پتەوی گواستنەوە و دابەشکردنی کارەبا لەهەرێمی کوردستان دابنێین. بەتەواوەتی پشت بە بەرهەمهێنانی سەرچاوەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا ببەستین لەهەرێمی کوردستان نەك بە تۆڕی کارەبای عێراق و تورکیا و ئێران.

*** دوا پرسیارمان ئەوەیە، دەگوترێ وەزارەتی کارەبا ژمارەیەکی زۆر کارمەندی زیادە (فائیز)ی هەیە. ئێوە چیتان کردووە بۆ چارەسەرکردنی ئەو فەرمانبەرانەی مووچەخۆری بێ بەرهەمن، کە بە زمانی جادە پێیان دەڵێن «بن دیوار»؟**

- وەزارەتی کارەبا نزیکەی ١٢ هەزار فەرمانبەری هەیە. ڕەنگە بەشێك لەو فەرمانبەرانە زیادە بن. پێشتر دیراسەیەك لەمبارەیەوە کراوە. ئەو فەرمانبەرانەی کە وەزارەتی کارەبا پێویستی پێیان نییە جیاکرانەوە. بێگومان ئەمە لایەنێکی مەسەلەکەیەو زۆری موچەخۆر و فەرمانبەر کێشەیەکی گەورەی حکومەتە و تایبەت نیە بە وەزارەتێك. بەڵام وەکو ئەو کارمەندانەی دەوام ناکەن کە بە زاراوە گشتییەکەی پێی دەڵێن بن دیوار، ئەوەندەی من ئاگاداربم کارمەندی بن دیوارما نییە. لە کەسیش قەبووڵ ناکەین کە دەوام نەکات لەوەزارەتی کارەبا.

*** لەکۆتایی ئەو گفتوگۆیە قسەیەکتان ماوە بۆ هاوڵاتیان؟**

-قسەمان زۆرە بەڵام باسی هەرە گرنگەکان دەکەم، وەك باسمان کرد کاری جدی کراوە بۆ چارەسەرکردنی گرفتی کارەبا و ئێستا هاوڵاتیان هەست بە گۆڕانی بارودۆخەکە دەکەن، لە ئاییندەدا ڕەوشەکە باشتریش دەبێ. وەك چۆن بینینی کەموکوڕیەکان گرنگە لە هەمان کات دا ئاماژە دان بە کارە باش و پیشکەوتنەکانیش گرنگە.

زۆر گرنگە هەموو هاووڵاتیان بزانن کە بۆ بەرهەمهێنان و گواستنەوە و دابەشکردنی یەك یەکەی کارەبا کە بریتییە لە کیلۆوات سەعاتێك حکوومەتی هەرێمی کوردستان نزیکەی ١٣٠ دینار سەرف دەکات. ئێمە زۆر کەمتر لەو نرخە لە هاووڵاتیان وەردەگرین. بۆ نموونە ئەگەر هاووڵاتییەك٤٥٠ کیلۆوات سەعات لەمانگێکدا سەرف بکات ئەوا ئێمە بۆ هەر یەك کیلۆوات سەعات تەنیا ١٥ دینار وەردەگرین کە دەکاتە نزیکەی ١٢٪ ی تیچووی ڕاستەقینەی. واتە ئەوەی دەمێنێتەوە کە نزیکەی ١١٥ دینارە حکومەت دەیدات کە هاوکاری و پشتگیری حکوومەتی هەرێمە بۆ هاووڵاتیان. ئایا تا کەی دەکرێ بەم شێوەیە بەردەوام بین. کەمی نرخ واتە بە فیڕۆدانی کارەبایەکی زۆر و بارزۆری سەر هێڵ و وێستگە ناوەندیەکان و محەویلەکان و کوژانەوەی کارەبا. بۆیە دەڵێم زیادکردنی نرخی کارەبا لە بەرژەوەندی ئەو هاوڵاتیانەدایە کە کارەبا کەم بەکاردەهێنن یان هاوڵاتیانی کەمدەرامەت. بێگومان سیستەمی نرخ بە شێوەی هەڵکشاوە و تا زیاتر کارەبا بەکاربهێنرێ نرخەکەی زیاترە. خاڵێکی تر کە حەزدەکەم باسی بکەم بریتیە لە دانانی پێوەر و هاوڵاتی بەرپرسە لە دانانی پێوەر. بۆیە بڕیارمان داوە ئەو هاوبەشەی پێوەری نەبێ پێویستە مانگانە ٤٠ هەزار دینار بدات، ڕەنگە گەر پێوەر دابنێ کەمتر لەو پارەیە بدات. مەبەستیشمان ئەوەیە کە هاوڵاتیان ناچار بکەین پیوەر دابنێن.

دوا قسەم ئەوەیە کە ئەم هەموو کارو پرۆژانە لە ماوەی نزیکەی دوو ساڵ دا ئەنجامدراون و ساڵی ٢٠٠٦ زیاتر خەریکی یەکخستنەوەی فەرمانگەکانی دوو ئیدارەی پێشوو بووین. ئەم کارانەش بە زەحمەت و لێبڕان و هیلاکی ئەندازیاران و تەکنیکاران و ستافی وەزارەت کراوە کە بەڕێوەبەری گشتی و راوێژکارەکان ڕۆڵی گرنگیان بینیوە و سەرۆکایەتی ئەنجومەن بە تایبەتی هەردوو بەڕێزان سەرۆك و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران پشتگیری تەواویان کردووین. دەبێ شەهیدانی ڕووناکیمان لە بیر نەچێ کە بە سووتانی جەستەی خۆیان کوردستانیان ڕووناك کردۆتەوە، سڵاو لە گیانیان و ڕێزو حورمەت بۆ کەسوکارەکانیان.

**بۆ بەرهەمهێنان و گواستنەوە و دابەشکردنی یەک یەکەی کارەبا کە بریتییە لە کیلۆوات سەعاتێک حکوومەتی هەرێمی کوردستان نزیکەی ١٣٠ دینار سەرف دەکات. ئێمە زۆر کەمتر لەو نرخە لە هاووڵاتیان وەردەگرین**